# هینریك ئیبسن

## ڕوسمارشهۆڵم

شانۆنامەیەك لە چوار دیمەندا

١٨٨٦

وەرگێڕانی:

هاودەم ساڵح جاف

لەم سەرچاوەیەوە کراوە بەکوردی:

**ROSMERSHOLM**

**SKUESPIL I FIRE AKTER**

**AF HENRIK IBSEN**

**KØBENHAVN**

**GYLDENDALSKE BOGHANDELS FORLAG (f. Hegel & SØN)**

**FR. BAGGES BOGTRYKERI**

**1886**

**This translation has been published with financial support of**

**NORLA**

**پێشەکی**

**هاودەم سالح جاف**

**ڕوسمارشهۆلم**

ئیبسن لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا چەند درامایەکی گرنگ دەنووسێت. دراماکان لە گەڵ ئەو درامایانەی پێشتر نووسیوونی جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە. یەکێك لەو درامایەنە درامای ڕوسمارشهۆڵمە. ڕوسامارشهۆلم، مەزرا و خانوو بەرەیەکی گەورەی کۆنە لەکەنار کەنداوی ڕۆژئاوەی نەرویج و دەگەڕێتەوە بۆ خێزانی ڕوسمارەکان. وەك دەردەکەوێت ڕوسمارەکان بەدرێژایی مێژووی خۆیان بنەماڵەیەکی خانەدانی ناودار و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی گرنگبوون. پیاوەکانی ئەم بنەماڵەیە تێکڕا یان قەشە بوون یان جەنەراڵ و، یان کارگێری پلەداری دەوڵەت.

ئەم درامایە ساڵی ١٨٨٦ دوای گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ساڵی١٨٨٤ نووسراوە. دوو ساڵ دوای دامەزراندنی پەرلەمان و جێگیرکردنی دیموکراتی لە یەکێتی نەرویج - سویدا. واتە دوای چەسپکردنی سیستەمی دیموکراتی و دوورخستنەوەی سیستەمی فەرمانڕەوایانی سەرتەڵ. ئەم گۆڕانکارییە سیاسیەش پاشان دەبێتە هۆی جیابوونەوەی نەرویج لە سوید و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەرویج لە ١٩٠٥ دا.

لە دراماکەدا زۆر بە ڕاشکاوانە ئەو ململانێ سیاسییەیی نیوان هێزە رادیکاڵەکان و هێزە پارێزەر و کۆنەوار خوازەکان خراوەتە ڕوو. کرۆڵ، پیاوێکی کۆنەوارخوازە و بەڕێوەبەری قوتابخانەیە. هاوکات ژنبرا و هاوڕێی یۆهانس ڕوسماری قەشەی شارۆچکەکەشە. بەردەوام گلەیی لە کارێگەری ڕادیکاڵەکان لە سەر قوتابییەکانی قوتابخانەکەی هەیە. ئەم ڕادیکاڵانە تەنانەت ئارامی ماڵەکەی کرۆلیشیان تێکداوە چوونکە کچ و کوڕەکەی بە دزییەوە ڕۆژنامەی ڕادیکاڵەکان دەخوێننەوە و ژنەکەشی لەو بابەتەدا پشتیوانی منداڵەکانی دەکات.

یۆهانس ڕوسمار، میراتگری ڕوسمارەکانە و قەشەیە. بەڵام گومان دەماغ و دڵی دەپێچێ و باوەڕی بەخودا و ئاین بنکۆڵ دەکات. بۆیە ناخوازێت وەك قەشەیەک لەسەر کار بەردەوام بێت. بیاتە هاوسەری یۆهانس روسمار، پیش دەست پێکردنی دراماکە خودکوژی کردووە. وەلێ بەردەوام لە ڕووداوەکانی دراماکەدا ئامادەیە. بیاتە، وەک باس دەکرێت دووچاری نەخۆشی دەروونی بووە و 'عەقڵی تێکچووە'. گرنگە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە بیاتە پێش خودکوژی کەوتووەتە ژێر گوشاری هەست بە لۆمەی ویژدانکردنەوە بەرامبەر ڕوسمار، چوونکە نەزۆک بووە. دواجار لە ڕێگەی ڕاسپاردە و نامەکانی بیاتەوە، گەلێك لە گرێ کوێرەکانی نێو دراماکە دەکرێنەوە.

ڕیبەکە وێست کاراکتەرێکی دیکەی دراماکەیە، خانمێکی گەنجی ڕادیکاڵ و بیر 'ئازادە'. ئەم خانمە دوای مردنی دایکی، لە لایان دکتۆر "ڤانگل وێست"ەوە، کە دکتۆری دایکی بووە، سەرپەرشتی دەکرێ و، ڕیبەکەش هەر بە ڕیبەکە وێست بانگ دەکریت واتە بە ناوی دکتۆر ڤانگل وێستەوە. پاشان دەردەکەوێ کە ڕیبکە هەربەڕاستی کچی دکتۆر بووە. دوای زانینی ئەو زانیارییە ڕیبەکە دووجاری ئاڵۆزی دەروونی دەبێ، هەندێک ئەو حاڵ خراپ بوونەی ڕیبەکە بۆ هەبوونی پەیوەندی سێکسی ناڕەوا لەگەڵ دکتۆر ڤانگلدا [کە باوکی بووە] دەگەڕێننەوە.

لیرەدا پیویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە سیگموند فرۆیدی دەروناناس و دەرونشیکاریش، شیکارییەکی بۆ کاراکتەری ڕیبەکە کردووە. بە پێی دەرئەمجامی ئەو سایکۆلۆژیا شیکارییەیی فرۆید، ڕیبەکە لە دۆخی عەقڵی نائاگایدا دووجاری گرێی ئەلێکترا بووە، واتە خواستی جێی دایک گرتنەوە یان چوونە جێی دایک. وەلێ زۆر لە توێژەرەوان و ئیبسن ناسان ئەو شیکارییە بە هەڵەیەکی گەورە دەزانن و ڕەتیدەکەنەوە. ئەوان شیکارییەکەی فرۆید لەسەر ئەو بنەمایە ڕەتدەکەنەوە، کە ڕیبەکە پێشتر نەیزانیوە دکتۆر وێست باوکی هەقیقی خۆیەتی. بەڵێ دکتۆر وێست خۆی ئەوەی زانیوە، ئینجا لیرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا دکتۆر وێست ئەو ڕاستییەیی لای ڕیبەکە درکاندووە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پیویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی لە دەقی دراماکەی ئیبسن دا نووسراوە. واتە ئەو پێدراوەی بە نووسین لە دەقەکەدا بەردەستە. لە دەقەکەدا هیچ

ئاماژەیەک 'بەنووسین' بەوە نەدراوە، کە دکتۆر ئەم راستییەیی بە ڕیبەکە گوتبێ!. ئەم درامایە فرە لایانە و بۆیە خوێندنەوە و ڕاڤەی زۆر و فرە ڕەهەند هەڵدەگرێ.

دوای مردنی دکتۆر وێست، ڕیبەکە خۆی لە بنەماڵەی ڕوسمار نزیک دەکاتەوە و دەبێتە هاوڕێی خۆشەویستی بیاتەی هاوسەری ڕوسمار و بۆ هاریکاری و هاودەنگی بیاتەش، ڕیبەکە دەگوێزێتەوە بۆ مەزراکەی ڕوسمارشهۆڵم. دوای گومان لە بوونی خودا دروست بوون لەلای ڕوسمار وەرگەڕانی لە دین، لەگەڵ ڕیبەکەدا، کە هەڵگری بیری ئازادە، دەبنە هاوڕێ و پەیوەندییەکی سۆزدارانەی ئاڵۆزیش لە نێوانیاندا دروست دەبێ. هەتا دوای مردنی بیاتەش ڕیبەکە هەر لە ڕوسمارشهۆڵم دەمێنێتەوە. پاشان دەردەکەوێ کە لە پشت خۆ نزیکردنەوەی ڕیبەکە لە بنەماڵەی ڕوسمار، پلانێکی داڕێژراوی پتەو هەبووە.

ئەم درامایە بە ڕەشبینترین و جوانترین و ئاڵۆزترین و ووردترین و فرەلایانترین درامای ئیبسن وەسفدەکرێ. زۆر لە رخنەگران لە پاڵ دراما تراژیکۆمیدیەکەی مراویە کوییەکەدا بە شاکارێکی دیکەی ئیبسنی هەژماردەکەن. دراماکە لە سەر چەند ئاستێکی جیا جیا کاردەکا و لە ململانێکانی نێوان کۆن و تازە، ئازادی و کۆیلەتی دەکۆڵێتەوە. درامایەکی سایکۆلۆژیانەیە و  وورد و قووڵ شۆڕدەبیتەوە بۆ ناخی قارەمانەکانی و هۆکاری بەرەوڕوو بوونەوەی چارەنووسی قارەمانەکانی بەرەو کۆتاییەکی ناخۆش و تراژیدیانە ڕوون دەکاتەوە.

کەسەکان:

**یۆهانس ڕوسمار،** خاوەنی مەزرای ڕوسمارشهۆڵم، پێشتر قەشە بووە

**ڕیبەکە وێست،** لە ماڵەکەدا لەلای **ڕوسمار**

بەڕیوەبەری قوتابخانە **کرۆڵ،** ژنبرای **ڕوسمار**

**ئولریك برێندڵ**

**پێدەر مۆرتەنسگۆرد**

مەدام **هێلسێت** کەیبانوو لە روسمارشهۆڵم

ڕووداوەکە لە ڕوسمارشهۆڵم ڕوودەدات، کە خانوویەکی گەورەی کۆنی ئەرستۆکراتیە لە دەورووبەری شارێکی بچکۆلەی کەنارکەنداو لە ڕۆژئاوای نەرویج.

## دیمەنی یەکەم

هۆڵی دانیشتنی ڕۆژانە لە [مەزرای] ڕوسمارشهۆڵم؛ گەورە و کۆن و خۆش. لە پێشەوەی دیواری ڕاستدا ئاگردانێکی لە خشت دروستکراو کە بە لقوپۆپی درەختی بی و گوڵی کێوی [لەسەر نەخشێندراو] ڕازیندراوەتەوە. زیاتر بەرەو دواوە دەرگایەك. لە دیوارەکەی پشتەوەدا دەرگایەکی دوو تاکی کە دەکەوێتە سەر ڕاڕەوی لێ هاتنە ژوورەوە. لە دیواری چەپدا

پەنجەرەیەك هەیە و لەبەردەم پەنجەرەکەدا ئینجانەیەکی گوڵ و ڕووەك تێدا ڕوویندراو. بە دیوارەکاندا وێنەی پۆرترێتی کۆن و نوێی گەلێ قەشە و ئەفسەر و فەرمانبەری پلە باڵا لە بەرگی فەرمیدا هەڵواسراوە. پەنجەرەکە کراوەتەوە. دەرگا دوو تاکییەکەی سەر ڕاڕەوی هاتنە ژوورەوە و دەرگای دەرەوەی ماڵەکەش هەروەها. لە دەرەوە گەلێ درەختی گەورە و کۆن بەدرێژایی ئەمبەر و ئەو بەری ڕێگای هاتنە نێو مەزراکەوە دەبینرێت. ئێوارەیەکی هاوینە. خۆر ئاوا بووە

**ڕیبەکە وێست** لە سەرکورسییەکی قۆڵدار بە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتووە و خەریکی چنینی شاڵێکی خوری گەورە و سپیە، کە هێندەی نەماوە تەواو بێت. جاروبار لە نێوانی گوڵەکانەوە تەماشای دەرەوە دەکات. پاش کەمێك مەدام **هێلسێت** لە لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە.

**مەدام هێلسێت**

ڕەنگە باشتر بێت، وورده وورده دەستبکەم بە ئامادەکردنی خوانی ئێوارە، خاتوون؟

**ڕیبەکە وێست**

بەڵێ، دەست پێبکەن. بەم زووانە دەبێت قەشە بێتەوە ئیتر.

**مەدام هێلسێت**

ئەی ئەوە خاتوون ئاوها لەوێدا دانیشتووە، هەوا زۆر نایگرێتەوە؟

**ڕیبەکە**

با، کەمێك. ئەگەر دەخوازن دەرگا و پەنجەرەکە داخەن.

**مەدام هێلسێت** دەچێت دەرگا دوو تاکییەکە دادەخات؛ پاشان بەرەو پەنجەرەکەش دەچێت.

**مەدام هێلسێت** دەخوازێ پەنجەرەکە داخات، تەماشای دەرەوە دەکات

بەڵام ئەرێ ئەوە قەشە نییە، بەوێدا ڕێدەکات؟

**ڕیبەکە**

بەکوێدا؟ (هەڵدەستێتە سەرپێ) با، ئەوە. (لەپشت پەردەکەوە) برۆ ئەولاوە. با چاوی پێمان نەکەوێت.

**مەدام هێلسێت** دێتە دواوە

نەخێر، خاتوون، - خۆ ئەوە ئەو دووبارە بە ڕێگای ئاشەکەدا ڕێدەکات.

**ڕیبەکە**

پێرێش ئەو هەربە ڕێگای ئاشەکەدا ڕۆیشت. ( لە درزی نێوان پەردەکە و شیپانەی پەنجەرەکەوە سەیر دەکات) بەڵام ئادەی ئێستا بابزانین –

**مەدام هێلسێت**

بڵێی زاتی ئەوەبکات بەسەر پردە دارینەکەدا بڕوات؟

**ڕیبەکە**

منیش هەر دەخوازم ئەوە ببینم. (دوای کەمێك) نەخێر. ئەوە لایدا. ئەمڕۆش بەرەو ژوور دەبێتەوە. ( لەپەنجەرەکە دووردەکەوێتەوە) لارێیەکی دوور و درێژ.

**مەدام هێلسێت**

خوایە گیان، بەڵێ. دەبێت ڕێکردن بۆ قەشە بەسەر ئەو پردەدا دژوار بێت. لەو شوێنەدا، کە شتێکی ئاوها ڕوویدا –

**ڕیبەکە** خوری و کەرەسەی چنینەکەی کۆ دەکاتەوە

لێرە لە روسمارشهۆڵم درەنگ دەست لە مردووەکانیان هەڵدەگرن.

**مەدام هێلسێت**

خاتوون، من لەوباوەڕەدام، ئەوە مردووەکانن، کە درەنگ دەست لە ڕوسمارشهۆڵم هەڵدەگرن .

**ڕیبەکە** تەماشای دەکات

مردووەکان؟

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ، بەڕاستی، وەك ئەوەی مردووەکان نەتوانن لەوانەی، دووبارە لێرە ماونەتەوە، تەواو دووركەونەوە.

**ڕیبەکە**

چۆنچۆنی ئەوەتان بە بیردا دێت؟

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ، من دەزانم، ئەگینا ئەم ئەسپە سپییە نەدەهات.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، بەڕاستی ئەوە، مەسەلەی ئەم ئەسپە سپییە چییە، **مەدام هێلسێت**؟

**مەدام هێلسێت**

ئۆۆ، شتێکی شایانی باس نییە. ئێوە باوەڕتان بەشتی ئەوهاش نییە.

**ڕیبەکە**

بۆ ئێوە باوەڕتان بەو شتانە هەیە؟

**مەدام هێلسێت** دەچێت پەنجەرەکە دادەخات

ئۆ، ناخوازم خۆم بکەمە گاڵتەجاڕی خاتوون. (تەماشای دەرەوە دەکات) نەخێر – بەڵام ئەریَ ئەوە دیسان قەشە نییە لەدوورەوە بە ڕێگەی ئاشەکەوە -؟

**ڕیبەکە** تەماشا دەکات

ئەو پیاوە؟ (دەچیتە لای پەنجەرەکەوە) ئەوە بەرێوەبەرە!

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ، ڕاستە بەرێوەبەرە.

**ڕیبەکە**

نەخێر، ئەمە شتێکی خۆشە! چوونکە ئەوا دەشی بینن، ئەو دەخوازێت بێت بۆ [سەردانمان] لامان.

**مەدام هێلسێت**

هەر بەڕاستی ئەوە خۆ ئەو ڕێك بەسەر پردەکادا دەڕوات، ئەو. ئەگەرچی خانم بە خوێن و گۆشت خوشکیشی بوو. – ئێ، کەواتە من دەچم بۆ ئامادەکردنی خوانی ئێوارە، خاتوون.

**مەدام هێلسێت** لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە.

**ڕیبەکە** ماوەیەك بە تەنیشت پەنجەرەکەوە دەوەستێت؛ ئینجا، سڵاو دەکات، زەردەخەنە دەیگرێت و سەر دەلەقێنێ. خەریکە تاریك دادێ.

**ڕیبەکە** بەرەو دەرگاکەی لای ڕاست دەچێت و قسە دەکات

ئۆ، **مەدام هێلسێتی** میهرەبان، مشوری دانانی شتێکی زیادەی خۆش لەسەر خوانەکە بخۆن. بێگومان ئێوە دەزانن بەڕێوەبەر حەزی لە چییە زیاتر.

**مەدام هێلسێت** لە دەرەوە

بەڵێ باشە خاتوون. دایدەنێم.

**ڕیبەکە** دەرگای سەر ڕاڕەوەکە دەکاتەوە

دواجار ئەوە ئێوەن! بەڕێوەبەری ئازیز، لە ناخی دڵەوە بەخێر بێن!

**بەڕێوەبەر کرۆڵ** لە ڕاڕەوەکەدا، گۆچانەکەی دادەنێت

سوپاس. خۆ هاتنەکەم ناوەخت نییە؟

**ڕیبەکە**

ئێوە؟ ئەوە دەڵێن چی، شەرمکەن لەو قسەیە -!

**کرۆڵ** دێتە ژوورەوە

هەمیشە بەخشندە. (بەدەوری خۆیدا دەڕوانێت) ڕەنگە **ڕوسمار** لە سەرەوە لە ژوورەکەی خۆی بێت؟

**ڕیبەکە**

نەخێر، چووە بۆ پیاسە. لە کاتی ئاسایی خۆی کەمێك زیاتری پێچووە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێستا دەگەڕێتەوە. (دەست بەرەوە قەنەفەکە درێژدەکات) فەرموون دانیشن تا دەگەڕێتەوە.

**کرۆڵ** شەپقەکەی دادەنێت

زۆر سوپاس. (دادەنیشێت و سەیری دەوروو بەری خۆیدەکات) نەخێر، براوانە ئەم هۆڵە کۆنەتان چەند بە گوڵی لاسک درێژ و لاسک کورت ڕازاوە و جوانکردووە.

**ڕیبەکە**

**ڕوسمار** زۆر حەزدەکات  گوڵی تازە و گەشاوەی لە دەور بێت.

**کرۆڵ**

لەوباوەڕەدام، ئێوەش حەزتان لێیەتی.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، من پێموایە، زۆر نایاب و ئارامی بەخشن. پێشان ئێمە ئەم خۆشیەمان وەلاوە نابوو.

**کرۆڵ** به خەمناکییەوه سەر دەلەقێنێ

**بیاتەی** داماو بەرگەی بۆنی نەدەگرت.

**ڕیبەکە**

بەرگەی ڕەنگەکانیشی نەدەگرت. تەواو پێیان دەپەشۆکا –

**کرۆڵ**

ئەوەم لە بیرە. (بە تۆنێکی کەمێك ئاسانترەوە) ئێ، ئەی ئێرە چۆن بەڕێوە دەچێت؟

**ڕیبەکە**

با، هەموو شتێك بە هێواشی خۆی بەرێکی دەڕوات. ڕۆژەکان لە یەکتری دەچن. – ئەی لای ئێوە؟ هاوسەرەکەتان -؟

**کرۆڵ**

ئۆ، خاتوونی ئازیز، با باسی من خۆم نەکەین. لە نێو خێزاندا هەمیشە شتێك هەر هەیە، کە ڕاستەوخۆ قوت دەبێتەوە. بەتایبەتی لەم کاتانەی، ئیستا ئێوە و ئێمەی تێدا دەژین.

**ڕیبەکە** پاش کەمێك، لەسەر کورسیەکی قۆڵدار لە تەنیشت قەنەفەکەوە دادەنیشێت

ئەی بۆچی بە درێژایی ماوەی پشووی قوتابخانە نەهاتنە سەردانمان؟

**کرۆڵ**

ئیتر، مرۆڤ نابێ ئاوها بە سەردانی بەردەوام خەڵك بێزار بکات –

**ڕیبەکە**

ئەگەر بتان زانیایە، ئێمە چەندمان بیر دەکردن –

**کرۆڵ**

. لەگەڵ ئەوەشدا من سەفەرمکردبوو –

**ڕیبەکە**

بەڵێ، ماوەی دوو هەفتەیەك. ئێوە لەو دەرورووبەرە لە کۆبوونەوەی گشتی بوون؟

**کرۆڵ** سەردەلەقێنێ

ئەی ئێوە لەوبارەیەوە ڕاتان چییە؟ بیرتان لەوە کردبووەوە، کە من لە ڕۆژانی پیریمدا دەستبکەم بە پڕوپاگەندی سیاسی؟ ها؟

**ڕیبەکە** زەردەخەنەیەك دەیگرێ

ئێستا ئیتر ئێوە هەمیشە هەر خەریکی کەمێك پرۆپاگەندە بوون، بەڕێوەبەر **کرۆل**.

**کرۆل**

ئا بەڵێ، بۆ خۆشی خۆم. بەڵام ئەمەیان لە ئایندەدا بەڕاستی دەبێتە شتێکی جیدی. – ئێوە قەت ئەو ڕۆژنامە ڕادیکاڵانە دەخوێننەوە؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ، بەڕیوەبەری قوتابخانەی ئازیز، نامەوێ ئەوە ڕتبکەمەوە، کە –

**کرۆل**

خاتوونی ئازیز، هیچ شتێك نییە لەو بارەیەوە بگوترێت. بە ئێوە نا.

**ڕیبەکە**

نەخێر، بەلای منیشەوە هەر وایە. خۆ دەبێ منیش بزانم دنیا چ باسە. هەواڵ بزانم –

**کرۆل**

ئێستا ئیتر، لە هەموو حاڵەتێکدا من لە ئێوەی ئافرەت، چاوەڕێی ئەوە ناکەم، کە لەم ململانێیەیی نێوان هاوڵاتیاندا – یان دەتوانم بڵێم ئەو شەڕە ناوخۆییەیی، کە لێرە هەڵگیرساوە، لایەنگیری خۆتان یەکلا بکەنەوە. – بەڵام خۆ خوێندوتانەتەوە، کە ئەو بەڕێزانەی [ ڕۆژنامەی] «خەڵك» چەند بە جنێو پێدانم دڵخۆشن؟ چەند بێ شەرمانە ڕێگەیان بە خۆیانداوە شێوازی خراپ و ئاست نزم بەکاربهێنن؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ، بەڵام من پێموایە، ئێوەش زۆر بە شێوەیەکی باش و نیشان پێکانە وەڵامتان دانەوە.

**کرۆل**

وایە. من خۆم زاتی ئەوە دەکەم بڵێم وایە. چوونکە من چێژم لە شتێك وەرگرتوو و ئێستا ئێدی بەسەختی ئارەزووی وەرگرتنی چێژی زیاترم. ئینجا ئەوانیش دواتر هەستی پێدەکەن، کە من ئەو پیاوە نیم، بە ویستی خۆم، لێگەڕێم نادادپەروەری زاڵ بێت - . (قسەکەی دەبڕێت) نەخێر، بەڵام گوێبگرە - لێگەڕێ با ئێمە ئەم شەو نەچینە نێو ئەم بابەتە خەمناك و سامناکەوە.

**ڕیبەکە**

نەخێر، با وا نەکەین، بەڕێوەبەری ئازیز.

**کرۆل**

باشترە پێم بڵێیت، بەڕاستی ئێوە ئێستا لێرە لە ڕوسمارشهۆڵم چۆنتان لێ دە گوزەرێت، دوای ئەوەی بە تەنیا ماونەتەوە؟ دوای **بیاتە** داماوەکە -؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ سوپاس؛ من لێرە هەست بە ئاسوودەیەکی زۆر دەکەم. بێگومان دوای **بیاتە**، بە گەلێ شێوە بۆشاییەکی گەورە دروست بووە. هەروەها تاسە و خەفەتیش - بە شێوەیەکی سروشتی. بەڵام ئەگینا ئیتر –

**کرۆل**

بیر لەوە دەکەنەوە کە لێرە بمێننەوە؟ مەبەستم، بە شێوەیەکی هەمیشەیی؟

**ڕیبەکە**

ئۆ، بەڕیوەبەری ئازیز، بەڕاستی من بیر لە مانەوە و لە نەمانەوە ناکەمەوە. من بەڕاستی ئێستا وا هۆگری ماڵەکە بووم، کە تاڕادەیەك پێموایە منیش یەکێکی سەر بە ئێرەم.

**کرۆل**

بەڵێ. منیش هەر مەبەستم ئەوەیە.

**ڕیبەکە**

هەتا جەنابی ڕوسمار پێیوابێت، من دەتوانم ببمە مایەی ئاسوودەیی و سوود پێگەیاندنی - بەڵێ ئەوا من بێگومان لێرە دەمێنمەوە، لەو باوەڕەدام.

**کرۆل** به سۆزەوە تەماشای دەکات

دەزانن چی - شتێکی گەورە لەمەدا هەیە، بۆ ئافرەتێك، کە بەو شیوەیە هەموو لاوێتی خۆی لە پێناو ئەوانی دیکەدا دەکاتە قوربانی.

**ڕیبەکە**

ئۆ، ئەی ئەگینا من چیم هەبوو بۆی بژیم؟

**کرۆل**

سەرەتا لێرە لەگەڵ بەخێوکەرە ئیفلیجە هیجگار دژوارەکەتاندا، کەوتنە ئەو ململانێ هەتاهەتاییەوە –

**ڕێبکە**

نابێت ئێوە لەو باوەڕەدا بن کە دکتۆر **وێست** لە باکوور، لە **فینیمارك** هێندە دژوار بوو بێت. ئەوە ئەو سەفەرە مەترسیدارەی دەریا بوو، کە ئەوی تێکشکاند. بەڵام ئەوکاتە گواستمانەوە بۆ خوارەوە بۆ ئێرە - بەڵێ، ئەوسا ئیتر لێرە دوو ساڵی سەخت و دژوارمان تێپەڕاند، هەتا گیانی دەرچوو.

**کرۆل**

ئەو ساڵانەی، دوای ئەوە، بۆ ئێوە دژوارتر نەبوو؟

**ڕیبەکە**

نەخێر، چۆن قسەی وا دەکەن! من، زۆر لە ناخەوە **بیاتە**م خۆشدەویست -. ئینجا زۆر بەشێوەیەکی خەمناك، ئەو، داماوە، پێویستی بە چاودێری و مامەڵەکردنی نەرم و نیان هەبوو.

**کرۆل**

ئێوە شایەنی سوپاسن، چوونکە ئێوە یادی ئەو بە سەبر وسنگفراوانییەوە دەکەنەوە.

**ڕیبەکە** کەمێك دەچێتە نزیکترەوە

بەڕێوەبەری ئازیز، تۆ زۆر جوان و لە دڵەوە ئەمە دەڵێیت، لەبەرئەوە من دڵنیام لەوەی، هیچ مەبەستێکی لە ژێرەوە تێدا نییە.

**کرۆڵ**

مەبستی ژێرەوە؟ مەبەستان چییە؟

**ڕیبەکە**

ئێ، بە هیچ شێوەیەك هێندە سەیر نەدەبوو، ئەگەر ئێوە، بە بینینی من، کەسێکی بێگانە، کە لێرە لە روسمارشهۆلم چاودێر و بەڕێوەبەرایەتی دەکات، هەندێك هەستتان بە ناڕەحەتی بکردایە.

**کرۆڵ**

نەخێر بەڵام چۆن بۆ خاتری خوا -!

**ڕیبەکە**

بەڵام ئێوە ئەو هەستەتان نییە. (دەستی تەوقەکردنی دەباتە پێشێ) سوپاس، بەڕیوەبەری ئازیز! سوپاس، سوپاس بۆ ئەو هەڵوێستەتان.

**کرۆڵ**

بەڵام چۆن ئێوە توانیوتانە بیر لە شتێکی ئاوها بکەنەوە؟

**ڕیبەکە**

من کەمێك ترس دایگرتم، کاتێك ئێوە زۆر بەدەگمەن دەهاتنە سەردانمان.

**کرۆڵ**

بەڕاستی ئێوە سەیر بە هەڵە بۆ شتەکە چوون، خاتوون. ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا، - لێرە هیچ لە خودی مەسەلەکە نەگۆڕاوە. خۆ ئەوە هەر ئێوە بوون، هەر ئێوە بە تەنیا - کە لە دواکاتە بەدبەختەکانی **بیاتەی** داماودا ڕابەرایەتی ئێرەتان دەکرد.

**ڕیبەکە**

ئەوە زیاتر وەك جۆرە چالاکییەك بوو بە ناوی خانمی ماڵەکەوە.

**کرۆڵ**

ئێدی هەرچۆنێك بێت -. دەزانن چی، خاتوون، - من بەڕاستی بەش بە حاڵی خۆم، هیچ لاریم لەوە نییە، ئەگەر ئێوە -. بەڵام ناکرێ شتی ئاوها بگوترێت.

**ڕیبەکە**

مەبەستان، چ شتێکە؟

**کرۆڵ**

ئەگەر شتێکی ئاوها دروست بێت، کە ئێوە ئەو شوێنە بەتاڵە بگرنەوە –

**ڕیبەکە**

من ئەو شوێنەی خۆم دەیخوازم هەمە، جەنابی بەڕیوەبەر.

**کرۆڵ**

بە ڕواڵەت، بەڵێ، بەڵام لە واقیع دا نا –

**ڕیبەکە** بە جیدییەوە قسەکەی پێدەبڕێت

شەرم لە خۆتان بکەن، بەرێوەبەر **کرۆڵ**. چۆن دەتوان گاڵتەی ئاوها بکەن؟

**کرۆڵ**

ئا بەڵێ، **یۆهان رۆسمارە** باشەکەمان پێیوایە، ئەو زیاد لە پێویست هاوسەرگیری تاقیکردووەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا –

**ڕیبەکە**

دەزانن چی،- من دەبێ پێتان پێبکەنم.

**کرۆڵ**

لەگەڵ ئەوەشدا -. ئادەی پێم بڵێ، خاتوون -. ئەگەر بۆم هەبێت بپرسم -. بەڕاستی ئێوە تەمەنتان چەندە؟

**ڕیبەکە**

بە شەرمەوە باسی دەکەم، بەڕاستی من بیست و نۆم پڕکردووەتەوە، جەنابی دکتۆر. ئێستا لە سی ساڵیدام.

**کرۆڵ**

بەڵێ – بەڵێ. ئەی **روسمار** - ئەو تەمەنی چەندە؟ ئا دەی بزانم. ئەو پێنج ساڵ لە من منداڵ ترە. ئێستا، کەواتە ئەو چل وسێ ساڵی ڕێکە. من پێموایە، ئەوە شتێکی گونجاوە.

**ڕیبەکە** هەڵدەستێتە سەرپێ

بەڵێ – بە دڵنیاییەوە، بەڵێ – بە دڵنیاییەوە. زۆر باش دەگونجێت. – ئەی ئەم ئێوارەیە چامان لەگەڵ دەخۆنەوە؟

**کرۆڵ**

بەڵێ سوپاس. بیرمکردووەتەوە لێرە بمێنمەوە. چوونکە مەسەلەیەك هەیە، کە دەبێت لەگەڵ هاوڕێ باشەکەماندا لەبارەیەوە قسەبکەم. – ئینجا، خاتوون، - بۆ ئەوەی دووبارە ئێوە دووچاری بیری هەڵە نەبنەوە، ئەوا دەخوازم بزانم لێرە هەموو شتەکان وەکو خۆیانن، - وەك ڕۆژانی زوو.

**ڕیبەکە**

ئا بەڵێ، وەك خۆیەتی. (بە تەوقەوە دەستی ڕادەوەشێنێت) سوپاس، سوپاس! بەڕاستی ئەوە لەگەڵ ئەوەشدا لەناخەوە میهرەبانییە.

**کرۆڵ** کەمێك بەدەنگی گڕ

ئێ؟ بەڕاستی ئەوەی [ئێوە دەیڵێن] زیاترە لەوەی من لە ماڵی خۆم گوێم لێیدەبێت.

**یۆهان روسمار** لە دەرگاکەی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە.

**ڕیبەکە**

جەنابی ڕوسمار، - خۆ دەبینن کێ لەوێدا دانیشتووە؟

**یۆهان روسمار**

**مەدام هێلسێت** پێی گوتم.

بەڕێوەبەر **کرۆڵ** هەستاوەتە سەرپێ

**ڕوسمار** نەرم و بەهێواشی، دەستی دەگوشێ

دووبارە بەخێر بێیتەوە بۆ ئێرە، کرۆڵی ئازیز. ( دەستەکانی دەخاتە سەرشانەکانی کرۆڵ و تەماشای نێو چاوەکانی دەکات) **تۆ هاوڕێی** ئازیزی دێرین! من ئەوەم دەزانی، کە جارێك لە جاران هەر دەبێت نێوانمان وەك پێشانی لێبێتەوە.

**کرۆڵ**

بەڵام پێدەچێ تۆش ئەی مرۆڤی میهرەبان - کەوتبیتە نێو ئەو وێناکردنە شێتۆکانەیەوە، ئەوەی لەناهاتنما بۆ لاتان دەبێت بەربەستێک هەبێت!

**ڕیبەکە** ڕووەو ڕوسمار

بەڵێ بزانە - چەند خۆشە، کە ئەوە تەنها وێناکردنێك بووە.

**ڕوسمار**

بەڕاستی، کرۆڵ ئەوە وایە؟ بەڵام ئەی بۆچی تەواو تۆ خۆت لێمان دوور خستەوە؟

**کرۆڵ** بە جیدی و بەهێواشی

لەبەرئەوەی نەمدەویست وەك یادێکی زیندوی ساڵە ناخۆشەکانی تۆ و- ئەوەی - لە تاڤگەی ئاشەکەدا کۆتایی بە ژیانی هات، من لێرەدا بێم و بچم.

**ڕوسمار**

ئەوە بیرکردنەوەیەکی جوانی تۆ بووە. تۆ هەمیشە زۆر ووریایت. بەڵام هیچ پێویستی نەدەکرد کە تۆ لەبەرئەوە دوورکەویتەوە. – وەرە، با لەسەر قەنفەکە دانیشین. ( دادەنیشن) نەخێر، بەڕاستی بیرکردنەوە لە **بیاتە** بۆ من هیچ مایەی نارەحەتی نییە. ئێمە ڕۆژانە باسی ئەو دەکەین. پێمانوایە ئەو هێشتا چۆن بڵێی هەر سەر بە ماڵەکەیە.

**کرۆڵ**

بەڕاستی ئەوە بەلاتانەوە ئاوهایە؟

**ڕیبەکە** لامپەکان دادەگیرسێنێت

بەڵێ، بەڕاستی ئێمە وایە بەلامانەوە.

**ڕوسمار**

ئاسانە. ئێمە هەردووکمان زۆر لە ناخەوە ئەومان خۆشدەویست. هەم ڕیبەکە[1] – هەم وێست خاتوون و هەم منیش، ئێمە خۆمان دەزانین، ئەوەی لە دەسەڵاتماندا بوو لە پێناو ئەو دەردەدارە داماوەدا، کردمان. ئێمە گلەیمان لە هیچ نییە. – لەبەرئەوە پێموایە بیرکردنەوە لە بیاتە شتێکی دۆستانە و مایەی دڵخۆشییە.

**کرۆڵ**

ئێوە کەسانی نایابی ئازیزن! لە ئێستە بەدواوە هەموو ڕۆژێك من دێم بۆ سەردانتان.

**ڕیبەکە** لەسەر کورسییەکی قۆڵدار دادەنیشێت

بەڵێ، دەی با بزانین، قسەکەی دەباتە سەر.

**ڕوسمار** بە دوودڵییەکەوە

کرۆڵ، تۆ - من زۆر حەزدەکەم، کە ئەم پەیوەندییەی نێوانمان هەرگیز نەپچڕێت. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی ئێمە یەکتریمان تێدا ناسیوە، تۆ بۆ من وەک ڕاوێژکارێکی کارامە و شایستە بوویت. هەر لەکاتی خوێندکاریمەوە.

**کرۆڵ**

ئا بەڵێ؛ من قەدری ئەو قسەیە بێ ئەندازە دەزانم. ئایا ئێستا شتێکی تایبەت هەیە -؟

**ڕوسمار**

شت زۆر زۆرە، کە من بەبێ لەمپەر دەخوازم لەبارەیانەوە لەگەڵتتا قسەبکەم. ئاوها لە کامی دڵەوە.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، وانییە، جەنابی ڕوسمار؟ من پێموایە، ئەوە دەبێت زۆر شتێکی باش بێت – لە نێوان هاوڕێیانی دێریندا –

**کرۆڵ**

بەڕاستی تۆش دەتوانیت لەوباوەڕدا بیت، کە منیش هێشتا زۆر شت هەیە لەبارەیانەوە قسەت لەگەڵ بکەم. چوونکە من ئێستا بوومەتە سیاستمدارێکی چالاك، وەك تۆ خۆت دەزانیت.

**ڕوسمار**

بەڵێ، وایە. بەڕاستی ئەوە چۆن بوو؟

**کرۆڵ**

من دەبووایە، ئەوە بکەم. دەبووایە، ئەگەرچی نەشم دەویست. چیدی مەحاڵە وەك تەماشاکەرێکی بێ دەستە پاچە ڕابووەستیت. ئێستا، کە ئەو ڕادیکاڵانە بەشێوەیەکی زۆر خەمناك جڵەوەی دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست - ئێستا ئیتر کات درەنگە پێویستە شتێك بکرێت -. هەر بۆیەش وامکردووە بازنەی بچووکی هاوڕێکانمان لە شارەکە دا لەیەکتر نزیکتر ببنەوە. دەڵێم، کات درەنگە پێویستە شتێك بکرێت!

**ڕیبەکە** بە زەردەخەنەیەکی سبکەوە

بەڵێ، بەڵام هەر بەڕاستی داخوا ئێستا زۆر درەنگ نییە بۆ ئەو کارە؟

**کرۆڵ**

[1] ڕوسمار لێرەدا لە دەمی دەردەچێت خاتوو وێست بە ناوی یەکەمییەوە ناودەبات، کە دەرخەری پەیوەندییەکی تایبەتیە لە نێوانیاندا. وەرگێر

بێ نکوڵی کردن زۆر بەختەوەرترانە دەبوو، ئەگەر ئێمە زووتر ئەو لافاوەمان ڕاگرتبایە. بەڵام کێ دەیتوانی پێشبینی ئەوە بکات، کە چی بەڕێگاوەیە؟ بەهەرحاڵ من پێشبینیم نەدەکرد. (هەڵدەسێتە سەرپێ و دەکەوێتە ڕۆیشتن) بەڵێ، ئێستا بەڕاستی چاومکردووەتەوە. چوونکە ئێستا ئیدی ڕۆحی یاخیبوون خۆی خزاندووەتە نێو خودی قوتابخانەشەوە.

**ڕوسمار**

نێو قوتابخانە؟ بەڵام خۆ قوتابخانەکەی تۆ نا؟

**کرۆڵ**

با زۆر بەڕاستی ئەوێش. لە قوتابخانەکەی خودی خۆم. ڕات چییە! پێم گەیشتۆتەوە، کە کوڕانی قۆناخەکانی سەروتر - واتە بەشێك لە کوڕەکان - زیاتر لە شەش مانگە ڕێکخراوێکی نهێنیان پێکهێناوە و لەوێدا ڕۆژنامەکەی مۆرتنسگۆرد هەڵدەگرن!

**ڕیبەکە**

ئۆو، [ڕۆژنامەی] «برووسکەی ئاگر»

**کرۆڵ**

بەڵێ، ئەی چۆن بۆ پێتان وانییە ئەوە خواردنێکی ڕۆحی تەندروست بێت بۆ فەرمانبەرانی ئایندە[2]؟ بەڵام غەمبارترین شت لەو مەسەلەیەدا ئەوەیە، کە هەموو کوڕە زیرەکەکانی پۆلەکە، پێکەوە یەکیانگرتووە و ئەم پیلانەیان دژی من گێڕاوە. تەنها ترسنۆکەکان و ئەوانەی کەوتوون و دەرنەچوون، خۆیان بە دوورگرتووە.

**ڕیبەکە**

ئینجا ئەوە کاری زۆر لە دڵتان کردووە، بەڕێوەبەر؟

**کرۆڵ**

ئەگەر کارم تێبکات! ئەوا خۆم لەکارەکانی ژیانمدا بەشێوەیەك پەککەوتە و ناکام دەبینم. (هێواشتر) بەڵام تائەندازەیەک گوتم شتەکە چۆنە هەردەبێ وا بێت. بەڵام ئێستا خراپترین شت ئەوەیە. (سەیری دەوروبەری خۆی دەکات) خۆکەس لێرە لەپشت دەرگاکانەوە گوێناگرێت؟

**ڕیبەکە**

ئۆوو، هەرگیز.

**کرۆڵ**

کەواتە با ئیوەش ئەوە بیزانن، کە ناکۆکی و یاخیبوونەکە کەوتووەتە نێو ماڵەکەی خۆشم. نێو ماڵە ئارامەکەی خۆم. ئاشتی ژیانی خێزانی لێ شێواندووم.

**ڕوسمار** هەڵدەسێتە سەرپێ

ئەوە چی دەڵێیت! لە ماڵەکەی خۆتتا - ؟

**ڕیبەکە** دەچێ بۆ لای بەڕێوەبەر

---

[2] بە تەنز و گاڵتەجارییەوە کرۆڵ ئەو قسەیەدەکات. وەرگێر

بەڵام ئازیزم، چی ڕوویداوە؟

**کرۆڵ**

دەتوانن بیر لەوە بکەنەوە، کە منداڵەکانی خۆم -. بەکورتی، - **لەوریتس،** ئەو سەرۆکی گروپی پیلانگێڕی قوتابخانەکەیە. ئینجا **هیلدە**ش بۆ شاردنەوەی [ڕۆژنامەی] «برووسکەی ئاگری» بەرگێکی سووری چنیوە.

**ڕوسمار**

من هەرگیز بەخەویش نەمدەبینی - کە لەماڵەکەت – ماڵەکەی خۆت –

**کرۆڵ**

نەخێر، کێ خەوی بە شتی ئاوهاوە دەبینی؟ لە ماڵەکەی مندا، کە لەوێدا هەمیشە تەکوزی و گوێرایەڵی باڵا دەستبووە و - تا ئێستا تەنها یەك ئیرادەی یەکگرتوو تییدا زاڵبووە –

**ڕیبەکە**

هاوسەرەکەتان دەربارەی ئەمە دەڵێت چی؟

**کرۆڵ**

بەڵێ بزانە، ئینجا ئەوە لە هەمووی زیاتر جێی باوەڕ نییە. ئەو، کە هەموو ڕۆژەکانی ژیانی – لە گەورە و بچووکدا – هاوبەشی بۆچوونەکانم و هاوڕای تێڕوانینەکانم بووە، ئێستا بەڕاستی ئەو لە زۆر شددا بێ بەری نیە لە چوونە پاڵ بەرەی منداڵەکان. ئینجا منیش خەتابار دەکات، لەوەی کە ڕوویداوە. دەڵێت، گوایە من منداڵەکان سەرکوت دەکەم. ڕێك وەك ئەوەی کە ئەوە شتیکی پێویست نەبوو بێت کە - . ئێ، ئا بەوشیوەیە نائارامی ڕوویکردووەتە ماڵەکەم. بەڵام بێگومان هەتا لە تواناادا بێت، من زۆر کەم باسی ئەوە دەکەم. بەو شێوەیە ئیتر باشترە بشاردرێتەوە. (بە پیاسەکردنەوە) ئا، بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ.

دەستی خستووەتە پشتییەوە و لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دەوەستێت و تەماشای دەرەوە دەکات

**ڕیبەکە** لە ڕوسمار نزیک بووەتەوە و بە دەنگی نزم، خێرا و بەدزی بەرێوەبەرەوە دەڵێ

پێی بڵێ!

**ڕوسمار** بەهەمان شێوە

ئەم ئێوارەیە نا.

**ڕیبەکە** وەکو جاری پێشوو

با ئێستا.

دەچێت خەریکی لەمپەکان دەبێت

**کرۆڵ** دێتەوە پێشەوە

بەڵێ، ڕوسماری ئازیز، ئێستا تۆ دەزانیت، چۆن بیری سەردەم سێبەری خۆی خستووەتە سەر ژیانی ماڵەوەم و کارە پلەدارەکەم. ئینجا دەبێ من بە هەموو ئەو چەکانەی دێنە بەردەستم جەنگی ئەم بیری سەردەمە داڕزا و ڕیسواکەر و هەڵوەشێنەوەیە نەکەم؟ با، چۆن، بەڕاستی دەیکەم. هەم بە نووسین و هەم بە گوفتاریش دەیکەم.

**ڕوسمار**

ئایا تۆ هیوای ئەوەت هەیە ئێستا، کە بەو شێوەیە بەدەرئەنجامێك بگەیت؟

**کرۆڵ**

من لە هەموو حاڵەتێکدا دەمەوێت ئەرکی هاوڵاتیبوونی خۆم جێبەجێبکەم، مەبەستم ئەوەیە کە ئەرکی هەموو بیرمەندێکی نیشتمان پەروەر و خەمخۆری دۆزی چاکەخوازیشە هەمان شت بکات. دەزانیت - هەر لەبەرئەوەشە زیاتر، من ئەم ئێوارەیە هاتووم بۆ سەردانت.

**ڕوسمار**

بەڵام، مەبەستت چییە تۆ، ئازیزم -؟ من چی -؟

**کرۆڵ**

تۆ دەبێت یارمەتی هاوڕێ دێرینەکانت بدەیت. وەکو ئێمە، ئەوانی دیکە بکەیت. هێندەی دەتوانیت یارمەتی بدەیت.

**ڕیبەکە**

بەڵام کرۆڵی بەڕیوەبەر، خۆ تۆ ئاشنای بەوەی جەنابی **ڕوسمار** ئارەزووی شتی ئاوها ناکات.

**کرۆڵ**

ئێستا با ئەو بەسەر ئەو ئارەزوو نەکردنەدا زاڵ بێت. – ڕوسمار، تۆ بابی خۆی ئاگاداری ڕووداوەکان نیت. تۆ لێرە لە نێو کۆکراوە مێژووەکانی خۆتدا، دیوارێکت بەدەوری خۆتتدا هەڵناوە. خوا بمان پارێزێت - لەگەڵ ڕێزدا بۆ نەسەبنامە و هەموو ئەوەی پوەندی بەو مێژووەوە هەیە. بەڵام کاتەکەی هی ئەو جۆرە شتانە نییە – بەداخەوە. تۆ هەر بە مێشکتا نایەت، کە بارودۆخی سەرتاسەری وڵات چۆنە. نزیک بەوەی هەموو چەمکێك سەروخوار کراوەتەوە. دووبارە ڕێکخستنەوەی هەموو تێڕوانینە هەڵەکان کارێکی گەورە دەبێت.

**ڕوسمار**

منیش لەو باوەڕەدام، بەڵام ئیشێکی لەو جۆرە ئیشی من نییە.

**ڕیبەکە**

هەروەها من لەوباوەڕەدام، ئێستا جەنابی ڕوسمار گەیشتووە بەوەی کە بە چاوێکی کراوەترەوە لە پێشان لە شتەکانی ژیان بڕوانێت.

**کرۆڵ** وورد دەبێتەوە

چاوێکی کراوەتر؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ، یان ئازادانە تر. چیدی کوێرانە ڕێنمای نەکرێت.

**کرۆڵ**

ئەمە مانای چی؟ ڕوسمار - لەگەڵ ئەوەشدا تۆ هەرگیز هێندە لاواز نیت لێگەڕێیت بە بارودۆخێکی ئاوها، وەك ئەوەی، کە سەرۆک هۆزە زۆرەکان سەرکەوتنێکی کاتیان بەدەست هێناوە، فریوبخۆیت!

**ڕوسمار**

ئازیزم، تۆ خۆت دەزانیت، من چەند کەم تێگەیشتنم بۆ سیاسەت هەیە. بەڵام من پێموایە بەڕاستی، کە لەم ساڵانەی دواییدا سەربەخۆییەکی هەندێك زیاتر بیرکردنەوەی تاکەکانی تەنیوە.

**کرۆڵ**

ئێ، - ئینجا تۆ هەروا بە بێ بیر لێکردنەوە ئەوە بە شتێکی باش دەزانیت! با بزانیت هاوڕێ، تۆ زۆر هەڵەیت. تەنها گوێبگرە و بزانە ئەو ڕاو بۆچوونگەلە چییە، کە لە نێوان ڕادیکاڵەکاندا هەم لێرە و هەم لە نێو شارکەدا ڕەوتی گرتووە. یەک گەردی لەو وانە و پەندانەی، کە لە [ڕۆژنامەی] «برووسکەی ئاگر» دا ئاڕاستە دەکرێن، زیاتر نییە.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، مۆرتنسگۆرد، لەم دەورووبەرە دەسەڵاتی بەسەر گەلیك کەسدا هەیە.

**کرۆڵ**

دروست ئەوە، ئەوەیە کە ئێمە دەخوازین ئێستا بیکەین. ئێمە ئەمڕۆ [ڕۆژنامەی] «ئامتستیدندێن» مان کڕی. مەسەلەی پارە هیچ دژوارییەکی دروست نەکرد. بەڵام – (ڕوودەکاتە ڕوسمار) بەڵێ، وا من ئێستا گەیشتمە ئەو ئەرکە ڕاستەقینەیەیی کە من دەخوازم بە تۆی بسپێرم. ئەویش بابەتی سەرۆکایەتییە - سەرۆکایەتی ڕۆژنامەوانی، کە بە دەستهێنانی دژوارە، تۆ خۆت دەزانیت. – ڕوسمار، پێم بڵێ - هەست ناکەیت ئەو بابەتە چاکە پاڵنەرێ بێت بۆئەوەی تۆ ئەو سەرۆکایەتییە قبوڵکەیت؟

**ڕوسمار** تاڕادەیەك ترساو

من!

**ڕیبەکە**

نەخێر، بەڵام چۆن ئێوە بیر لە شتی ئاوها دەکەنەوە؟

**کرۆڵ**

تۆ ترست لە خەڵك گردبونەوەکان هەیە و ناخوازیت ڕووبەڕووی مامەڵەکردنێکی دژوار بیتەوە، کە بەردەوام لەوکاتانەدا دروست دەبن، ئەو {بیرکردنەوەیەش] زۆر بەجێیە. بەڵام کاری سەرنووسەری کارێکی نەبینراوە زیاتر، یان، ڕاستر بڵێین –

**ڕوسمار**

نەخێر، نەخێر، هاوڕێی ئازیز، تۆ نابێ داوای ئەمەم لێبکەیت.

**کرۆڵ**

من خۆم لە کامی دڵەوە دەمویست هەولی جی بەجێکردنی ئەوکارە بدەم. بەڵام ئەوە بەهیچ شێوەیەك بە من ناکرێت. چوونکە من هەر لە ئێستاوە بە گەلێ ئەرکی بێشومار بارگرانم -. تۆ بە پێچەوانەوە، ئێستا چیدی فشاری فەرمانبەرێتیت لەسەر نییە. – ئێمەش ئەوانی دی بێگومان هێندەی لە تواناماندا بێت یارمەتیت دەدەین.

**ڕوسمار**

ناتوانم، کرۆڵ. دەرۆستی ئەوکارە نایەم.

**کرۆڵ**

دەرۆست نەهاتن؟ تۆ، هەر هەمان شتیشت گوت، کاتێك باوکت کاری قەشەیەتی بۆ دۆزیتەوە –

**ڕوسمار**

من لەسەر هەق بووم. هەربۆیەش ڕۆیشتم بەرێگەی خۆمەوە.

**کرۆڵ**

هەر تۆ ببیتە سەرنووسەرێکی زیرەك وەك چۆن ئەوکاتەی قەشە بوویت، ئێمە ڕازین.

**ڕوسمار**

کرۆڵی خۆشەویستم - بۆ دواجار پێت دەڵێم - من ئەوکارە ناکەم.

**کرۆڵ**

باشە، هەرچۆنێك بێت ناوی خۆتمان بەقەرد بدەرەێ .

**ڕوسمار**

ناوی من؟

**کرۆڵ**

بەڵێ، هەر لەسەرەتاوە ناوی یۆهانس ڕوسمار دەبێتە سەرکەوتنێك بۆ ڕۆژنامەکە. ئێمە ئەوانی دیکەش وەك پیاوانی دیاری حیزب تەماشادەکرێین. دەبیستم، من خۆم بە کەسێکی تاوگیری تووڕە وەسفدەکرێم. لەبەرئەوە ئێمە، بە ناوی خۆمانەوە، ناتوانین ئەوکاریگەرییەمان هەبێت، بەجۆرێك کە ڕۆژنامەکە لە نێو ئاپۆڕەی گومڕاکراودا بڵاوبوونەوەیەکی بەرچاوی هەبێت. تۆ بە پێچەوانەوە - تۆ هەمیشە خۆت لە ململانێ بە دوور گرتووە. هەڵسوکەوتی نەرم و ڕاستگۆیانەت - بیرکردنەوەی جوانت - دادپەروەری بێ کەموکوڕیت ناسراوە و لەم دەورووبەرە لەلایان هەموو کەسێکەوە بەهادارە. ئینجا ئەو ڕێز و نەوازشەی پیشەی قەشایەتی پێشینت بۆی دەستەبەرکردوویت. دواجاریش ڕێزی ناوبانگی بنەماڵە، ئەویش!

**ڕوسمار**

ئۆ ناوبانگی بنەماڵە –

**کرۆڵ** ئاماژە بۆ پۆرترێتەکان دەکات

ڕوسمارەکانی ڕوسمارشهۆڵم - هەموو قەشە و ئەفسەر. فەرمانبەری پلەداری متمانە پێکراو، هەموویان کەسانی بەرێز - وەچەیەك، کە بەم زووانە دەبێت بە دووسەد ساڵ، کە وەك یەکەمین خەڵکی ناوچەکە، لیرە جێگیر بوون. ( دەست دەخاتە سەرشانی) ڕوسمار - تۆ قەرزارباری نەریتی خۆت و ڕەچەڵەکتی، کە بەشداری هەموو ئەوە بکەیت، کە هەتا ئیستا ددان پێدانراو بووە لە کۆمەڵگەکەماندا. (ئاووڕدەداتەوە) بەڵێ، ئێوە ڕاتان چیە، خاتوو وێست؟

**ڕیبەکە** بە پێکەنینێکی بێدەنگانەی سبکەوە

بەڕیوەبەری ئازیز - بەلای منەوە بیستنی ئەمە هێندە پێکەنیناوییە کە هەر ناگوترێت.

**کرۆڵ**

چییە؟ پێکەنیناوییە؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ، چوونکە ئێستا ڕێك و ڕاست پێدەڵێم –

**ڕوسمار** خێرا

نەخێر، نەخێر - لێیگەڕێ! ئێستا نا!

**کرۆڵ** بەنۆبە لێیان دەڕوانێت

بەڵام هاوڕێیانی ئازیز، ئەمە چییە -؟ (قسەکەی دەبڕێ) هـم!

مەدام هێلسیت لە دەرگاکەی ڕاستەوە دێتە ژوورەوە

**مەدام هێلسێت**

پیاوێك لە ڕاڕەوی موبەقەکەدایە. دەڵێت، دەخوازێت سڵاویك لە پاستۆر بکات.

**ڕوسمار** هێوردەبێتەوە

ئا ئێ. بەڵێ، پێی بڵێ با بفەرمووێ بێتە ژوورەوە.

**مەدام هێلسێت**

بێتە ژوورەوە بۆ نێوهۆڵەکە؟

**ڕوسمار**

بەڵێ.

**مەدام هێلسێت**

بەڵام ئەوکەسێکی ئاوها نییە، ڕێگەی پێ بدرێت بێتە ژوورەوە بۆ نێو هۆڵەکە.

**ڕیبەکە**

بۆ ئەوکەسێکی چۆنە، مەدام هێلسێت؟

**مەدام هێلسێت**

نا خاتوون، شتێکی ئەوتۆ نییە.

**ڕوسمار**

نەی گوت، ناوی چییە؟

**مەدام هێلسێت**

با، وابزانم گوتی، ناوی هێکمانە یان شتێکی ئاوها.

**ڕوسمار**

من کەس بەو ناوە وە ناناسم.

**مەدام هێلسێت**

ئینجا گوتی، ناوی ئۆلدریکیشە.

**ڕوسمار** وورد دەبێتەوە

ئولریك هێتمان! وا بوو؟

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ، ناوەکە هێتمان بوو.

**کرۆڵ**

من پێشتر ئەو ناوەم بیستووە.

**ڕیبەکە**

ئەوە ئەو ناوەیە، کە ئەو ئیمزای پێدەکات، ئەو، ئەو کابرا سەیروسەمەرەیە –

**ڕوسمار** ڕوودەکاتە کرۆڵ

ئەوە ناوی ئولریك برێندڵی نووسەرە.

**کرۆڵ**

ئولریك برێندڵی گومڕا. زۆر ڕاستە.

**ڕیبەکە**

کەواتە هێشتا لە ژیاندایە.

**ڕوسمار**

من پێموابوو، ئەو لەگەڵ گروپێکی شانۆدا سەفەریکردوە.

**کرۆڵ**

دوا هەواڵ، کە من لەبارەی ئەوەوە بیستم، ئەوەبوو، کە ئەو لە دامەزراوەی کاری زۆرەملێ جێگیرکراوە.

**ڕوسمار**

مەدام هێلسێت، پێبڵێ بێتە ژوورەوە.

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ بەڵێ.

دەڕوات

**کرۆڵ**

بەڕاستی تۆ بەرگەی ئەو مرۆڤە دەگریت بێتە ژوورەوە بۆ نێو هۆڵەکەت؟

**ڕوسمار**

ئێ خۆ تۆ دەزانیت، کە ئەو ماوەیەك مامۆستام بوو.

**کرۆڵ**

بەڵێ، دەزانم، چۆن خەریك بوو مێشکت بە بیری یاخیبووانە پڕکات و باوکیشت بە قامچی سوارێکەیەوە تا بەردەرگا هەڵیبڕی.

**ڕۆسمار** کەمێك بە توورەییەوە

باوکم لە ماڵەکەی خۆشیدا هەر ئەفسەر بوو.

**کرۆڵ**

ڕۆسمارە ئازیزەکەم، سوپاسی باوکت بکە لە گۆڕەکەیدا، بۆ ئەوەی کە کردی. ئێستا!

مەدام هێلسێت دەرگاکەی لای ڕاست بۆ ئولریك برێندڵ دەکاتەوە، دووبارە لە دوایەوە دەرگاکە دادەخاتەوە. ئولریك برێندڵ کەسێکی قۆزە، کەمێك لاوازە بەڵام فیگەرێکی خێرا و نائارامە بە سەر و ڕیشێکی ماش و برنجییەوە. وەك کەسێکی سەرگەردانی ئاسایی بەرگی پۆشیوە. باڵاپۆشێکی تەنك و شڕ؛ پێلاوی خراپ و دڕاو؛ کراسەکەی تابڵێی خراپ، جوتێ دەسکێش ڕەشی کۆنی لە دەستدایە؛ شەپقیەکی نەرمی چڵکن بە قەدکراوی لە بنباخەڵیدا و گۆچانێکیش بە دەستییەوە.

**ئولریك برێندڵ** سەرەتا دوودڵە، بە پەلە بەرەو بەرێوەبەر دەچێت و دەستی تەوقەکردن دەباتە پێشەوە

ئێوارەت باش، یۆهانس!

**کرۆڵ**

ببوورە –

**برێندڵ**

چاوەڕێی ئەوە بوویت، کە دووبارە من ببینیتەوە؟ ئینجا لە نێوان ئەم دیوارە قین لێبووانەشدا؟

**کرۆڵ**

ببوورە -. (بەپەنجە ئاماژەدەکات) ئەوەتا –

**برێندڵ** ئاوور دەداتەوە

ڕاستە. ئەوە خۆیەتی. یۆهانس - کوڕم - تۆ، ئەی ئەوەی لە هەموو کەسێکم خۆشتر دەوێیت -!

**ڕوسمار** تەوقەی لەگەڵ دەکات

مامۆستا دێرینەکەم.

**برێندڵ**

سەرەڕای بیرەوەرییەکانیش بەڕاستی نەمدەویست هەروا بە لای ڕوسمارشهۆڵمدا تێپەڕم بەبێ ئەوەی سەردانێکی کورتی بکەم.

**ڕوسمار**

 له ناخی دڵەوە بەخێر هاتن بۆ ئێرە. لەوە دڵنیابە.

**برێندڵ**

ئەها، ئەم خانمە سەرنجڕاکێشە -؟ (خۆی بۆ سڵاو لێکردنی دەچەمێنێتەوە) بێگومان قەشەژنە.

**ڕوسمار**

خاتوو وێست.

**برێندڵ**

پێدەچێت کەسێکی نزیك بێت. ئەی ئەو نائاشنایە -؟ فەرمانبەرێکی پلەداری هاوشانی خۆتانە، دەزانم.

**ڕوسمار**

[ئەویش] کرۆڵی بەڕیوەبەری قوتابخانەیە.

**برێندڵ**

کرۆڵ؟ کرۆڵ؟ کەمێك بووەستە. ئێوە لە تەمەنی گەنجێتیتاندا زانستی فیلۆلۆژیتان دەخوێند؟

**کرۆڵ**

بەڵێ بێگومان.

**برێندڵ**

بەڵام تۆ بزانە، چۆنم ناسیتەوە!

**کرۆڵ**

ببوورە –

**برێندڵ**

ئەوە تۆ نە بوویت –

**کرۆڵ**

ببوورە –

**برێندڵ**

یەکێك [بوویت] لە سوارچاکانی چاکەخواز، کە منی لە ئەنجومەنی گفتوگۆ کردە دەرەوە؟

**کرۆڵ**

ڕەنگە ئەوە وا بێت. بەڵام من ئەوە ڕەتدەکەمەوە کە لە نزیکەوە بتان ناسم.

**برێندڵ**

ئێ – ئێ! چۆنت پێخۆشه وا، جەنابی دکتۆر. بۆ من هەر یەك شتە. ئولریك برێندڵ لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەمان پیاوە کە هەیە.

**ڕیبەکە**

بە تەمای چوونە نێو شارن، جەنابی برێندڵ؟

**برێندڵ**

خانمی قەشە پێکای. لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا، دەبێت من لە پێناو بووندا گورزێك بوەشێنم. من ئەوە بە خۆشحاڵییەوە ناکەم؛ بەڵام ئێستا ئەوە ئیتر پێویستییەکی ناچارییە.

**ڕوسمار**

بەڵام ئەی جەنابی برێندڵی ئازیز نابێت ڕێگە بە منیش بدرێت لە شتێکدا یارمەتیتان بدەم؟ مەبەستم، بە شێوەیەك لە شێوەکان –

**برێندڵ**

ها، پێشنیازێکی ئاوها! بۆ تۆ دەخوازیت پەیوەندیی نێوانمان عەیبار بکەیت؟ هەرگیز، یۆهانس - هەرگیز!

**ڕوسمار**

بەڵام بەتەمان چیبکەن لە شار؟ باوەڕکەن، ئەوە بۆ ئێوە ئاسان نابێت –

**برێنداڵ**

لێیگەڕێ بۆ خۆم، کوڕم. تازە لە چارە نووسراوە. بەو شیوەیە، کە لێرە لەبەردەمتدا وەستاوم، لەڕێگەدام بەرەو سەفەرێکی گشتگیر. لە هەموو سەفەرەکانی پێشووترم گشتگیری زیاترە. (ڕوودەکاتە بەرێوەبەر کرۆڵ) دەتوانم لە جەنابی پرۆفیسۆر بپرسم – بەینی خۆمان بێت – لە شارە ڕێزدارەکەتاندا لۆکاڵێکی گردبوونەوەی تاراددەیەك شایستە و ڕیزدار و گەورە هەیە؟

**کرۆڵ**

لە هەموویان گەورەتر هۆڵی سەندیکای کرێکارانە.

**برێندڵ**

ئایا جەنابی مامۆستای زانکۆ [3]هیچ کارێگەرییەکی شایستەی لەم ڕێکخراوە هێجگار بەسوودەدا هەیە؟

**کرۆڵ**

من هیچ کارم بەسەر ئەو شوێنەوە نییە.

**ڕیبەکە** ڕوودەکاتە برێندڵ

پێویستە بچن بۆ لای پێتر مۆرتینسگۆرد.

برێندڵ

ببوورە، خانم - ئەوە چ گەمژیەکە؟

---

[3] برێندڵ بە گاڵتەپێکردنەوە هەرجارەی ناوێك لە کرۆڵ دەنێت. جارێك بە دکتۆر و جارێك بە پرۆفیسۆر یان بە مامۆستای زانکۆ. وەرگێڕ

**ڕوسمار**

بۆچی پێتانوایە، کە دروست ئەو کەسێکی گەمژەیە؟

**برێندڵ**

بۆ مەگەر بە ناوەکەدا یەکسەر من ئەوە نابیستم، کە خاوەنی ئەو ناوە کەسێکی کەم تێگەیشتووە؟

**کرۆڵ**

من چاوەڕێی ئەو وەڵامە نەبووم.

**برێندڵ**

بەڵام ڕێگە چارەیەکی دیکە نییە، من دەبێ بەسەر خۆمدا زاڵبم. کاتێك مرۆڤ - ئاوها وەکو من - لە خاڵی وەرچەرخاندایە لە ژیانیدا -. ئەوە ئێدی یەکلایی بووەتەوە. پەیوەندی بەو کەسەوە دەکەم – ڕاستەوخۆ لەگەڵی دەچمە ڕێکەوتنەوە –

**ڕوسمار**

بەڕاستی ئیوە هەربەجیدی لە خاڵی وەرچەرخاندان؟

**برێندڵ**

بۆ کوڕەکەی خۆم نازانێت، کە ئولریك برێندڵ لە هەر کوێیەکدا وەستابێت، هەمیشە بە جیدی وەستاوە؟ - ئا، ئێستا دەخوازم خۆم بگۆڕم بە مرۆڤێکی نوێ. دەخوازم لەو خۆگرتن و دوورپارێزییەی، هەتا ئێستا لێیەوەم ڕوانیوە، بچمە دەرەوە.

**ڕوسمار**

چۆنچۆنی؟

**برێندڵ**

دەخوازم بەدەستێکی کارا دەستوەردان لە ژیاندا بکەم. بێمە پێشەوە. ڕۆڵێکی چالاك ببینم. ئەمە کاتی جوڵەی بە لرفەی لادانی خۆرە[4] ئێمە هەناسەی تێدا دەدەین. – ئیستا من دەمەوێت دیارییەکەی خۆم بخەمە سەر میحرابی ڕزگاریخوازی.

**کرۆڵ**

ئێوەش دەخوازن -؟

**برێندڵ** بۆ هەموویان

ئایا خەڵك هیچ زانیارییەکی ووردیان لەسەر نووسینە پەرشوبڵاوەکانی من هەیە لێرە؟

**کرۆڵ**

نەخێر، من دەبێت ڕاستگۆیانە دانبەوەدا بنێم، کە –

**ڕیبەکە**

4 لادانی خۆر ئەو دوو کاتەیە کە خۆر لە ساڵێکدا بە گەورەترین لاداندا تێدەپەڕێت، لە باکور لە مانگی شەشدا و لە باشور لە مانگی دوانزەدا. هاوکات پێدەگوترێت خۆر وەرگەڕان. وەرگێڕ

من چەند دانەیەکیانم خوێندووەتەوە. چوونکە بەخێوکەرەکەم ئەو کتێبانەی هەبوو.

**برێندڵ**

خانمە جوانەکەم - کەواتە ئێوە کاتی خۆتان بەفیرۆ داوە. چوونکە هەمووی قسەی بێمانایە، با پیتان بڵێم.

**ڕیبەکە**

ئاوها؟

**برێندڵ**

ئەوەی ئێوە خوێندوتانەتەوە، بەڵێ. بەرهەمە گرنگەکانم نە پیاو دەناسن و نە ژن. جگە لە خۆم – کەس ناناسن.

**ڕیبەکە**

ئەوە چۆن دەبێت؟

**برێندڵ**

چوونکە نە نووسراون.

**ڕوسمار**

بەڵام جەنابی برێندڵی ئازیز –

**برێندڵ**

تۆ دەزانیت، یۆهانسەکەم، من پارچەیەکم لە چێژ لە ژیان وەرگرتن و خۆشگوزرانیکردن. کەسێکی شارەزای خواردن و خواردنەوەم.هەموو ڕۆژەکانی ژیانم ئاوها بووم. من چێژ لە تەنیایی وەرگرتنم خۆش دەوێت. چوونکە ئەوسا دووکەڕەت چێژ وەردەگرم. بگرە دە کەڕەت. دەزانیت - کاتێك خەونی زێرین هێواش بەسەر سەرمەوە نیشتەوە - شڵەژاندمی – کاتێك بیرگەلی نویێ و سەرسوڕهێنەر و مەودا فراوان لە مندا لە دایك بوون - بە باڵی هەڵگرتن باوەشێنیان کردم - منیش ئەوسا لە شێوازی شیعر و ڕوانگە و وێنە دا دامڕشتن، ئاوها تا ئەوپەڕی توانا، تێگەیشتیت.

**ڕوسمار**

بەڵێ، بەڵێ.

**برێندڵ**

ئۆ، من چەند بێشمار لە ژیانمدا چێژم لە خەیاڵاتی خۆم وەرگرتووە! خۆشحاڵییەکی پێوارانە و پیرۆز بە داڕشتنی خەیاڵاتی گەورە هەر لەمێشکی خۆمدا - ئاوها گەڵاڵەکردنی نەخشەی گەورە بە خەیاڵ، وەکو گوتم – بە خەیاڵی خۆم، خۆم لە چەپڵە بۆ لێدان و، سوپاس و ستایشی و ناوبانگ دەرکردن و تاجی گوڵ لەسەرناندا دەبینیەوە – من هەر بە خەیاڵ ئەمانەم هەمووی بە دەستی پڕ و لە خۆشیا لەرزۆکەوە دەچنییەوە. بەخۆشییەکی نهێنیئامێزی نێوناخمەوە ئەمەندە زۆر خۆم لە خەیالات تێرکرد - ئۆ، هەتا ئاستی لەهۆش خۆچوونێکی زۆر - !

**کرۆڵ**

هـم -.

**ڕوسمار**

بەڵام هەرگیز نەخرانە سەر کاغەز؟

**برێندڵ**

یەك وشەی نە نووسرا. ئەم پیشەی نووسینە هیچ و پووچە هەمیشە لە مندا دڵتێکهەڵهاتنێکی نەخوازراوی ووروژاندووە. ئینجا بۆ دەبێت من بیرۆکە ئایدیاڵەکانی خۆم گڵاوکەم، کاتێك من دەتوانم بە پاکی هەر خۆم چێژیان لێ وەرگرم؟ بەڵام ئێستا دەبێت بکرێنە قوربانی، بەڕاستی - من بڕیاری ئەوەم داوە، وەك دایکێك، چۆن کچە گەنجەکەی خۆی دەخاتە باوەشی هاوسەرەکەی، ئاوها منیش دەیانکەمە قوربانی. لە سەرانسەری وڵاتتدا - بە گوتنەوەی زنجیرەیەك وانەی بە شێوازێکی چاك داڕێژراودا! - لە میحرابی ئازادیدا دەکەمە قوربانی.

**ڕیبەکە** بە ووزەوە

ئەمە گەورەیی خۆتان دەگەیەنێ، جەنابی برێندڵ! ئێوە بەنرخترینی ئەوەی هاتانە، پێشکەشی دەکەن.

**ڕوسمار**

تاقانە شتی خۆتان.

**ڕیبەکە** بە گرنگییەوە تەماشای ڕوسمار دەکات

چەند کەس هەیە ئەو کارە بکات؟ کێ دەوێرێت؟

**ڕوسمار** بە هەمان شێوە سەیری دەکاتەوە

کێ جوزانێ؟

**برێندڵ**

ئامادە بووان هاژاون. ئەوەش دڵم دەبوژێنێتەوە – ویستم بەهێز دەکات. لەسەر ئەو بنەمایەش ئێدی من هەنگاو بەرەو مامەڵەکردن دەنێم. تەنها شتێك -. (ڕووەدەکاتە بەڕێوەبەر) دەتوانی پێم بڵێیت، جەنابی مامۆستای تایبەت - کۆمەڵەی خۆ بەدوورگرتن لە خواردنەوە کحولییەکان لەشاردا هەیە؟ کۆمەڵەیەکی سەرتاپا خۆ لە نۆشینی کحول بەدوورگر؟ بێگومان هەیە.

**کرۆڵ**

بەڵێ، لە خزمەتتدایە. من خۆم لێپرسراویم.

**برێندڵ**

من ئەوم تێدا بەدینەکردن! ئێ، ئێدی کەواتە ئەوە شتێکی مەحاڵ نییە، کە من بێم بۆلاتان و بۆماوەی هەفتەیەك خۆم تۆمارکەم لاتان.

**کرۆڵ**

ببوورە - ئێمە بۆ چەند هەفەتەیەك ئەندام وەرناگرین.

**برێندڵ**

چاکە، جەنابی پێداگۆگ. ئولریك برێندڵ هەرگیز ئەو جۆرە ڕێکخراوانەی بە چوونە بەردەرگایان وەرسنەکردووە. (ئاوڕ دەداتەوە) بەڵام من ناوێرم بەتاسەی درێژکردنەوەی مانەوە بم لەم ماڵە، زۆر پڕە لە یادگاری. من پێویستە بچم بۆ شار و شوێنێکی گونجاو بۆ مانەوە هەڵبژێرم. لەگەڵ ئەوەشدا ئوتێل هەیە، هیوادارم.

**ڕیبەکە**

ناخوازن شتێکی گەرم بخۆنەوە، پێش ئەوەی بڕۆن؟

**برێندڵ**

چ جۆرە شتێکی گەرم، دەهەندەکەم؟

**ڕیبەکە**

کوپێك چا یان –

**برێندڵ**

سوپاسی بەخشندەیی کەیبانووی ماڵەکە دەکەم. بەڵام من دەست بەسەر ئەو میوان دۆستییە تایبەتییەدا ناگرم. (بە تەوقەکردنەوە خودا حافیزی دەکات)، لە خۆشیدا بن، سەروەرانم! ( بەرەو دەرگاکە دەچێت بەڵام دەگەڕێتەوە) ئۆ، بەخوا ڕاستە -. یۆهانس - قەشە ڕوسمار - دەتەوێت لەبەر خاتری هاوڕێیەتی ساڵەهایەکی زۆر خزمەتێکی مامۆستا دێرینەکەت بکەیت؟

**ڕوسمار**

بەڵێ لەناخی دڵەوە.

**برێندڵ**

چاکە. کەواتە - بۆ ڕۆژێك یان دووان- کراسێکی ئوتووکراوم بە قەرز بدەرێ.

**ڕوسمار**

لەوە زیاتر هیچی تر نا!

**برێندڵ**

چونکە، دەزانیت، من بەپێ سەفەردەکەم – ئەم جارە. جانتاکەم لەدوایدا بۆ دەنێرن.

**ڕوسمار**

باشە. بەڵام ئەی هیچی ترت ناوێت؟

**برێنداڵ**

با، دەزانی چی - تۆ ڕەنگە بتوانی دەستبەرداری باڵاپۆشێکی کۆن و بەکارهێنراو خۆشت بیت؟

**ڕوسمار**

بەڵێ، بەڵێ، زۆر بە دڵنیاییەوە.

**برێندڵ**

ئینجا ئەگەر جوتێك پێڵاوی شایستەشت بۆ ئەو باڵاپۆشە هەبوایە –

**ڕوسمار**

بێگومان ئەوە لە توانادا هەیە. هەر کە ئەدرێسەکەتمان زانی بە زووترین کات، ئەو شتانەت بۆ دەنێرین بۆ ئەوێ.

**برێندڵ**

بە هیچ شێوەیەك. هیچ نارەحەتییەك لە بەرخاتری من مەدەن بەخۆتان! من ئەو شتە بچووکانە لەگەڵ خۆم دەبەم.

**ڕوسمار**

چاکە، چاکە. دەخوازن بێنە سەرەوە لەگەڵم.

**ڕیبەکە**

لێیگەڕێ بۆ من. من و مەدام هێلسێت مشوری ئەوە دەخۆین.

**برێندڵ**

هەرگیز ڕێگە بە خۆم نادەم، کە ئەم خانمە خانەدانە -!

**ڕیبەکە**

چی! وەرن، جەنابی برێندڵ.

ڕیبەکە لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە.

**ڕوسمار** برێنداڵ ڕادەگرێ

پێم بڵێ - هیچی دیکە نییە، من بتوانم لە خزمەتتاندا بم؟

**برێنداڵ**

بەڕاستی من نازانم دەبێ ئەو شتە چی بێت. با، بەخوا - بیرم کەوتەوە -! یۆهانس - هەشت کرۆنت پێیە؟

**ڕوسمار**

ئادەی با بزانم. ( جزدانەکەی دەکاتەوە) دوو دەکرۆنی قاغەزم پێیە.

**برێندڵ**

بەڵێ، بەڵێ، فەرقناکات. وەریاندەگرم. هەمیشە بۆم دەگۆڕدرێنەوە لە شار. زۆر سوپاس. بیرت نەچێت، من دوو دەکرۆنیم لێ وەرگرتی. شەوباش، کوڕە ئازیزەکەی خۆم! شەوباش، کاکی بەڕێزم.

لەلای ڕاستەوە دەڕوات، ڕوسماریش یاوەریدەکات و لەدوایەوە دەرگاکە دادەخات.

**کرۆڵ**

خوای میهرەبان - ئەوەش ئەو ئولریك برێندڵەی، کە خەڵك جارێك لە جاران لەوباوەڕەدا بوون، کە ببێت بە کەسێکی گەورە لە دنیا دا.

**ڕوسمار** هێواش

لایەنی کەم، ئەو جورئەتی هەبووە کە بەگوێرەی ئاوەزی خۆی بژی. من هێشتا پێموانییە ئەو هێندە خراپ بێت.

**کرۆڵ**

چی؟ ژیانێکی وەك ئەوەی ئەو! من خەریکە لەو باوەڕە نزیك دەبمەوە، کە هێشتا ئەو، ئەو پیاوە یە کە دەتوانێت جارێکی تریش تێگەیشتنەکانت بشێوێنێت.

**ڕوسمار**

نا نەخێر. من ئێستا لەگەڵ خۆمدا ئاگاداری هەموو شتێکم.

**کرۆڵ**

خۆزگە ئاوها بووایە، ڕوسماری ئازیز. چوونکە تۆ هێجگار بۆ وەرگرتنی کاریگەرییە دەرەکییەکان ئامادەیت هەیە.

**ڕوسمار**

با دانیشین. دەخوازم قسەت لەگەڵ بکەم.

**کرۆڵ**

بەڵێ با دانیشین.

لەسەر قەنەفەکە دادەنیشن.

**ڕوسمار** دوای کەمێك

تۆ پێتوا نییە، ئێمە لیرە ژیانمان باشە و خۆشمان لێدەگوزەرێت؟

**کرۆڵ**

با، ئێستا ئێرە باش و خۆش بووە – ئاشتەوایشی تێدا بەرقەرارە. بەڵێ، تۆ ماڵێکت بۆ خۆت دەست کەوتووە، تۆ، ڕوسمار. منیش ماڵەکەم لە دەستداوە.

**ڕوسمار**

ئازیزم، وا مەڵێ. ئەوەی، کە ئێستا پەرت و بڵاوە بۆتەوە، بە دڵنیاییەوە دووبارە کۆدەکرێتەوە

**کرۆڵ**

هەرگیز، هەرگیز، شوێن زامەکە هەر دەمێنێتەوە. هەرگیز وەك پێشانی لێنایەتەوە.

**ڕوسمار**

گوێبگرە، کرۆڵ. ئێمە هەردووکمان ساڵانێکی زۆر زۆر نزیکی یەکتری بووین. تۆ پێتوایە، بشێ، هاوڕییەتیمان کۆتای بێت؟

**کرۆڵ**

من بزانم، شتێك نییە لە دنیادا، بتوانێت نێوانمان تێك بدات. تۆ چۆن بیر لە شتی وا دەکەیتەوە؟

**ڕوسمار**

لەبەرئەوەی ئێوە لە بۆچوون و دیدگاکاندا جەختێکی زۆر یەکلاکەرەوانە لەسەر ڕێککەوتن دەکەنەوە.

**کرۆڵ**

ئا بەڵێ؛ بەڵام ئێمە هەردووکمان تا رادەیەکی زۆر هاوڕاین. لایەنی کەم لە پرسیارە گەورە سەرەکییەکە دا.

**ڕوسمار** هێواش

نەخێر، چیدی ئێستا نا.

**کرۆل** دەخوازێ هەستێت

ئەمە چییە!

**ڕوسمار** دەیگرێ

نا کرۆل، دانیشە. تکات لێ دەکەم.

**کرۆل**

ئەوە چییە؟ من لیت تێناگەم. ڕاست و ڕەوان قسە بکە!

**ڕوسمار**

هاوینێکی نوێ بەسەر بیر و هۆشمدا هاتووە. دیدگایەکی نوێی گەنجانە. بۆیە ئێستا من لەوێدام.

**کرۆل**

چی، - تۆ لە کوێدایت؟

**ڕوسمار**

لەو شوێنەدا، کە منداڵەکانی تۆی لێ وەستاون.

**کرۆل**

تۆ؟ تۆ! مەحاڵە! گوتت، لە کوێدا وەستاویت؟

**ڕوسمار**

لە هەمان بەرەی ڕاو بۆچوونی لەوریتس و هیلدە.

**کرۆل** سەر دادەنەوێنێت

گومڕا بوونە. یۆهانس ڕوسمار گومڕا بوون.

**ڕوسمار**

من زۆر هەست بە خۆشحاڵی دەکەم - زۆر لەناخەوە بەوە بەختەوەرم، کە تۆ ناوی دەنێیت گومڕا بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئازارم پێدەگەیەنێت. چوونکە بە دڵنیاییەوە من دەمزانی، کە ئەوە دەبێتە مایەیی خەمێکی تاڵ بۆ تۆ.

**کرۆل**

ڕوسمار - ڕوسمار! من هەرگیز ئەمەم لە بیر ناچێتەوە. (بە خەمبارییەوە سەیری دەکات) ئۆ، ئەوەی کە تۆش دەخوازیت هاوبەش بیت لە پێشوازیکردن لە کاری گەندەڵی و تێکدان لەم وڵاتە بەدبەختە دا.

**ڕوسمار**

ئەوە کاری رزگاریخوازییە، کە من دەخوازم تێیدا هاوبەش بم.

**کرۆڵ**

بەڵێ، من ئەوە دەزانم. هەم لە فریودەران و هەم لە گومڕاکەرانەوە وای پێدەڵێن. بەڵام تۆ پێتوایە، لە بیر و هۆشێکی ئاوها دا، کە ئێستا خەریکە تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتیمانە ژەهراوی دەکات، هیچ ئازادییەك هە بێت؟

**ڕوسمار**

من لەگەڵ ئەو بیر و هۆشەدا نیم، کە زاڵە. لەگەڵ ئەو ناکۆکیانەشدا نیم. من دەمەوێت هەوڵی پێکەوە کۆکردنەوەی مرۆڤەکان بدەم لە هەموو لایەکەوە. هیندەی بتوانم و هیندەی لە ناخەوە بێت. من دەخوازم بژیم و تەواوی توانای ژیانم بۆ ئەوە بەکار بهێنم - دیموکراتی ڕاستەقینە لە نیشتیماندا بخولقێنم.

**کرۆڵ**

کەواتە تۆ پێتوانییە ئێمە بەگوێرەی پێویست دیموکراتیمان هەیە! من بەش بەحاڵی خۆم پێموایە ئێمە هەموو پێکەوە بە هیواوە ڕێگەی ڕاستمان گرتووە بۆ لابردنی دژوارییەکان، ئەگینا ئاپۆڕەی خەڵك تەنها مەیلیان لە پوژاندنەوەیە.

**ڕوسمار**

ڕێک لەبەرئەوە من ئەرکی ڕاستەقینەی دیموکراسی دەخەمەڕوو.

**کرۆڵ**

کام ئەرك؟

**ڕوسمار**

ئەو ئەرکەی هەموو مرۆڤەکانی نیشتیمان بکەیتە مرۆڤی ڕەسەنزادە.

**کرۆڵ**

هەموو خەڵك -!

**ڕوسمار**

بەلایانی کەمەوە هێندەی لە تواناداهەبێت.

**کرۆڵ**

بە چ شێوەیەك؟

**ڕوسمار**

بە ڕزگارکردنی بیر و هۆشەکان و بەهێزکردنی ویست، بە بیری من.

**کرۆڵ**

تۆ خەونێکی، ڕوسمار. دەخوازیت ڕزگاریان کەیت؟ دەخوازیت ویستیان بەهێز بکەیت؟

**ڕوسمار**

نەخێر، ئازیزم - من هەر دەخوازم هەوڵی بە ئاگا هێنانەوەیان بدەم بۆ ئەو شتە. وەلێ کردنی ئەوە - ئەوە دەبێت خۆیان بیکەن.

**کرۆڵ**

ئینجا تۆ لەوباوەڕەدایت، ئەوان دەتوانن ئەوە بکەن؟

**ڕوسمار**

بەڵێ

**کرۆڵ**

کەواتە بە هێز و توانای خۆیان؟

**ڕوسمار**

بەڵێ، ڕێك بە هێز و توانای خۆیان. هیچ هێز و توانایەکی دیکە نییە.

**کرۆڵ** هەڵدەسێتە سەرپێ

ئایا قسە کردنە بەو شێوەیە، لایەقی کەسێکی قەشەیە؟

**ڕوسمار**

چیدی من قەشە نیم.

**کرۆڵ**

بەڵێ، بەڵام – ئەی باوەڕەکەی سەردەمی منداڵیت -؟

**ڕوسمار**

چیدی ئەو باوەڕەم نییە.

**کرۆڵ**

نیتە -!

**ڕوسمار** هەڵدەسێتە سەرپێ

دەستم لێ هەڵگرت. دەبوایە من دەستی لێ هەڵگرم، کرۆڵ.

**کرۆڵ** دیارە قسەکان کاریان لێ کردووە وەلێ دانی بەخۆیداگرتووە

بەڵێ. – بەڵێ، بەڵێ، بەڵی. شتەکان یەك بەدوای یەکدا دێن. – ڕەنگە لەبەرئەوە، تۆ لە خزمەتی کەنیسەش چوویتە دەرەوە.؟

**ڕوسمار**

بەڵێ، کاتێك لە خۆم بەئاگا هاتمەوە - ئەوکاتەی تەواو دڵنیابووم لەوەی، ئەوە تەنها فریوێکی کاتی نییە، بەڵکو ئەوە شتێکە، من هەرگیز چیدی نەدەمتوانی یان نەدەمویست لێی بگەڕێمەوە - ئەوکاتە ڕۆیشتم.

**کرۆڵ**

کەواتە ماوەیەکی هێندە زۆر لە نائارامیدا بوویت. ئێمەش - هاوڕێکانت، هیچمان نەدەزانی لەو بارەیەوە. ڕوسمار، ڕوسمار - چۆن تۆ توانیت ئەو هەقیقەتە خەمناکە لە ئێمە بشاریتەوە!

**ڕوسمار**

چوونکە من پێموا بوو ئەو مەسەلەیە، پەیوەندی بە خودی خۆمەوە هەیە. ئینجا نەشم دەویست ببمە مایەی خەم و پەژارەیەکی ناپێویست بۆ تۆ و هاورێکانی دیکەشمان. بیرمکردەوە، لیرە دەتوانم بمێنمەوە و بژیم وەك تا ئێستا ژیاوم، ئارام و دڵخۆش و بەختەوەر. دەمویست هەموو ئەو کتێبانە بخوێنمەوە و قوڵبمەوە تیایاندا، کە پێشتر بۆ من کتێی داخراو بوون. بەراستی لە ناخەوە لە نیو ئەو دنیا گەورەیەی هەقیقەت و ئازادیدا بژیم، کە ئێستا بۆم ئاشکرا بوو بوو.

**کرۆڵ**

گومڕابوون. وشە بە وشەی قسەکانت گەواهی ئەوە دەدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆ بۆ چی دان بە ئەم گومڕابوونە شاراوەیەی خۆتتدا دەنێیت؟ وە ئینجا بۆچی ڕێك ئێستا؟

**ڕوسمار**

تۆ خۆت زۆرت بۆ هێنام  ئەوە بکەم، کرۆڵ.

**کرۆڵ**

من؟ زۆرم بۆ هێنایت -؟

**ڕوسمار**

ئەوکاتەی لەبارەی ڕەفتاری توندوتیژی تۆوەم بیست لە کۆبوونەوەکاندا- کاتێك هەموو ئەو گوتارە لە خۆشەویستی خاڵیانەم خوێندەوە، کە تۆ دەتنووسین - هەموو دەرئەنجامە پڕ کینەکانت دژی ئەوانەی لەبەرەی ئەوبەر بوون - سەرکۆنەکردنە گاڵتەجاڕییەکانت و حوکمدانت بەسەر ئەوانەی دژت بوون – ئۆ، کرۆڵ - تۆ، تۆ، ئاوهات لێبێت! ئەوکاتە بە شیوەیەکی حاشا هەڵنەگرانە ئەو ئەرکە لەبەردەممدا قوت بووەوە. مرۆڤەکان لەم ململانێیەی، کە ئێستا لە ئارادایە خراپ دەبن. پێویستە لێرەدا ئاشتی و خۆشحاڵی و پێکهاتنەوە بگەڕیتەوە بۆ هۆش و بیرەکان. لەبەرئەوە، ئێستا من هاتوومەتە پێشەوە و ئاشکرا دان بەوەدا  دەنێم، کە من چۆنم و چیم. منیش دەخوازم هیز و تواناکانی خۆم تاقیبکەمەوە. ئەی تۆ ناتوانیت – لەلای خۆتەوە – هاوبەشی ئەم کارە بکەیت، کرۆڵ؟

**کرۆڵ**

هەرگیز من لەم ژیانەدا دانووستاندن لەگەڵ هێزی وێرانکەر لە کۆمەڵگەدا ناکەم.

**ڕوسمار**

کەواتە لێگەڕێ، بەلایانی کەمەوە با ململانێکەمان بە چەکێکی نەجیبانە بەێت - ئەگەر ئێمە دواجار بڕیارەکەمان هەر ئەوە بێت.

**کرۆڵ**

من ئەوکەسەی کە لە مەسەلە یەکلاکەرەوەکانی ژیاندا لەگەڵمدا نە بێت، چیدی نایناسم. وە من هیچ ئەمەکدارییەکش بەوکەسە قەرزدار نیم.

**ڕوسمار**

ئەوە منیش دەگرێتەوە؟

**کرۆڵ**

تۆ خۆت، خۆت لە من جیاکردەوە، ڕوسمار.

**ڕوسمار**

بەڵام باشە ئاخر خۆ ئەوە خۆ جیاکردنەوەیە؟

**کرۆڵ**

ئەمە، خۆ جیاکردنەوەیە لەگەڵ هەموو ئەوانەی، هەتا ئێستا لە نزیکت بوون. ئێدی ئێستا دەبێت دەرئەنجامەکانت قبوڵ بێت.

ڕیبەکە وێست لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە و دەرگاکە دەخاتە سەرگازی پشت.

**ڕیبەکە**

تەماشا؛ ئەو ئێستا بەرەو ئاهەنگی گەورەی قوربانیکردنەکەی خۆی ملی ڕێگەی گرت. ئێمەش دەتوانین بچین بۆ نانخواردن. فەرموون، جەنابی بەڕێوەبەر.

**کرۆڵ** شەپقەکەی هەڵدەگرێت

شەوباش خاتوو وێست. من چیدی هیچ کارم بەمماڵە نییە.

**ڕیبەکە** بەگرژییەوە

ئەوە چییە؟ (دەرگاکە دادەخات و نزیکتر دەبێتەوە) گوتان -؟

**ڕوسمار**

پێمگوت ئێستا دەیزانێت.

**کرۆڵ**

ئێمە دەست لە تۆ بەرنادەین، ڕوسمار. ئێمە دووبارە بە زۆر دەتگەڕێنینەوە بۆ لای خۆمان.

**ڕوسمار**

من چیدی ناگەڕیمەوە.

**کرۆڵ**

با بزانین. تۆ ئەو پیاوە نیت، بتوانیت بەتەنیا بەرگەی ڕاوەستان بگریت.

**ڕوسمار**

لەگەڵ ئەوەشدا من تەواو تەنیا نابم، ئێمە لیرە دوو کەسین کە دەچینە ژێر باری تەنیاییەوە.

**کرۆڵ**

ئاهـ -! ( گومانبردنێکی پێوە دەردەکەوێت) ئەمەش! قسەکانی بیاتە -!

**ڕوسمار**

بیاتە -؟

**کرۆڵ** حاشا لە بیرکردنەوەکەی دەکات

نەخێر، نەخێر، - ئەوە ناشرین بوو -. بمبوورە.

**ڕوسمار**

چی؟ کامە؟

**کرۆڵ**

هیچ باسی ئەوە ناکەین. ئۆف! بمبوورە. خوات لەگەڵ!

بەرەو دەرگای سەر ڕاڕەوەکە دەڕوات

**ڕوسمار** دوای دەکەوێت

نابێ ئێمە بەو شێوەیە نێوانمان کۆتایی پێ بێت. سبەینێ دێمە سەردانت.

**کرۆڵ** لە نێو ڕاڕەوەکەدا، ئاوڕدەداتەوە

سەرناکەیت بە ماڵی مندا!

گۆچانەکەی هەڵدەگرێ و دەڕوات.

ڕوسمار ماوەیەك لە نێو دەرگا کراوەکەدا دەوەستێت؛ پاشان دەرگاکە پیوە دەدات و دەچێتە لای مێزەکەوە.

**ڕوسمار**

هیچ نییە، ڕیبەکە. ئێمە بێگومان بەرگەی ئەمە دەگرین. ئێمە دوو هاوڕێی بەوەفای یەکترین. من و تۆ.

**ڕیبەکە**

بەڕای تۆ مەبەستی چی بوو کە گوتی: ئۆف؟

**ڕوسمار**

ئازیزم، گوێ مەدەرە ئەوە. ئەو خۆی باوەڕی بەوە نەبوو، کە گوتی. بەڵام من سبەینێ دەچم بۆ لای. شەوباش!

**ڕیبەکە**

ئەم شەویش ئاوها زوو دەچیتە سەرەوە؟ دوای ئەمە؟

**ڕوسمار**

ئەمشەویش وەك هەمیشە. ئێستا هەست دەکەم سەرشانم زۆر سوکبووە، ئەوەش تەواو. تۆ دەبینیت – من زۆر ئارامم، ڕێبکەی ئازیز. تۆش ئارام بە. شەوباش!

**ڕیبەکە**

شەوباش، هاوڕێی ئازیز! خەوێکی خۆش.

ڕوسمار لەدەرگای سەر ڕاڕەوەکەوە دەچێتە دەرەوە؛ دەبیسترێ کە بەسەر پلیکانەیەکدا سەردەکەوێت.

ڕیبەکەش دەچێت لەلای ئاگردانەکەوە پەتی زەنگی بەئاگا هێنانەوەیەك ڕادەکێشێ. پاش کەمێك مەدام هێلسێت لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە.

**ڕیبەکە**

دەتوانن سفرە و خوانەکە کۆبکەنەوە، مەدام هێلسێت. چوونکە قەشە هیچی ناوێت - و بەڕیوەبەریش چووەوە بۆ ماڵی خۆی.

**مەدام هێلسێت**

بەڕیوەبەر ڕۆیشت؟ بەڕیوەبەر چی بوو؟

**ڕیبەکە** کەرەسەی چنینەکەی هەڵدەگرێت

بەڕیوەبەر پێشبینی هاتنی کەش و هەوایەکی ناخۆشی کرد –

**مەدام هێلسێت**

سەیرە. چوونکە ئەم ئێوارەیە پەڵە هەورێك چییە نابینرێت.

**ڕیبەکە**

هەر ئەسپە سپییەکە نەبینێت. چوونکە دەترسم، بەم زووانە گوێمان لەو جۆرە خێو و جنۆکانەش بێت.

**مەدام هێلسێت**

خوا بتان بەخشێت خاتوون! بەو شێوەیە قسە مەکەن.

**ڕیبەکە**

ئێ، ئێ، ئێ –

**مەدام هێلسێت** هێواشتر

خاتوون بەڕاستی لەوباوەڕەدان، بەم زووانە یەکێك لێرە دیار نامێنیت؟

**ڕیبەکە**

نەخێر، بەڕاستی لەو باوەڕەدا نیم. بەڵام لەم دنیایەدا ئەسپی سپی هێجگار زۆرن، مەدام هێلسێت – بەڵێ، شەوباش. دەچمە ژوورکەی خۆم.

**مەدام هێلسێت**

شەوباش. خاتوون.

ڕیبەکە بە کەرەسەی چنینەکەوە لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە.

**مەدام هێلسێت** لەمپاکان دەکوژێنێتەوە، سەر بادەدات و، بەدەم خۆیەوە بۆڵە بۆڵێک دەکات

خوای گەورە - خوای گەورە. ئەم وێست خاتوونە، جاروبار قسەی ئاوها دەکات.

**دیمەنی دووەم**

ژووری کارکردنەکەی یۆهانس ڕوسمار. لە دیوارەکەی لای چەپدا دەرگای هاتنە ژوورەوە. لە دواوە دەلاقە یەکی لاکێشەیەیی بە پەردەیەکی لادراوەوە، کە دەچێتەوە سەر ژووری نووستنەکە. پەنجەرەیەك لەلای ڕاستەوە و، پێشەوەی مێزی نووسینکە، بە کتێب و کاغەز داپۆشراوە. دیوارەکان ڕەفەی کتێب لەسەر دانان و دۆڵابیان تێدایە. مۆبیلیاتی لە جۆری هەرزان. قەنەفەیەکی کۆن و مێزێك لە پێشەوەی لای چەپدا.

یۆهانس ڕوسمار لە ڕۆبێکدا، لەسەر کورسییەکی پشت درێژ بە تەنیشت مێزەکەوە دانیشتووە. پەڕە پێکەوە نووساوەکانی گۆڤارێك لەیەك دەکاتەوە و پەڕەکان هەڵدەداتەوە و کەمێك لێرە و لەوێ تەماشای دەکات.

لە دەرگاکەی لای چەپ دەدرێت.

**ڕوسمار** بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە

وەرە ژوورەوە.

ڕیبەکە وێست، لە ڕۆبێکی بەیانیاندا، دێتە ژوورەوە.

**ڕیبەکە**

بەیانیت باش.

**ڕوسمار** بەدوای شتێکدا لە گۆڤارەکەدا دەگەڕێت

بەیانیت باش ئەزیزم. هیچت دەوێت؟

**ڕیبەکە**

هەردەمویست بزانم، باش خەوتیت؟

**ڕوسمار**

ئۆ، من زۆر ئاسوودە و خۆش خەوتم. هیچ خەویشم نەبینی -. (ئاوڕدەداتەوە) ئەی تۆ؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ سوپاس. تەماشای سپێدەی بەیانیمکرد -.

**ڕوسمار**

من نازانم، من ماوەیەکی زۆرە وەك هێندەی ئێستا هەستم بە ڕاحەتی دڵ نەکردووە. ئۆ، بەڕاستی خۆش بوو، کە من ئەوەم گوت.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، ڕوسمار، تۆ نەدەبوایە ئەو ماوە زۆرە بێدەنگ بیت.

**ڕوسمار**

من خۆم تێناگەم، چۆن هێندە ترسنۆك بووم.

**ڕیبەکە**

ئێ، ئەوە بەڕاستی لە ترسنۆکییەوە نەبووە –

**ڕوسمار**

با، با، تۆ - من کە بە قوڵی لەوە وورد دەبمەوە، ئەوا شتێك ترسنۆکی لەگەڵدا بووە.

**ڕیبەکە**

زۆر ئازایانە تر، کاتێك پەیوەندیت بە نەریتی ڕابردووەوە پساند. – ( لەسەر کورسیەك لای مێزەکەوە دادەنیشێ) بەڵام ئێستا دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم، کە من کردوومە و - تۆش نابێت بە کەسێکی خراپم بزانیت.

**ڕوسمار**

بەخراپ زانین؟ ئازیزم، تۆ چۆن لەو باوەڕەدایت من -؟

**ڕیبەکە**

با، چوونکە ئەوە ڕەنگە کەمێك لەمنەوە کاری سەربەخۆ بوو بێت، بەڵام –

**ڕوسمار**

ئێ، ئادەی با گوێم لێ بێت.

**ڕیبەکە**

دوێنێ ئێوارە، کاتیك ئولریك برێندڵ دەیویست بڕوات - منیش دوو – سێ دێڕم لەنامەیەکدا نووسی و دامە دەستی بیبات بۆ مۆرتنسگۆرد.

**ڕوسمار** کەمێك دوو دڵانە

بەڵام، ڕیبەکە ئازیزەکەم -. باشە، ئەی چیت نووسی؟

**ڕیبەکە**

بۆم نووسی، ئەگەر بێتو ئەو کەمێك ئاگای لەو مرۆڤە بەدبەختە بێت و یارمەتی بدات بەوەی لە دەستی دێت، خزمەتێکی باش بە تۆ پیشان دەدات.

**ڕوسمار**

ئازیزەکەم، نەدەبوو تۆ ئەوت بکردایە. بەوە تۆ زەرەرت بە برێندڵ گەیاندووە. ئینجا مۆرتنسگۆردیش پیاوێکە، کە من لە ژیاندا زیاتر پێم باشە خۆمی لێ دوور بخەمەوە. خۆ تۆ بەو ناکۆکییەی، من جارێك لەگەڵ ئەو هەمبوو دەزانیت.

**ڕیبەکە**

بەڵام باشە تۆ لەو باوەڕەدا نیت، ئێستا شتێکی زۆر باش بێت؛ ئەگەر تۆ دووبارە پەیوەندییەکی باشت لەگەڵ ئەوەدا هەبێت؟

**ڕوسمار**

من؟ لەگەڵ مۆرتێنسگۆرد؟ بۆچی، بەڕای تۆ؟

**ڕیبەکە**

با، چوونکە تۆ ئێستا ناتوانیت بێ پەژارە بیت - لەبەر ئەوەی کە ئێستا کەوتووەتە نێوان تۆ و هاوڕێکانتەوە.

**ڕوسمار** تەماشای دەکات و سەر بادەدات

هەر بەڕاستی تۆ باوەڕت کرد، کە کرۆڵ یان کەسێك لەوانی دی بخوازن تۆڵە بکەنەوە - ؟ یا بتوانن ئەوە بکەن -؟

**ڕیبەکە**

لە توورە بوونی یەکمجاردا، ئازیز -. کەس ناتوانێ ئەوە بە دڵنیاییەوە بزانێت. من پێموایە - دوای ئەوەی، کە بەڕیوەبەر بەو شێوەیە ئەوەی ئاوها وەرگرت –

**ڕوسمار**

ئۆ، تۆ دەبوایە ئەوت باشتر بناسیایە لەوەی کە بینیت. کرۆڵ سەراپا پیاوێکی شەرەفمەندە. دوای نیوەڕۆ دەچم بۆ شار و قسەی لەگەڵ دەکەم. قسە لەگەڵ هەموویان دەکەم. ئەوسا، تۆش دەبینیت، کە ئەوە چەند ئاسان دەکەوێتەوە –

مەدام هێلسێت لە دەرگاکەی لای چەپەوە دێت.

**ڕیبەکە** هەڵدەسێتە سەرپێ

چییە، مەدام هێلسێت؟

**مەدام هێلسێت**

بەڕیوەبەر کرۆڵ لە خوارەوە لە ڕاڕەوەکەدا وەستاوە.

**ڕوسمار** خێرا هەڵدەسێتە سەرپێ

کرۆڵ!

**ڕیبەکە**

بەڕیوەبەر! نەخێر، تۆ بزانە -!

**مەدام هێلسێت**

دەپرسێ؛ ئایا دەتوانێت بێتە سەرەوە و لەگەڵ قەشەدا قسە بکات.

**ڕوسمار** ڕوو دەکاتە ڕیبەکە

چیم گوت! بەڵێ بە دڵنیاییەوە دەتوانێت. ( دەچێتە لای دەرگاکەوە و بەرەو خوارەوە هاوار دەکات) وەرە سەرەوە، هاوڕێی ئازیز! لە ناخی دڵەوە بەخێر بێیت!

ڕوسمار دەوەستێت و دەرگاکە بە کراوەیی دەگرێت. – مەدام هێلسێت دەڕوات. – ڕیبەکە پەردەی سەردەرگا دەلاقییەکە دادەداتەوە. خەریکی ڕێکخستن دەبێت.

بەڕیوەبەر کرۆڵ شەپقەکەی بە دەستەوەیە و دێتە ژوورەوە

**ڕوسمار** هێواش، دڵخۆشە

من دەمزانی، ئەوە دواجار ئاوها نا بێت –

**کرۆڵ**

من لە چاو دوێنێدا ئەمڕۆ بابەتەکان لەبەر ڕووناکییەکی دیکەدا دەبینم.

**ڕوسمار**

بەڵێ وا نییە، کرۆڵ؟ جیاواز نایبینیت؟ ئێستا، دیارە تۆ بیرت لێکردووەتەوە –

**کرۆڵ**

تۆ تەواو بەهەڵە لێم تێدەگەیت. ( شەپقەکەی دەخاتە سەر مێزکەی تەنیشت قەنەفەکە) خواستی من ئەویە بە تایبەتی لەگەڵتان قسە بکەم.

**ڕوسمار**

بۆچی خاتوو وێست ناتوانێت -؟

**ڕیبەکە**

نەخێر، نەخێر، جەنابی ڕوسمار. من دەڕۆم.

**کرۆڵ** تەماشای خاتوون دەکات

ئینجا دەبێت داوای لێبووردن لە خاتوونیش بکەم، کە بەم بەیانییە زووە من هاتووم. کە کتوپڕیش هاتووم، پێش ئەوەی ئێوە کاتی ئەوەتان هەبێت کە –

**ڕیبەکە** ووردە دەبێتەوە

چۆنچۆنی؟ بۆ پێتانوایە ئەوە هیچی تێدا هەیە ئەگەر من لە ماڵەوە بە ڕۆبی بەیانیانەوە بێم و بچم؟

**کرۆڵ**

خوا بتانپارێزێت! من بە هیچ شێوەیەك نازانم، لە ڕوسمارشهۆڵم چی بووەتە داب و نەریت.

**ڕوسمار**

بەڵام، کرۆڵ - تۆ ئەمڕۆ تەواو گۆڕاویت!

**ڕیبەکە**

من جێتان دەهێڵم، جەنابی بەڕیوەبەر.

لەلای چەپەوە دەچیتە دەرەوە

**کرۆڵ**

بە مۆڵەتی خۆت –

لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت

**ڕوسمار**

بەڵێ، ئازیزم، لێگەڕێ با هاودەمانە دانیشین و پێکەوە قسە بکەین.

ڕوسمار لەسەر کورسییەك بەرامبەر بەڕیوەبەر دادەنیشێت.

**کرۆڵ**

لە دوێنێوە چاوم نەچووەتە خەو. تەواوی شەو پاڵکەوتبووم و هەر بیرم دەکردەوە.

**ڕوسمار**

ئەی باشە مرۆڤ تۆ ئێستا دەڵێیت چی؟

**کرۆڵ**

دورودرێژە، ڕوسمار. با پێشەکی لە ئولریك برێندڵەوە دەست پێبکەم و، کەمێکت لە بارەیەوە بۆ بگێڕمەوە.

**ڕوسمار**

بۆ ئەو لەلای تۆ بوو؟

**کرۆڵ**

نەخێر. ئەو چووە لە بارێکی ئاست نزم دانیشتووە. بێگومان لەگەڵ هیچ و پوچترین خەڵکدا. خواردوێتییەوە و هەتا پارەی پێ بووە پارەی داوە. پاشان گاڵتەی بە مەجلیسەکە هەموویکردووە و بە نزمترین و نە خوێدەوارترین چینی کۆمەڵگەی تۆمەتبارکردون. بەهەرحاڵ ئەو لەوەدا لە سەر هەقە. بەڵام پاشان پیاوە بەهێز و کەتەکانی بۆ هاتوون و فڕێیان داوەتە نێو زێرابی بەردەرگای بارەکە.

**ڕوسمار**

کەوابێ ئەمە کەسێکە چاکبوونی ئەستەمە.

**کرۆڵ**

باڵاپۆشەکەشی بە بارمتە دانا بوو. بەڵام دوایی بە پارە بۆی گەڕێندراوەتەوە. دەتوانی هەڵی بێنی، کێ ئەوەی کردووە؟

**ڕوسمار**

ڕەنگە تۆ خۆت؟

**کرۆڵ**

نەخێر. جەنابی مۆرتنسگۆردی نەجیبزادە.

**ڕوسمار**

بەڵێ.

**کرۆڵ**

ڕێگەم بە خۆمدا بڵێم، کەیەکەم سەردانی جەنابی برێندڵ بۆلای گێل و ساویلکان بووە.

**ڕوسمار**

ئەوە بۆ ئەو ڕێك بەختەوەری بووە -.

**کرۆڵ**

بە دڵنیاییەوە وا بووە. ( خۆی دەباتە پێشەوە، کەمێك لە ڕوسمار نزیکتر دەبێتەوە) بەڵام ئێستا ئیمە لە مەسەلەیەك نزیک بوینەتەوە، کە من لەبەر خاتری هاوڕییەتی کۆن ئەرکمە لەبارەیەوە ئاگادارت بکەمەوە.

**ڕوسمار**

ئەو مەسلەیە چییە، ئازیزم؟

**کرۆڵ**

ئەویش ئەوەیە کە لێرە لەمماڵەدا لە پشتی تۆ وە گەمەیەك ئەنجام دەدرێت.

**ڕوسمار**

تۆ چۆن باوەڕ بەوە دەکەیت؟ ئایا ڕێبە - ئایا مەبەستت، خاتوو وێستە؟

**کرۆڵ**

بەڵێ دروست ئەو. من زۆر چاك لەلایەنی ئەوەوە لەوە تێ دەگەم. ئێستا ماوەیەکی زۆرە ئەو لێرە لەسەر ئەوە ڕاهاتووە کەسێکی بڕیاردەر بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا –

**ڕوسمار**

کرۆڵی ئازیز، تۆ لەمەیاندا تەواو هەڵەیت. من و ئەو - ئێمە هیچ لە یەکتری ناشارینەوە.

**کرۆڵ**

ئایا ئەو لەبەردەمی تۆدا دانیناوە بەوەدا، کە ئەو لەگەڵ سەرنووسەری «بروسکەی ئاگردا» دەستیکردوە بە نامە گۆڕینەوە؟

**ڕوسمار**

ئۆ. تۆ مەبەستت ئەو چەند دێڕەیە، کە ئەو بە ئولریک برێندڵدا نار دبووی

**کرۆڵ**

کەواتە تۆ ئەوە دەزانیت. ڕازیشیت، کە ئەو ئاوها لەگەڵ ئەم ڕیسوایەدا پەیوەندی دروست بکات، کە هەموو هەفتەیەك هەم لەسەر کاروباری قوتابخانەکەم و هەم لەسەر ڕەفتار و کردای خۆم، دەمکاتە گاڵتەجاڕی خەڵك؟

**ڕوسمار**

ئازیزەکەم، ئەو بە دڵنیاییەوە بەهیچ شیوەیەک بیری لەو لایەنەی مەسەلەکە نەکردووەتەوە. ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا، بێگومان ئەویش ئازادی تەواوی لە کاروکرداری خۆیدا هەیە، هەروەك چۆن من ئازادیی خۆمم هەیە.

**کرۆڵ**

کەواتە؟ بەڵێ، ئەوەش هەر سەر بەو ڕێبازە نوێیەیە، کە تۆ ئێستا گرتووتەبەر. چوونکە لەوێدا، کە تۆ ئامادەیت هەیە، خاتوو وێستیش هەر لەوێیە؟

**ڕوسمار**

وایە. ئێمە هەردووکمان پێکەوە وەفادارانە کارمان بۆ بەرەو پێشەوە چوون کردووە.

**کرۆڵ** تەماشای دەکات و هێواش سەربادەدات

تۆ ئەی پیاوی، کوێر و فریوخواردوو!

**ڕوسمار**

من؟ چۆن وا دەڵێیت؟

**کرۆڵ**

چوونکە من ناوێرم – نامەوێ بیر لە خراپترین شت بکەمەوە. نەخێر، نەخێر؛ با بە ڕاشکاوانە قسە بکەم. – تۆ هەر بەڕاستی هاوڕێیەتی من و ناوبانگی منت بەلاوە قەدرگرانە، ڕوسمار؟ وانیە؟

**ڕوسمار**

من پێویست ناکات وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە.

**کرۆڵ**

ئێ، بەڵام شتی دیکە هەیە، کە پێویستی بە وەڵام و - بە ڕوونکردنەوەی تەواوی تۆ هەیە.- بەلاتەوە ئاساییە، من جۆرە لێ کۆڵینەوەت لەگەڵدا بکەم -؟

**ڕوسمار**

لێکۆڵینەوە؟

**کرۆڵ**

بەڵێ، من پرسیارت لەبارەی هەندێ شتەوە لێ دەکەم، کە ڕەنگە بۆ تۆ بە بیرهێنانەوەیان مایەی شەرمەزاری بێت. دەبینیت - ئەم مەسەلەی لەباوەڕ وەرگەڕانەت - هەروەها، مەسەلەی ڕزگاربوونت، وەک خۆت دەیڵێیت - پەیوەندی بە زۆر شتی دیکەوە هەیە، کە پێویستە تۆ لە پێناوی خۆتتا ئاگادارم بکەیتەوە.

**ڕوسمار**

هاوڕێی ئازیز، پرسیارکە، دەربارەی ئەوەی تۆ خۆت دەخوازیت. من هیچم نییە بیشارمەوە.

**کرۆڵ**

کەواتە پێم بڵێ - بەڕاست بە بڕوای تۆ ئەو هۆکارە سەرکییە چی بوو، کە وای لە بیاتە کرد کۆتایی بە ژیانی بهێنێت؟

**ڕوسمار**

بۆ تۆ دەتوانیت گومان لەوە بکەیت؟ یاخود، ڕاستر بڵێم، ئایا دەکرێ لە بارەی هۆکاری ئەوەی، کە کەسێکی بەدبەختی، نەخۆش و بێ ئاوەز دەیکات، پرسیار بکرێت؟

**کرۆڵ**

ئایا تۆ دڵنیاییت لەوەی، کە بیاتە تەواو کەسێکی بێ ئاوەز بوو؟ لە هەموو حاڵەتێکدا دکتۆرەکان پێیان وابوو کە ئەوە ڕەنگە بەتەواوی یەکلا نەبوو بێتەوە.

**ڕوسمار**

ئەگەر دکتۆرەکان بەو شێوەیە ئەویان ببینیایە، وەك چۆن من زۆرجار بە شە و بە ڕۆژ ئەوم دەبینی، ئەوا گومانیان لەوە نەدەکرد.

**کرۆڵ**

ئەوکاتە منیش گومانم نەدەکرد.

**ڕوسمار**

ئۆ نەخێر، بەداخەوە ئەوکاتە گومانکردن مەحاڵبوو. خۆ من لەبارەی سۆزدارییە سرك و جڵەونەگیراوەکانی ئەوەوە قسەم بۆکردیت - ئەو داوایەدەکرد، من تۆڵە بکەمەوە. ئۆ، ئەو ترسەی، ئەو خستییە دڵمەوە! ئینجا دایم سەرزەنشتکردنی خۆی لەم ساڵانەی دواییدا، بێ بنەما و وێرانکەر بوو.

**کرۆڵ**

بەڵێ، ئەوکاتە ئەو زانیبووی، کە تا کۆتایی ژیانی بێ منداڵ دەبێت.

**ڕوسمار**

ئێ، کەواتە هەر خۆت بیری لێ بکەرەوە -. ئازارێکی ڕوحی شپرزەکەر و مەترسیداری بەهێز بۆ شتێك کە ئەو خۆی تەواو بێتاوانە تێیدا -! ئینجا دەبێ ئەوە شتیکی عەقڵانی بوو بێت؟

**کرۆڵ**

هـم-. ئەی بیرت دێتەوە، تۆ کتێبت لە ماڵەوە هەبوو بێت لەوکاتەدا، کە باس لە مەبەستی هاوسەرگیری بکات – بەپێی تێڕوانینی پێشکەوتووی سەردەمی ئێمە؟

**ڕوسمار**

بیرمە، خاتوو وێست کتێبێکی ئاوهای بە قەرز دامێ. چوونکە ئەو کتێبخانەکەی دکتۆری بە میراتی بۆ مایەوە، وەك خۆت دەزانیت. بەڵام کرۆڵی ئازیز، خۆ تۆ هەرگیز لەو باوەڕەدا نیت، ئێمە هێندە کەمتەرخەم بوویێتین کە ئەو نەخۆشە داماوەمان لەو جۆرە شتانەوە گلاند بێت؟ من دەتوانم بە دەنگی بەرز دڵنیاتان بکەمەوە، ئێمە هیچ تاوانمان نییە. ئەوە دەمارە تێکچووەکانی مێشکی ئەو خۆی بووە، کە ئەوی گومڕایانە بە لاڕێدا بردووە.

**کرۆڵ**

من بەلایانی کەمەوە ئێستا دەتوانم شتێکت پێ بڵێم. ئەویش ئەوەیە، کە ئەو بیاتە داماوە دەردەدار و ئاڵۆزە [ لە واقیع دوورە] کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا تا تۆ بتوانیت خۆش بژیت - بە ئازادی و – بە گوێرەی ئارەزووەکانت بژیت.

**ڕوسمار** لەسەر کورسییەکە نیوەچڵ بەرز دەبێتەوە

تۆ دەتەوێت بڵێی چی؟

**کرۆڵ**

ئێستا پێویستە تۆ ئارام گوێم لێ بگریت، ڕوسمار. چوونکە من ئێستا دەتوانم ئەوە بگێڕمەوە، کە ئەو لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا دووجار سەردانیکردم، بۆئەوەی گلەیی لەدەست ترس و نائومێدی خۆی بکات.

**ڕوسمار**

هەردووجارەکە بۆ هەمان مەسەلە؟

**کرۆڵ**

نەخێر. یەکەمجاریان هات و لەسەرئەوە مەکوڕ بوو کە تۆ خەریکی لە ڕێگەی ڕاست لادەدەیت. دەتەوێت دەست لە باوەڕی باوانت هەڵگریت.

**ڕوسمار** بە حەماسەوە

ئەوەی تۆ دەیڵێیت، شتێکی مەحاڵە، کرۆڵ! تەواو مەحاڵە! تۆ دەبێت لەمەدا هەڵە بیت.

**کرۆڵ**

بۆچی؟

**ڕوسمار**

با، چوونکە ئەوماوەیەی بیاتە لە ژیاندا بوو، من هێشتا لەگەڵ خۆمدا لە گومان و جەنگدا بووم. ئەو جەنگەشم بە تەنیا و بە بێدەنگی تەواوەوە کرد. من لەو باوەڕدا نیم ئەوسا، ڕیبەکە –

**کرۆڵ**

ڕیبەکە؟

**ڕوسمار**

ئا بەڵێ - خاتوو **وێست**. من بۆ ئاسانکاری ئەو بە **ڕیبەکە** بانگ دەکەم.

**کرۆڵ**

تێبینی ئەوەم کردبوو.

**ڕوسمار**

بۆیە بۆ من ئەوە تێگەیشتنی سەختە، چۆن بیاتە ئەوەی بە مێشکدا هاتووە. ئینجا بۆچی نەهات لەگەڵ خۆمدا لەوبارەیەوە قسە بکات؟ ئەو هەرگیز ئەوەی نەکرد. هەرگیز بە وشەیەکیش.

**کرۆڵ**

ئەو داماوە - داوی لێکردم و لێم پاڕایەوە کە من قسەت لەگەڵ بکەم.

**ڕوسمار**

ئەی تۆ بۆ ئەوەت نەکرد؟

**کرۆڵ**

بۆ ئەوسا من بۆ ساتەوەختێکیش گومانم لەوە نەبوو، کە ئەو عەقلی تێکچووە؟ ئینجا تۆمەتبارکردنێکی ئاوهاش بەرامبەر پیاوێکی وەك تۆ! – دوای مانگێک – دووبارە هاتەوە. ئەوکاتە ئەو ئارامتر دیار بوو. بەڵام کە ڕۆیشت، گوتی: بەم زووانە دەتوانن لە ڕوسمارشهۆڵم چاوەڕێی ئەسپە سپییەکە بن.

**ڕوسمار**

بەڵێ، بەڵێ. ئەسپە سپییەکە - ئەو زۆرجار باسی دەکرد.

**کرۆڵ**

ئینجا کە ویستم لەو بیرە خەمناکانەی دوورخەمەوە، ئەو لە وەڵامدا گوتی: من کاتم زۆر نەماوە. چوونکە یۆهانس پێویستە هەر ئێستا زوو لەگەڵ ڕیبەکەدا هاوسەرگیری بکات.

**ڕوسمار** تاڕادەیەك واقوڕماو

ئەوە تۆ، دەڵێی چی -؟ من هاوسەرگیری لەگەڵ -!

**کرۆڵ**

ئەوە پاش نیوەڕۆی پێنج شەمەیەك بوو. – ئێوارەی شەمە لە پردەکەوە خۆی فڕیدابووە خوارەوە بۆ نێو تاڤگەی ئاشەکە.

**ڕوسمار**

تۆش، ئێمەت ئاگادر نەکردەوە -

**کرۆڵ**

تۆ خۆت دەزانیت، چەند زوو زوو ئەو باسی ئەوەی دەکرد کە ئەو بە دڵنیاییەوە دەبێت بەم زووانە بمرێت.

**ڕوسمار**

من ئەوە باش دەزانم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە؛ - تۆ ئێمەت لەوە ئاگادار بکردیاتەوە!

**کرۆڵ**

منیش بیرم لەوە کردەوە. بەڵام  ئاوسا ئیتر درەنگ بوو.

**ڕوسمار**

بەڵام ئەی بۆچی دوای ئەوە قسەت نەکرد -؟ بۆچی ئەمەت هەمووی شاردەوە؟

**کرۆڵ**

چ کەڵکی هەبوو هاتن بۆ ئێرە و زیاتر ئازار و ئەشکەنجە دانی تۆ؟ من ئەوەم هەمووی وەك خەیاڵاتی بەتاڵ و گومڕاکەر هێشتبووە.- هەتا دوێنێ شەو.

**ڕوسمار**

کەواتە چیدی ئەوە لای تۆ وا نییە؟

**کرۆڵ**

بیاتەم بە ڕوونی نەبینی، ئەوکاتەی گوتی؛ کە تۆ دەخوازیت لە باوەڕی منداڵیت وەرگەڕێیت؟

**ڕوسمار** تەماشای بەردەمی خۆی دەکات

بەڵێ، لەوە تێناگەم. ئەوە گەرەترین لووغزە بۆ من.

**کرۆڵ**

لووغز بێت یان نا - ئەوە ئێدی ئاوهایە. ئینجا ئێستا لێت دەپرسم، ڕوسمار -

چەند ڕاستی لە تۆمەتبارکردنەکەی تری ئەودا هەیە؟ مەبەستم، لەم دواییانەدا.

**ڕوسمار**

تۆمەتبارکردن؟ بۆ ئەوە تۆمەتبارکردن بوو؟

**کرۆڵ**

ڕەنگە تۆ تێبینی چۆنێتی گوتنی وشەکانت نەکرد بێت. ئەو دەیویست بڕوات، وای گوت-. بۆچی؟ ها؟

**ڕوسمار**

با، لەبەرئەوەی من ڕیبەکە بکەمە هاوسەرم -.

**کرۆڵ**

وشەکان تەواو بەو شێوەیە نەگوتران. بیاتە بە شێوەیەکی جیاواز خۆی دەربڕی. ئەو گوتی: من کاتم زۆر نەماوە. چوونکە هەرئێستا یۆهانس پێویستە لەگەڵ ڕیبەکەدا هاوسەرگیری بکات.

**ڕوسمار** ماوەیەکی کورت سەیری دەکات؛ پاشان هەڵدەستێتە سەرپێ

کرۆڵ، ئێستا لێت تێدەگەم.

**کرۆڵ**

ئێ؟ ئەی تۆ وەڵامت چییە؟

**ڕوسمار** بەردەوام بێدەنگ و دان بەخۆدا گرتوانە

بۆ شتێکی ئاوها نەبیستراو -؟ ڕاسترین وەڵام تەنها ئەوەیە ئاماژە بۆ دەرگای چوونە دەرەوەت بۆ بکەم.

**کرۆڵ** هەڵدەستێتە سەرپێ

چاکە و بەجێ.

**ڕوسمار** لەبەردەمیدا ڕادەوەستێ

گوێبگرە. دوانزە مانگ و یەك ڕۆژە - کە بیاتە نەماوە - ڕێبەکە وێست و من بە تەنیا لە ڕوسمارشهۆڵم دەژین. هەموو ئەو ماوەیە تۆ بەو تۆمەتەبارکردنەی بیاتەت زانیوە دژ بە ئێمە. بەڵام هەرگیز من بۆ ساتەوەختێکش چیە تێبینی ئەوەم نەکرد، تۆ تووڕەبیت لەوەی، ڕیبەکە و من لێرە پێکەوە دەژین.

**کرۆڵ**

من هەتا دوێنێ ئیوارەش نەمدەزانی، ئەوانەی ڕابەرایەتی ئەم پێکەوە ژیانەیان کردووە، پیاوێکی لە دین وەرگەڕاو و ئافرەتێکی – ئازاد بووە.

**ڕوسمار**

ئەها -! کەواتە تۆ باوەڕ ناکەیت بیر و هۆشی تەمیز، لەلای خەڵکی لە دین وەرگەڕاوە و ئازاد بوونی هەبێت؟ تۆ باوەڕ ناکەیت، ئەوە شتێکی شیاو بێت کە ئەوانیش وەك پێویستیەکی سروشتی مەرجی ئاکار و ڕەوشتیان تێدا بێت!

**کرۆڵ**

من پشت بەو جۆرە ئاکارە نابەستم زۆر، کە ڕەگ و ڕیشەی لە باوەڕی کڵێسادا نییە.

**ڕوسمار**

ئینجا ڕێگە [بەخۆت] دەدەیت ئەمە من و ڕیبەکەش بگرێتەوە؟ پەیوەندییەکەی من و ڕیبەکەش -؟

**کرۆڵ**

ناتوانم لەبەر بەرژەوەندی ئێوە هەردووکتان لەو بیرە لابدەم، کە خەرەندێکی بێبن لە نێوان بیری ئازاد و – هەم.

**ڕوسمار**

و چی؟

**کرۆڵ**

ـ وە پەیوەندی سێکسی ئازادا هەیە - مادام تۆ دواجار هەر حەزدەکەیت ئەوە ببیستیت.

**ڕوسمار** هێواش

ئینجا تۆ شەرم ناکەیت وام پێ دەڵێیت! تۆ، کە لە سەرەتای لاوێتیمەوە من دەناسیت.

**کرۆڵ**

ڕێك لەبەرئەوە. من دەزانم، تۆ چەند بە ئاسانی دەکەویتە ژێر کاریگەری ئەو مرۆڤانەی پەیوەندیت لەگەڵیاندا هەیە. ئینجا ئەم ڕیبەکەیەش -. ئا، ئەم خاتوو وێستە - ئێمە بەڕاستی نایناسین. نەخت و پوخت، ڕوسمار - من دەست بەردارت نابم. ئینجا تۆ خۆشت - دەبێت هەوڵبدەیت تا زووە خۆت ڕزگار بکەیت.

**ڕوسمار**

خۆم ڕزگار بکەم؟ چۆنچۆنی -؟

مادام هێلسێت لەدەرگاکەی لای چەپەوە سەیری ژوورەوە دەکات

**ڕوسمار**

چیتان دەوێت؟

**مەدام هێلسێت**

دەمویست بە خاتوون بڵێم بێتە خوارەوە.

**ڕوسمار**

خاتوون لێرە نییە.

**مەدام هێلسێت**

ئاوها؟ (سەیری دەورووبەری خۆی دەکات) سەیرە.

دەڕوات.

**ڕوسمار**

تۆ گوتت -؟

**کرۆڵ**

ئێستا گوێبگرە. چی بە نهێنی لێرە گوزەراوە، ئەوکاتەی بیاتە لە ژیاندا بووە - و تا ئێستاش لێرە چی دەگوزەرێ - من ناخوازم وورد بەدوادا چوونی بۆ بکەم. تۆ لە ژیانی هاوسەرگیریدا هێجگار بێ بەخت بوویت. ئینجا بە شیوەیەك ئەوە دەبێتە پاساوی ڕەفتارکردنت –

**ڕوسمار**

ئۆ، هەر بەڕاستی تۆ چەند کەم من دەناسیت -!

**کرۆڵ**

قسەم پێ مەبڕە. من دەمەوێ بڵێم - ئەگەر دواجار بڕیارە ئەم پەیوەندییە نەشیاوە لەگەڵ خاتوو وێست بەردەوام بێت، ئەوا زۆر پێویستە، تۆ واز لەو گۆڕانکارییە کوتوپڕە - خەمناکەی لە دین وەرگەڕانەت بهێنیت - کە ئەو ڕێنمایکردوویت. لێم گەڕێ با قسەبکەم! من دەڵێم، کاتێك کە شتەکان هەڵە دەکەونەوە، ئەوا بە ناوی خوای گەورەوە، بە هەموو شێوەیەك وەك خۆت دەخوازیت – لە هەموو ڕێبازێك، بیربکەرەوە و ڕای خۆت دەربڕە و باوەڕ بهێنە. بەڵام ڕاو بۆچوونەکانت هەر با لای خۆت بمێننەوە. ئەمە تەواو بابەتێکی شەخسییە. ئیدی هیچ پێویست ناکات، کە شتی ئاوها لە سەرانسەری وڵاتدا جاڕی بۆ بدرێت.

**ڕوسمار**

بۆ من پێویستیە لە هەڵوێستێکی درۆینە و ناڕوون دەربچم.

**کرۆڵ**

بەڵام ڕوسمار تۆ، لەبەرامبەر داب و نەریتی باوباپیرت ئەرکێکت لەسەر شانە! ئەوت بیر بێت! ڕوسمارشهۆڵم لەکاتێکی زۆر دێرینەوە سەرەتای بەبیر نایەتەوە کە وەك ناوەندێك بووە بۆ دسیپلین و ڕێکوپێکی - بۆ بەدەستهێنانی بایەخ پێدانێکی ڕێزدارانەی یەکسان بە هەموو ئەوەی کە لەلایەن باشترینەکانی کۆمەڵگەوە داواکراون و پەسەندکراون. تەواوی ناوچەکە شوێن پەنجەی ڕوسمارشهۆڵمی پێوەیە. ئەوە دەبێتە هۆی سەرلێشێواوییەکی ناخۆش و هیوابڕاوانە، ئەگەر دەنگۆ بکەوێتەوە، کە تۆ لەوەی من دەتوانم ناوی بنێم بنەمای بیرو بۆ چوونی خێزانی **ڕوسمار**، دوورکەوتوویتەوە و لاتداوە.

**ڕوسمار**

کرۆڵی ئازیز - من ئەو بابەتە ئاوها نابینم. من پێمـوایە، ئەوە ئەرکێکی ڕەتنەکراوەی منە کە لێرە کەمێك ڕووناکی و خۆشی بئافرێنم، کە ڕوسماری باوباپیرانم تێیدا ئەو هەموو ماوە دوور و درێژە تاریکی و دژواریان خولقاندووە.

**كرۆڵ** بە مۆڕەوە سەیری دەکات

ئاخر، ئەوە دەبێت بە کارێکی بەنرخ بۆ ئەو پیاوەی کە لەگەڵیدا باوباپیرانیشی نامێنن. واز لە شتی ئاوها بێنە تۆ. ئەوە کارێکی گونجاو نییە بۆ تۆ. تۆ بۆ ئەوە دروست بوویت کە وەك توێژەرێکی ئارام بژیت.

**ڕوسمار**

بەڵێ، ڕەنگە ئەوە وا بێت. بەڵام منیش ئێستا دەخوازم بۆ جارێك بچمە جەنگی ژیانەوە.

**کرۆڵ**

جەنگی ژیان - دەزانیت، ئەو جەنگە بۆ تۆ چۆن دەبێت؟ دەبێتە جەنگی ژیان و مردن لەگەڵ هەموو هاوڕێکانت.

**ڕوسمار** ئارام

ئەوان هێجگار هێندە وەک تۆ دەمارگیر نین.

**کرۆڵ**

تۆ ڕۆحێکی ساویلکەیت، ڕوسمار. تۆ ڕۆح لەبەرێکی بێ ئەزموونیت. تۆ نازانیت، ئەو کەشە زریاناوییەی تۆی تێدەکەویت چەندە بەهێزە.

مەدام هێلسێت دەرگای لای چەپ دەکاتەوە.

**مەدام هێلسێت**

من دەمەوێت لە خاتوون بپرسم –

**ڕوسمار**

ئەوە چییە؟

**مەدام هێلسێت**

یەکێك لە خوارەوەیە، دەخوازیت قسەیەك لەگەڵ قەشەدا بکات.

**ڕوسمار**

ڕەنگە ئەوەبێ، کە دوێنێ ئێوارە لێرە بوو؟

**مەدام هێلسێت**

نەخێر، ئەمە جەنابی مۆرتێنسگۆردە.

**ڕوسمار**

مۆرتێنسگۆرد!

**کرۆڵ**

ئەها! کەواتە هەر لە ئێستاوە! کەوتووینەتە ڕێ!

**ڕوسمار**

چی لێم دەوێت؟ بۆ لێی نەگڕان بڕوات؟

**مەدام هێلسێت**

خاتوون گوتی، پرستان پێبکەم، ئایا دەتاونێت ئەو بێتە سەرەوە.

**ڕوسمار**

پێی بڵێ، ئێرە کەسێکی لێیە –

**کرۆڵ** ڕوودەکاتە مەدام هێلسێت

من لە مەیدان دەکشێمەوە – لە ئێستادا. بەڵام جەنگە سەرکییەکە هێشتا دەستی پێ نەکردووە.

**ڕوسمار**

بە ئەندازەی ڕاستی ژیانم، کرۆڵ - من هیچم لەگەڵ مۆرتێنسگۆردا نییە.

**کرۆڵ**

من چیدی باوەڕم پێت نییە. بە هیچ شتێکت. لەمەودوا لە هیچ ڕوویەکەوە باوەڕت پێ ناکەم. ئێستا ئەوەی هەیە جەنگێکی بێ بەزەییانەیە. ئێمە هەوڵدەدەین، بزانین ناتوانین لە زەرەر پێگەیاندن بتپارێزین.

**ڕوسمار**

ئۆ، کرۆڵ تۆ - چەند قوڵ - کەوتوویتە بن ئێستا!

**کرۆڵ**

من؟ یەکێکی وەک تۆ، وا بە من دەڵێ! تۆ بیاتە لە بیر نەکەیت!

**ڕوسمار**

دووبارە تۆ گەڕایتەوە سەر هەمان بابەت!

**کرۆڵ**

نەخێر، تۆ خۆت مەتەڵی تاڤگەی ئاشەکە بە گوێرەی ویژدانی خۆت چارەسەری بکە - ئەگەر هێشتا شتێک ویژدانت تێدا مابێت.

پێدەر مۆرتێنسگۆرد بێدەنگ و لەسەرخۆ لە دەرگاکەی لای چەپەوە دێتە ژوورەوە. ئەو پیاوێکی بچکۆلەی باریکە و قژ و ڕیشێکی تەنکی سووربااوی هەیە.

**کرۆڵ** بە نیگایەکی کین لە دڵانەوە

ئێ، کەواتە «بروسکەی ئاگر» -. لە ڕوسمارشهۆڵم کەوتەوە. (قۆپچەی باڵاپۆشەکەی دادەخات) بەڵێ، ئیتر من لە گوماندا نیم دەربارەی ئەوەی، دەبێت چ ئاڕستەیەك بگرمە بەر.

**مۆرتێنسگۆرد** بە نەرم و نیانی

«بروسکەی ئاگر» هەمیشە بە داگیرساوی دەمێنیتەوە بۆئەوەی ماڵی بەڕیوەبەر ڕووناك بکاتەوە.

**کرۆڵ**

بەڵێ، ئێوە دەمێکە مەرامی باشی خۆتان پیشانداوە. بەڕاستی ئامۆژگارییەك هەیە کە دەڵێ، ئێمە نابێت شایەتی درۆ لە دژی کەسانی دیکە بدەین –

**مۆرتێنسگۆرد**

پێویست ناکات بەڕێوەبەری قوتابخانە لە بارەی ئامۆژگارییەکانەوە وانەم پێ بڵێتەوە.

**کرۆڵ**

لەبارەی ئامۆژگاری شەشەمینیشەوە[5] پیویست بە وانە گوتنەوە ناکات.

**ڕوسمار**

کرۆڵ -!

**مۆرتێنسگۆرد**

ئەگەر پێویستی کرد، ئەوا قەشە نزیکترین کەسە بۆ ئەو کارە.

**کرۆڵ** بەدەستی شاردراوەوە

قەشە؟ بەڵێ، بێ ڕەتکردنەوە قەشە ڕوسمار لەم بابەتەدا نزیکترین پیاوە. – سەر بەخێر بێت، بەڕێزان!

دەڕوات و دەرگاکە لەدوای خۆیەوە دادەخات.

**ڕوسمار** هەروا دەوەستێ و تەماشای دەرگاکە دەکات و بەبەرخۆیەوە دەڵێت

بەڵێ، بەڵێ - با وا بێت. (ئاوڕ دەداتەوە) دەخوازن چیم پێ بڵێن، جەنابی مۆرتێنسگۆرد، چی ئیوەی هێناوەتە ئێرە بۆ لای من؟

**مۆرتێنسگۆرد**

لە ڕاستیدا ئەوەی دەمویست ببینم، خاتوو وێست بوو. وابزانم، لەبەر نامە باشەکەی، کە دوێنێ پێم گەیشت، بە پێویستم زانی سوپاسی بکەم.

**ڕوسمار**

من دەزانم، ئەو نامەی بۆ نووسیوون. ئەی قسەتان لەگەڵ خاتوون کرد؟

**مۆرتێنسگۆرد**

بەڵێ، کەمێك. (بە زەردەخەنەیەکی هێواشەوە) دەبیستم، شێوەی بیرکردنەوەکان دەربارەی شتەکان لێرە لە ڕوسمارشهۆڵم گۆڕاوە.

**ڕوسمار**

---

[5] ئامۆژگاری شەشەم لە تەوجیلەوە: تۆ نابێت زینا بکەیت. (٢.موسا ١٤،٢٠) مەبەستی کرۆڵ ئەوەیە کە ئەو پیاوێکی زیناکارە. وەرگێڕ

شێوەی بیرکردنەوەکانی من لە زۆر شتتدا گۆڕاوە. دەتوانم بڵێم – لە هەموو شتێکدا.

**مۆرتێنسگۆرد**

خاتوون ئەو گوتی. ئینجا بۆیە ئەو ڕای وابوو، من بێمە سەروە و لەم بارەیەوە کەمێك لەگەڵتاندا قسەبکەم.

**ڕوسمار**

دەربارەی چی، جەنابی مۆرتێنسگۆرد؟

**مۆرتێنسگۆرد**

دەتوانم لە «بریسکەی ئاگردا» باسی ئەوە بکەم، کە ئێوە جۆرێکی دیکە بیردەکەنەوە - کە ئێوە دەبنە لایانگری دوسییەکانی بیر ئازادان و پێشکەوتوخوازان؟

**ڕوسمار**

بەخۆشحاڵییەوە پێویستە ئەوە بکەن. سەرباری ئەوەش من داواتان لێ دەکەم ئەوە ڕابگەیەنن.

**مۆرتێنسگۆرد**

سبەینێ بەیانی زوو بڵاودەکرێتەوە. ئەوە هەواڵێکی گەورە و گرنگ دەبێت، کە قەشە ڕوسمار لە ڕوسمارشهۆڵم پێیوایە، ئەو دەتوانێت لە پێناو دۆزی ڕووناکیدا بەمانایەك بچێتە جەنگەوە.

**ڕوسمار**

من تەواو لێتان تێناگەم.

**مۆرتێنسگۆرد**

با دروست من پێت بڵێم، ئەوە پاڵپشتتیەکی ئاکارانەی بەهێز دەبەخشێت بە پارتەکەمان هەموو جارێك کە ئێمە باوەڕدارێکی کرستیانی جیدی بۆ خۆمان دەبەینەوە.

**ڕوسمار** کەمێك بە سەیر لێهاتنەوە

کەواتە ئێوە نازانن -؟ ئایا خاتوون وێست پێی نەگوتون؟

**مۆرتێنسگۆرد**

چی، جەنابی قەشە؟ خاتوون بە پەلە وەڵامی دایەوە. گوتی، کە بێمە سەرەوە و باقییەکەی لە ئێوە خۆتانەوە ببیستم.

**ڕوسمار**

ئێ، کەواتە من حەزدەکەم پێتان بڵێم، کە من تەواو خۆم ڕزگارکردووە. لە هەموو لایەکەوە. من ئێستا هیچ پەیوەندییەکم بە بیروباوەڕی کڵێساوە نییە. لەمەودوا هیچ نزیکی ئەو بابەتانە نابمەوە.

**مۆرتێنسگۆرد** حەپەساوانە تەماشای دەکات

نەخێر - ئەگەر بهاتبا و مانگ بکاوتایە خوارەوە، من لەمە زیاترم [پێ سەیر نەدەبوو] -! خودی قەشە خۆی ڕزگار دەکات -!

**ڕوسمار**

بەڵێ، من ئێستا گەیشتوومەتە ئەو شوێنەی ئێوە خۆتان دەمێکە گەیشتوون پێی. دەتوانن سبەینێ لە «بروسکەی ئاگر» دا ئەوەش باسکەن.

**مۆرتێنسگۆرد**

ئەوەش؟ نەخێر، جەنابی قەشە -. بمبوورە، - بەڵام ئەو دیوەی بابەتەکە شایەنی ئەوە نییە دەستی لێبدرێت.

**ڕوسمار**

دەست بۆ ئەوە نەبرێت؟

**مۆرتێنسگۆرد**

مەبەستم ئەوەیە، یەکسەر یەکجار نا.

**ڕوسمار**

بەڵام من تێناگەم -.

**مۆرتێنسگۆرد**

با، چوونکە دەزانن، جەنابی قەشە -. ئێوە ئێستا وەکو من لە هەموو پەیوەندییەکاندا نین، وەك من بزانم. بەڵام ئێستا ئێوە کە چوونەتە سەر ئاڕاستەی بیرئازادان و - ئینجا، وەك خاتوون وێست گوتی - دەخوازن بەشداری بزوتنەوەکەش بکەن - کەوابوو بەو ئارەزووەوە ئەوکارە بکەن، کە هەم بۆ ئاڕاستەکە و هەم بۆ بزوتنەوەکەش، بە هەموو شێوەیەکی کە لەتواناتاندا هەیە، زۆر بە سوود بێت.

**ڕوسمار**

بەڵێ، من زۆر لەناخەوە ئەوە دەخوازم.

**مۆرتێنسگۆرد**

ئێ؛ بەڵام من دەخوازم ئێوە ئەوە بزانن، جەنابی قەشە، ئەگەر لێرەدا بەئاشکرا ئەم شتە بهێننە پێشەوە سەبارەت بە لە کڵێسا لادانەکەتان، ئەوا لەیەکەم خولەکەوە یەکسەر دەستەکانی خۆتان دەبەستنەوە.

**ڕوسمار**

ئێوە لەوباوەڕەدان؟

**مۆرتێنسگۆرد**

بەڵێ، لەوە دڵنیابن، ئەوکاتە ئەوەی ئێوە بەدەستی دەهێنن لێرە لەم ناوچانەدا زۆر نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا - ئێمە بەئەندازەی پێویست پێشوەخت بیرمەندانی ئازادمان هەیە، جەنابی قەشە. خەریکە بڵێم - ئێمە زۆر زۆرمان لەو جۆرە خەڵکانە هەیە. ئەوەی، حیزب پێویستی پێیەتی، کەسە بە ڕەگەز کرستیانەکانە – کەسێکی ئاوها، کە هەمووان دەبێ ڕێزی بگرن. ئەوە ئەو شتەیە، کە ئێمە زۆر کەممان هەیە. بۆیە ئامۆژگاری ڕاست و دروست ئەوەیە، کە ئێوە هەموو ئەو جۆرە شتانەی پەیوەندی بە خەڵکەوە نییە، لای خۆتان بە نهێنی هەڵگرن. بڕوانە، ئەوە ڕای منە.

**ڕوسمار**

ئاوها بەڵێ. کەواتە ئێوە ناوێرن یاوەریم بکەن، ئەگەر من ڕاشکاوانە دان بە لە دین وەرگەڕاندنی خۆمدا بنێم؟

**مۆرتێنسگۆرد** سەربادەدات

ئەگەر زۆر پێویست بێت دەوێرم، جەنابی قەشە. لەم دواییانەدا بۆ خۆم کردووە بە یاسا، هەرگیز پشتیوانی کەسێك یان شتێك مەکە، کە زیان بە شتەکانی کڵێسا بگەیەنێت.

**ڕوسمار**

بۆ ئیوە خۆتان بەم دواییانە گەڕاونتەوە بۆ کڵێسا؟

**مۆرتێنسگۆرد**

ئەوە بابەتێکی جیاوازە.

**ڕوسمار**

ئێ، کەوابێت ئەوە ئاوهایە. بەڵێ، ئێستا لێتان تێدەگەم.

**مۆرتێنسگۆرد**

جەنابی قەشە - پێویستە ئەوەتان بیر نەچێت، کە من - بە تایبەتی من،- ئازادی تەواوم لە مامەڵەکردندا نییە.

**ڕوسمار**

چی دەست و پێی بەستوونەتەوە؟

**مۆرتێنسگۆرد**

ئەوەی دەست و پێی بەستومەتەوە، ئەوەیە کە من بۆ هەمیشە وەك کەسێکی تاوانبار نیشانەکراوم.

**ڕوسمار**

ئاها - بەڵێ.

**مۆرتێنسگۆرد**

پیاوێکی مۆر لێدراوم، جەنابی قەشە. ئێوە دەبوایە بە تایبەتی ئەوەتان لە بیر بووایە. چوونکە پیش هەموو شتێك ئەوە ئێوە بوون، کە ئەو مۆرەتان لە من دا.

**ڕوسمار**

ئەگەر ئەوکاتە من لە جێی ئێستام بوومایە، ئەوا هێواشتر من دەستم بۆ ناوبانگتان دەبرد.

**مۆرتێنسگۆرد**

منیش لەو باوەڕەدام. بەڵام تازە درەنگە. تۆ بۆ هەمیشە ئەو مۆرەت بە منەوە نا. بۆ تەواوی ژیانم. ئێوە، ئێستا تەواو تێناگەن، کە شتی ئاوها مانای چی. بەڵام ڕەنگە بەم زووانە ئێوە خۆتان هەست بەو ژان و سوێیە بکەن، جەنابی قەشە.

**ڕوسمار**

من؟

**مۆرتێنسگۆرد**

بەڵێ، چوونکە ئێوە خۆ لەو باوەڕەدا نین هەرگیز، کە بەڕێوەبەر کرۆڵ و هاورێکانی لێبوردنیان بۆ ئەو جۆرە پێشێلکاریانەی ئێوە هە بێت؟ وە دەڵێن، «ئەمتستیدێندێن» هێجگار دەست دەداتە خوێن ڕشتن. زۆرچاك دەشێ رووبدات، کە ئێوەش ببنە پیاوێکی مۆرلێدراو.

**ڕوسمار**

من هەست دەکەم کەسایەتیم لە هیچ لایکەوە هێرشی ناکرێتە سەر، جەنابی مۆرتێنسگۆرد. ڕەفتار و هەڵسوکەوتم هێرشی ناکرێتە سەر.

**مۆرتێنسگۆرد** بە زەردەخەنەیەکی میهرەبانانەوە

ئەو قسەیە زێدە ڕۆیی تێدایە، ئەوە، جەنابی قەشە.

**ڕوسمار**

ڕەنگە وابێت. بەڵام من مافی ئەوەم هەیە زیادە ڕۆیی بکەم.

**مۆرتێنسگۆرد**

ئەی ئەگەر ئەوان بخوازن بە ووردی گەڕان بۆ ڕەفتا و هەڵسوکەوتان بکەن، وەکو ئێوە ئەوجارە بۆ منتانکرد؟

**ڕوسمار**

ئێوە زۆر سەیر ئەمە دەڵێن. ئەو شتە چییە، کە ئێوە مەبەستتانە؟ ئایا شتێکی تایبەتە؟

**مۆرتێنسگۆرد**

بەڵێ، ئەوە دۆزێکی تایبەتە. دۆزێکی تاک و تەنها. بەڵام ئەوە دەتوانێ نامیهرەبان بێت، ئەگەر نەیارانی نیەت خراپ پێی بزانن.

**ڕوسمار**

فەرموون، ئەو شتە چییە، باسیکەن با گوێم لێ بێت.

**مۆرتێنسگۆرد**

ئەی جەنابی قەشە ئێوە خۆتان ناتوانن ئەو [مەتەڵە] هەڵ بێنن؟

**ڕوسمار**

نەخێر، هەرگیز، بە هیچ شێوەیەك.

**مۆرتێنسگۆرد**

بەڵێ، بەڵێ، کەواتە با من ئیتر بیدرکێنم. من لەلای خۆم نامەیەکی سەیرم پاراستووە، کە لێرەوەە لە ڕوسمارشهۆڵمەوە نووسراوە.

**ڕوسمار**

مەبەستان، نامەکەی وێست خاتوونە؟ بۆ ئەوە هێندە سەیرە؟

**مۆرتێنسگۆرد**

نەخێر، ئەو نامەیە سەیر نییە. بەڵام جارێك نامەیەکی دیکەم لەم مەزرایەوە پێگەیشت.

**ڕوسمار**

ئەوەشیان لە وێست خاتوونەوە؟

**مۆرتێنسگۆرد**

نەخێر، جەنابی قەشە.

**ڕوسمار**

ئێ، ئەی لە کێوە؟ لە کێوە ئیتر؟

**مۆرتێنسگۆرد**

لە هاوسەری کۆچکردووتانەوە.

**ڕوسمار**

لە هاوسەرەکەی منەوە! نامەتان لە هاوسەرکەی منەوە پێگەیشتووە!

**مۆرتێنسگۆرد**

بەڵێ. نامەکەم هەیە.

**ڕوسمار**

هی کەیە؟

**مۆرتێنسگۆرد**

هی دوا ساتەکانی ژیانی هاوسەری وەفاتکردوتانە. ڕەنگە ئەوە ئێستا ساڵ و نیوێك لەمەوبەر بێت. ئینجا ئەوە ئەو نامەیەیە، کە زۆر سەیرە.

**ڕوسمار**

ئیوە باش دەزانن، هاوسەرەکەم ئەوکاتە نەخۆشی بێ ئاوەزی هەبوو.

**مۆرتێنسگۆرد**

بەڵێ، دەزانم، زۆر بوون ئەوانەی، کە لەو باوەڕەدا بوون. بەڵام من پێموانییە، کەس بەو نامەیەدا تێبینی شتی ئاوها بکات. کاتێك کە دەڵێم نامەکە سەیرە، ئەوا مەبەستم شتێکی ترە.

**ڕوسمار**

دەبێ هاوسەرە داماوەکەم چی بینیبێتەوە هەتا دەربارەی بۆتان بنووسێت؟

**مۆرتێنسگۆرد**

نەماکەم لەماڵەوە هەیە. ئەو تاڕادەیەك ئاوها دەست پێدەکات، دەنووسێ، کە ئەو لە ترس و سامێکی زۆردا دەژیت. چوونکە لێرە لەم ناوچانە گەلێ مرۆڤی خراپ هەیە. ئینجا ئەو مرۆڤانەش تەنها بیر لەوە دەکەنەوە کە زەرەر و زیان بە تۆ بگەیەنن.

**ڕوسمار**

بە من؟

**مۆرتێنسگۆرد**

بەڵێ، ئەو وا دەڵێت. ئینجا شتە سەیرەکە دێت. باسی کەم، جەنابی قەشە؟

**ڕوسمار**

بەڵێ بە دڵنیاییەوە! هەمووی. بەبێ سەنسور.

**مۆرتێنسگۆرد**

خانمی کۆچکردو داوام لێ دەکات و تکام لێ دەکات کە من هۆش و ئاوەز بەرز بم. دەڵێ، ئەو دەزانێت، کە قەشە بووە هۆی دەرکردنی من لەکاری مامۆستایەتی. ئینجا زۆر لە دڵەوە داوا دەکات، کە من تۆڵە نەکەمەوە.

**ڕوسمار**

چۆنچۆنی ئەو بیری لە وەی کە تۆ تۆڵە دەسەنیتەوە، کردبووەوە؟

**مۆرتێنسگۆرد**

لە نامەکەدا نووسراوە، ئەگەر هاتوو من دمگۆ[6]م دەربارەی ئەوە بیست، کە لە ڕوسمارشهۆڵم گوناحەکاری بەرپایە، ئەوە نابێت من باوەڕ بەشتی ئاوها بکەم؛ چوونکە ئەوە هەر ئەو جۆرە خەڵکانەن، ئەو دمگۆیانە بڵاودەکەنەوە هەتا زیان بە تۆ بگەیەنن.

**ڕوسمار**

ئەوە لە نامەکەدا نووسراوە!

**مۆرتێنسگۆرد**

جەنابی قەشە ئێوە خۆتان دەتوانن لە بوارێکدا بیخوێننەوە.

**ڕوسمار**

بەڵام من تێناگەم -! باشە بە خەیاڵی ئەو خۆی، ئەو دمگۆیانە لەبارەی چییەوە بوون؟

**مۆرتێنسگۆرد**

یەکەم شت، ئەوەی کە قەشە لە باوەڕی دینی منداڵی خۆی لایداوە. ئەوە خانم تەواو ئەوەی ڕەتدەکردەوە – ئەوکاتە. ئینجا دووهەم شتیش – هم –

**ڕوسمار**

دووهەم شت؟

**مۆرتێنسگۆرد**

بەڵی دووهەم شت دەنووسێت - ئەوەش تارادەیەك پەشۆکێنەرە - کە ئەو هیچ پەیوەندییەکی گوناحبارانەی لە ڕوسمارشهۆڵم ڕەچاو نەکردووە. وە لەو شوێنە هەرگیز شتێکی ناپاکانەی بەرامبەر ئەو نەکراوە. ئینجا ئەگەر دمگۆیەکی لەو جۆرە کەوتەوە، ئەوا تکام لێ دەکات کە من لە «بروسکەی ئاگر» دا، دەست بۆ ئەوە نەبەم.

**ڕوسمار**

ئەی ناوی کەس ناهێنێ؟

---

[6] دمگۆ: شایعە. دیعایە وەرگێر

**مۆرتێنسگۆرد**

نەخێر.

**ڕوسمار**

ئەی کێ نامەکەی بۆ هێنان؟

**مۆرتێنسگۆرد**

من بەڵێنم داوە، کە باسی نەکەم. شەوێکی تاریك بۆیان هێنام.

**ڕوسمار**

ئەگەر کاتی خۆی ئێوە یەکسەر پرسیارتان لێ بکردنایە، ئەوا دەتان زانی، کە هاوسەرە بەدبەختەکەم نەخۆشی عەقڵی هەیە.

**مۆرتێنسگۆرد**

من پرسیم، جەنابی قەشە. بەڵام دەبێ بڵێم، کە من ئەو هەستەم لا دروست نەبوو.

**ڕوسمار**

تێبینیتان نەکرد؟ - بەڵام بەڕاستی بۆچی ئێوە ئێستا لەبارەی ئەم نامە کۆنە پەشیوەوە ئاگادارم دەکەنەوە؟

**مۆرتێنسگۆرد**

بۆئەوەی ئامۆژگاریتان بکەم کە تا ئەوپەڕی لەسەرخۆ بن، قەشە ڕوسمار.

**ڕوسمار**

مەبەستان، لە ژیانمدا لەسەر خۆ بم؟

**مۆرتێنسگۆرد**

بەڵێ، پێویستە لە بیرتان نەچێت، ئێوە لەمڕۆ بەدواوە لە ئاسوودەیدا نین.

**ڕوسمار**

ئێوە بە شیوەیەکی جێگیر مکوڕن لەسەر ئەوە، کە ئەوە شتێکە پێویستە بە نهێنی بمێنێتەوە؟

**مۆرتێنسگۆرد**

من نازانم، بۆچی پیاوێکی ئازاد دەبێ لە هێندەی دەکرێ ژیان بە تەواوەتی بەرێتە سەر وازبهێنێت. بەڵام، وەکو گوتم، لەدوای ئەمڕۆوە ئاگادار بن. ئەگەر دمگۆیەک لەبارەی هەر شتێکەوە، کە ببێتە هۆی ناکۆکی خستنەوە بکەوێتەوە، ئەوە پێویستە ئێوە دڵنیابن لەوەی، ئەوسا تەواوی ڕێبازی بیرئازادان دەکەوێتە بەر نەشتەری ڕەخنە. – قەشە ڕوسمار، خوات لەگەڵ.

**ڕوسمار**

خوات لەگەڵ.

**مۆرتێنسگۆرد**

ئینجا من یەکسەر دەچم بۆ چاپخانە و ئەو هەواڵە مەزنە لە «بروسکەی ئاگر» دا دادەنێنم.

**ڕوسمار**

هەمووی دانێ.

**مۆرتێنسگۆرد**

من هەموو ئەوە دادەنێم، کە خەڵکی باش پێویستیان پێیەتی بیزانن.

ماڵئاوای دەکات و دەڕوات. ڕوسمار لە نێو دەرگاکەدا دەوەستێت، تا ئەو بە پلیکانەکاندا دەچێتە خوارەوە. داخستنی دەرگای دەرەوە دەبیسترێ.

**ڕوسمار** لە ناودەرگاکەدا، بەهێواشی

ڕیبەکە! ڕێ-. هەم. (بە دەنگی بەرز) مەدام هێلسێت - ئەوە وێست خاتوون لە خوارەوە نییە؟

**مەدام هێلسێت** لەخوارەوە دەنگی دەبیسترێت

نەخێر، جەنابی قەشە، لێرە نییە.

پەردەکە لەدواوە لا دەدرێت. ڕیبەکە لە دەلاقەی دەرگاکەوە دەردەکەوێت.

**ڕیبەکە**

ڕوسمار!

**ڕوسمار** ئاوڕدەداتەوە

چی! ئەوە لە ژووری نووستنەکەی من بوویت! ئازیزم، تۆ لەوێ چیت دەکرد؟

**ڕیبەکە** دەچێ بۆ لای

گوێم دەگرت.

**ڕوسمار**

نا، ڕیبەکە، چۆن توانیت ئەوە بکەیت!

**ڕیبەکە**

با، توانیم. چوونکە ئەو زۆر ناشرین دەربارەی ڕۆبی بەیانیانەکەم قسەی کرد –

**ڕوسمار**

ئەها، کەوابوو ئەوکاتەی کرۆڵیش، تۆ لە ژوورەوە بوویت -؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ. دەمویست بزانم، چی لەژێر سەردایە.

**ڕوسمار**

ئینجا خۆ من هەر پێم دەگوتیت.

**ڕیبەکە**

تۆ بە کورتی هەموویت پێ دەگوتم. ئینجا بە دڵنیاییەوە بە خودی وشەکانی ئەو خۆشییەوە نا.

**ڕوسمار**

ئەی گوێت لە هەموو شتێك بوو؟

**ڕیبەکە**

زۆربەی زۆری، وابزانم. من دەبوایە بۆ ماوەیەکی کەم بچمە خوارەوە ، کە مۆرتێنسگۆرد هات.

**ڕوسمار**

ئینجا دووبارە هاتیتەوە سەروە –

**ڕیبەکە**

بە سووکایەتی مەزانە، هاوڕێی ئازیز.

**ڕوسمار**

تۆ خۆت چی بە ڕاست و دروست دەزانیت، ئەوە دەکەیت. تۆ تەواو ئازادیت. – بەڵام تۆ چی دەڵێیت، ڕیبەکە -؟ ئۆ، پێموایە هەرگیز، من پێشتر، بەو شێوەیە پێویستم پێت نەبووە.

**ڕیبەکە**

هەم من و هەم تۆش ئامادە بووین بۆ ئەوەی کە جارێك لە جاران هەر دەبوایە بهاتبایە.

**ڕوسمار**

نەخێر، نەخێر - بۆ ئەم شتە نا.

**ڕیبەکە**

بۆ ئەمە نا؟

**ڕوسمار**

من بیرم لەوە کردبووە، کە درەنگ یان زوو پەیوەندی هاورێیەتی پاک و جوانمان لەکەدار دەکرێ و گومانی لێ دەکرێت. لە کرۆڵەوە نا. لەلایان ئەوەوە من هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد. بەڵام لەو هەموو هزر ناکامڵ و چاو ناڕەسەنانەوە. ئۆ، با، تۆ - ئەوە هۆکاری خۆی هەبوو، ئەوەی من زۆر ئیرەیی بەرانە چارشێوێکم دا بەسەر پەیمانی نێوانماندا. ئەوە نهێنییەکی مەترسیدا بوو.

**ڕیبەکە**

ئۆ، ئینجا ئەوە چییە گوێی بدەیتە، ئەوانی دی چۆن حوکم دەدەن! ئێمە خۆمان دەزانین، کە ئێمە بێگوناحین.

**ڕوسمار**

من؟ بێ گوناحم؟ بەڵێ، من بەڕاستی پێموا بوو – هەتا ئەمڕۆ. بەڵام ئێستا - ئێستا، ڕیبەکە –

**ڕیبەکە**

بەڵێ. ئێستا چی؟

**ڕوسمار**

چۆنچۆنی تاوانبارکردنە مەترسیدارەکانی بیاتە بۆ خۆم ڕوونبکەمەوە؟

**ڕیبەکە** بە قسە پێیڕپینەوە

ئۆ، باسی بیاتە مەکە! لەوە زیاتر بیر لە بیاتە مەکەرەوە! ئەو، ئێستا مردووە، تۆ زۆر چاك لەو دوور کەوتوویتەتەوە.

**ڕوسمار**

لەوەتەی ئەمەم زانیوە، چۆن بڵێی وەك ئەوەی ئەو دووبارە زۆر ناخۆش لە ژیاندا بێت.

**ڕیبەکە**

ئۆ نەخێر - تۆ نابێت، ڕوسمار! تۆ نا بێت!

**ڕوسمار**

من پێت دەڵێم، با دەبێت. ئێمە دەبێت هەوڵدەین بگەینە کۆتایی ئەمە. ئاخۆ دەبێت چۆنچۆنی بیاتە چەواشە بووانە کەوتبێتە ئەو بەدحاڵیبوونە هێجگار زیان بەخشەوە.

**ڕیبەکە**

خۆ ناشێ تۆش کەوتبیتە گومانەوە، لەوەی کە ئەو تاڕادەیەك شێت بوو؟

**ڕوسمار**

با، بەڵێ – ڕێك دروست ئا ئەوەیە، کە من ناتوانم چیدی زۆر لێی دڵنیا بم. ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا - ئەگەر ئەوە وابێت –

**ڕیبەکە**

ئەگەر ئەوە وا بێت؟ بەڵێ، ئینجا چی؟

**ڕوسمار**

مەبەستم ئەوەیە - ئێمە دەبێ لەکوێدا بەدوای نزیکترین هۆکاری گۆڕانی هزری نەخۆشی ئەو بۆ بەرەو شێت بوون، بگەڕێین؟

**ڕیبەکە**

ئۆ، ئینجا ئەوە بە کەڵکی چی دێت، کاتێك تۆ خەریکە لەم جۆرە بیرکردنەوانەدا گووم دەبیت!

**ڕوسمار**

هیچی دیم لە دەست نایەت، ڕیبەکە. ناتوانم واز لەو گومانە بەئازارانە بهێنم، ئەگەرچی زۆریش حەزدەکەم وازی لێ بهێنم.

**ڕیبەکە**

ئۆ بەڵام هەمیشە گەڕانەوە بۆ هەمان بابەتی دژوار بەو شێوەیە – ئیمکانە مەترسیدار بێت –

**ڕوسمار** نائارامانە دێ و دەچێ و بیردەکاتەوە

دەبێت من بە شیوەیەك لە شێوەكان ئەو نهێنیەم ئاشكرا كردبێت. دەبێت ئەو تێبینی ئەوەی كرد بێت، كە لەو كاتەوەی تۆ هاتوویت بۆ لامان، من چەند هەستم بە بەختەوەری كردووە.

**ڕیبەکە**

بەڵێ بەڵام، ئازیزەکەم، ئینجا ئەگەر ئەوە ئێستا ئاوهاش بوو -!

**ڕوسمار**

با بزانیت - ئەوە بەسەر ئەودا تێنەپەڕیوە، كە ئێمە هەمان كتێبمان خوێندوەتەوە. كە ئێمە بەدوای یەکتریدا دەگەڕاین و پێکەوە لەبارەی هەموو شتە نوێیەکانەوە باس و خواسمان دەکرد. بەڵام من لەوە تێناگەم! چوونکە من زۆر ئاگداری ئەوە بووم كە ئەو لەو شتانە بپارێزم. كاتێک بیری لێ دەكەمەوە، پێموایە، ئاوها ئەوم لەدەرەوەی بازنەی نێوان خۆم و خۆتتا هێشتبووەوە وەك ئەوەی ئەگەر بێتو بزانرێت سزاکەی مەرگ بێت. مەگەر من ئاوها نەبووم، ڕیبەکە؟

**ڕیبەکە**

با، با، بە دڵنیاییەوە تۆ ئاوها بوویت.

**ڕوسمار**

ئینجا تۆش. ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا -! ئۆ، ئەمە بیر لێ كردنەوەی شتێكی ناخۆشە! كەواتە ئەو لێرە - لەو نەخۆشی خۆشەویستیەی خۆیدا - بێدەنگ بووە و وورتەی لیوە نەهاتووە - چاودێری ئێمەی كردووە - تێبینی هەموو شتێكی كردووە و - بەهەڵە هەمووی لێكداوەتەوە.

**ڕیبەکە** دەستەكانی توند دەكات بەنێو یەكدا.

ئۆهـ، من دەبوایە هەرگیز نەهاتبمایە بۆ ڕوسمارشهۆڵم.

**ڕوسمار**

كە بیر دەكەیتەوە، ئەو چ ئازارێكی چەشتووە! بەدەست هەموو ئەو شتە ناشرینانەی، كە ئەو بەخەیاڵ لە مێشكی نەخۆشی خۆیدا بۆ ئێمەی دروستكردووە. – ئەی هەرگیز ئەو لەگەڵ تۆدا لەبارەی هیچ شتێكەوە قسەی نەكردووە، كە تۆ بەرێتەوە سەر جۆرە شوێن پێ پەیداكردنێك لەو لایانەوە؟

ڕیبەکە

نەخێر، نەخێر، بێگومان. – ئۆ، دەبێ چ جەنگێكی كرد بێت. ئینجا بە تەنیاش جەنگاوە، ڕیبەکە. بێ هیوا و زۆر بە تەنیا. – ئینجا لە كۆتاییدا ئەم سەركەوتنە كاریگەرە – تاوانبارانەیەی – نێو تاڤگەی ئاشەكە.

لە سەر كورسییەكەی تەنیشت مێزی نووسینەكە بەردەبێتەوە و دادەنیشێت، ئانیشكەكانی دەخاتە سەر مێزەكە و ڕوخساری بە دەستەكانی دادەپۆشێت.

**ڕیبەکە** بە هێواشی لە دواوە لیی نزیك دەبێتەوە

گوێبگرە، ڕوسمار. ئەگەر دەسەڵاتت هەبوایە بیاتە بگەڕێنیتەوە – بۆ لای خۆت – بۆ ڕوسمارشهۆڵم - دەتویست بیگەڕێنیتەوە؟

**ڕوسمار**

چوزانم، من دەمویست چی بکەم یان چی نەکەم. من بێجگە لەمە، بیرم لای هیچ شتێکی دیکە نییە - کە دووبارە ئەو نا گەڕێندرێتەوە.

**ڕیبەکە**

تۆ ئێستا پێویستە دەست بە ژیانکردن بکەیت، ڕوسمار. تۆ تازە دەستت پێکردوە. تۆ خۆت تەواو – لە هەموو لایەکەوە ڕزگار کردوە. تۆ زۆر هەست بە دڵخۆشی و سووکبونی باری سەر شانی خۆت دەکەیت –

**ڕوسمار**

ئا بەڵێ، ئەی چۆن - بەڕاستی ئەو هەستەم هەبوو. – تا هاتنی ئەم گرێ کوێرەیە.

**ڕیبەکە** لەدوایەوە قۆڵەکانی خستووەتە سەر پشت کورسییەکە

چەند خۆش بوو، کە ئێمە لە خوارەوە بەتاریکی لە هۆڵەکەدا دادەنیشتین. لە ئامادەکردنی پلانی ژیانی نوێدا یارمەتی یەکترمان دەدا. تۆ دەتویست دەست لە ژیان گوزەراندن - لە ژیان گوزەراندنی ڕۆژانە – وەردەیت وەك خۆت دەتگوت. تۆ دەتویست وەك میوانێکی ئازاد لەم ماڵ بچێت بۆ ئەو ماڵ. هزر و ئیرادەکان بەلای خۆتتدا ڕاکێشیت. مرۆڤی نەجیبزادە لەبازنەو مەودای زیاتردا – لە دەورووبەر بئافرێنیت. مرۆڤی ڕەسەنزادە.

**ڕوسمار**

مرۆڤی نەجیبزادەی شاد.

**ڕیبەکە**

بەڵێ – شاد.

**ڕوسمار**

چوونکە ئەوە خۆشییە، کە جوامێری بە ڕۆح دەبەخشێت، ڕیبەکە.

**ڕیبەکە**

لەو باوەڕەدا نیت – ئازاریش؟ ئازارێکی گەورەش؟

**ڕوسمار**

با - کاتێك کەسێك بەنێو ئاوها ئازارێکدا تێپەڕێت. لە سەروو ئەوەوە، [بگەی] بە لەو بەرزتر.

**ڕیبەکە**

ئەوە ئەوەیە، کە تۆ پێویستە بیکەیت.

**ڕوسمار** بە قورسی سەربادەدات

هەرگیز ناگەم بە لەمە بەرزتر – بەتەواوەتی. هەمیشە دووبارە لەوێدا گومانێك، پرسیارێك دەمێنێتەوە. من چیدی هەرگیز چێژ نابەم لەوەی، وا لە ژیان دەکات زۆر نایاب بێت تا بژیت.

**ڕیبەکە** لە پشت کورسییەکەوە، هێواشتر

ئەوە چییە، تۆ مەبەستت چییە، ڕوسمار؟

**ڕوسمار** سەرهەڵدەبڕێت و سەیری دەکات

بێتاوانییەکی ئارام و شاد.

**ڕیبەکە** هەنگاوێك دەچێتە دواوە

بەڵێ. بێتاوانی.

ماوەیەکی کورت بێدەنگی.

**ڕوسمار** ئانیشکەکانی لەسەر مێزەکەیە، بە دەستەکانی سەری خۆی گرتووە و سەیری پێشەوە دەکات

ئینجا بەو شێوەیە، کە ئەو تێگەیشتووە شتەکان تێکببەستێ. زۆر ڕێکوپێك، وەك کە ئەو پێکەوەی ڕێکخستوون. سەرەتا دەکەوێتە شك لە باوەڕی ڕاستەقینەم پەیداکردن -. چۆنچۆنی ئەو ئەوسا ئەوەی بە بیردا هاتووە؟ وەڵێ بە بیریدا هاتووە. ئینجا ئەوەی لا دەبێتە یەقین. ئینجا - بەڵێ، ئەوکاتە بۆ ئەو بیرکردنەوە لە هەموو شتەکانی دی زۆر ئاسان بووە. ( لەسەر کورسییەکە هەڵدەسیت و دەستەکانی بەنێو قژیدا دەهێنێت) ئۆ، ئەو هەموو وێنەنیانکردنە گومڕایە! من هەرگیز لەدەستیان ڕزگارم نابێت. من باش هەست بەوە دەکەم. دەزانم. ڕێك وەك ئەوەی کە هەن، خۆیان ڕەپێش دەخەن و ئەو مەرگە بەبیر دێننەوە.

**ڕیبەکە**

وەکو ئەسپە سپییەکەی ڕوسمارشهۆڵم.

**ڕوسمار**

بەڵێ ئاوها. بەغار لە تاریکیدا دێنە پیشەوە. لە بێ دەنگیدا.

**ڕیبەکە**

ئینجا لە پێناو ئەو ڕستنە خراپەی مێشکت، دەست بەرداری ئەو ژیانە دەبیت، کە تۆ خەریکی بە دەستهێنانی بوویت.

**ڕوسمار**

تۆ ڕاست دەکەیت، ئەوە دژوارە. سەختە، ڕیبەکە. بەڵام هەڵبژاردن بەدەست من نییە. چۆن بتوانم ئێدی من لەمە ڕزگارم بێت!

**ڕیبەکە** لە دوای کورسییەکەوە

بەوەی کە پەیوەندییەکی نوێ دروست بکەیت.

**ڕوسمار** مۆڕدەبێتەوە، سەیری دەکات

پەیوەندییەکی نوێ!

**ڕیبەکە**

بەڵێ، پەیوەندییەکی تازە بە دنیای دەرەوە. ژیانبژی، کاربکە، مامەڵەبکە. لەسەر مەتەڵگەلی هەڵنەهێنراو خۆت دوامەخە و هەڵمەنیشە.

**ڕوسمار** هەڵدەسێتە سەرپێ

پەیوەندی تازە؟ ( دەڕوات، بە تەنیشت دەرگاکەوە ڕادەوەستێت و دەگەڕێتەوە) پرسیارێك لە مێشکمدایە. تۆش ئەو پرسیارەت لە خۆت نەکردووە، ڕیبەکە؟

**ڕیبەکە** بە زەحمەت هەناسە دەدات

ئادەی – بزانم – ئەو پرسیارە چییە.

**ڕوسمار**

تۆ پێتوایە لەمڕۆ بە دواوە [من و تۆ] پەیوەندییەکەمان چۆن دەبێت؟

**ڕیبەکە**

پێموایە هاوڕێیەتیمان دەتوانێت بەردەوام بێت - هەرچییەکیش ڕووبدات.

**ڕوسمار**

بەڵێ، من دروست مەبەستم ئەوە نەبوو. بەڵام ئەوەی، ئێمەی یەکەمجار بەیەك گەیاند – ئەوە، زۆر قوڵ ئێمە پێکەوە گرێدەدات - باوەڕی هاوبەشی ئێمە بە خۆشەویستیەکی پاکی ئەفلاتوونی لە نێوان ژن و پیاو دا –

**ڕیبەکە**

بەڵێ، بەڵێ - ئەوە چییە؟

**ڕوسمار**

مەبەستم ئەوەیە، ئایا پەیوەندییەکی ئاوها - وەك ئەوەی ئێمە - زیاتر بۆ شێوە ژیانێکی هێمن و ئاشتییەکی بیخەم، گونجاو نییە؟

**ڕیبەکە**

ئێ ئینجا!

**ڕوسمار**

بەڵام ئێستا ژیانێکی ململانێخواز و پەشیو و مەزاجێکی بەهێز بە ڕوومدا دەکرێتەوە. چوونکە من دەخوازم ژیانی خۆم بژیم، ڕیبەکە! من لێناگەڕێم تواناگەلی نامهرەبان من ببەزێنن. من ڕێگە نادەم، نە لەلایان زیندووەکانەوە و نە لەلایان کەسی ترەوە، ڕێڕەوی ژیانم بۆ دیاریبکرێت.

**ڕیبەکە**

نەخێر، نەخێر - مەهێڵە! پیاوێکی ئازاد بە هەتا سەر، ڕوسمار!

**ڕوسمار**

بەڵام تۆ دەزانیت، من بیر لە چی دەکەمەوە؟ نازانیت؟ نا بینیت، چۆن من بە باشترین شێوە خۆم لە هەموو بیرەوەرییە ناخۆشەکان ڕزگار دەکەم - لە هەموو ئەو ڕابردووە خەمبارە؟

**ڕیبەکە**

ئێ؟

**ڕوسمار**

بە بەرەوڕوو بوونەوەی ئەو واقیعە زیندوە تازەیە.

**ڕیبەکە** بە دوو دڵییەوە دەست بۆ پشتی کورسیەکە دەبات

زیندو -؟ ئەمە – چییە؟

**ڕوسمار** نزیکتر دەبێتەوە

ڕیبەکە - ئەگەر من ئێستا پرسیارت لێ بکەم – ئایا دەخوازیت ببیتە هاوسەری دووهەمم؟

**ڕیبەکە** ماوەیەك دەحەپەسێ، لە خۆشیاندا دە قیژێنی

هاوسەری تۆ! تۆ -! من!

**ڕوسمار**

باشە. دەبا تاقیبکەینەوە. ئێمە هەردوو دەبینە یەك. نابێ چیدی دوای ئەو مەرگە هیچ بۆشاییەك هەبێت.

**ڕیبەکە**

من -! لە جێگەی بیاتە -!

**ڕوسمار**

ئەو بۆ هەمیشەو هەتاهەتایی لە دەرەوەی ئەفسانەکەیە. تەواو لە دەرەوەیە.

**ڕیبەکە** لەسەرخۆ و بە گیان لەرزانەوە

تۆ لەو باوەڕەدایت، ڕوسمار؟

**ڕوسمار**

دەبێ ببێت! دەبێت! من ناتوانم - من نامەوێت تەرمێك بدەم بە کۆڵمدا و بە نێو ژیاندا گوزەر بکەم. یارمەتیم بەدە، ڕیبەکە، با [ئەو تەرمە] لەکۆڵم فڕێدەم. ئینجا با هەموو بیرەوەرییە [ناخۆشەکان] لە ئازادی و لە خۆشی و لە سۆزداریدا خەفەکەین. تۆ بۆ من ئەو هاوسەرە تاقانەیە دەبیت، کە هەتا ئێستا من هەمبوو بێت.

**ڕیبەکە** بەدان بەخۆدا گرتنەوە

زوو زوو مەگەڕێرەوە سەر ئەم بابەتە. من هەرگیز نابم بە هاوسەری تۆ.

**ڕوسمار**

چی! هەرگیز! بۆ، تۆ پێتوانییە، کە بتوانیت منت خۆش بووێت؟ ئایا هەر لە ئێستاوە شتێك خۆشەویستی لە هاوڕییەتیماندا نییە!

**ڕیبەکە** دەست دەگرێ بە گوێکانییەوە وەك بقیژێنێت

قسەی وا مەکە، ڕوسمار! شتی وا مەڵێ!

**ڕوسمار** قۆڵی دەگرێت

با، با - ئەگەرێکی چەکەرەکردووانە [گەشە سەندووانە] لە پەیوەندییەکەماندا هەیە. با، پێتەوە دیارە، دەبینم، کە تۆش هەمان هەستت هەیە. هەمان هەستت نییە تۆش، ڕیبەکە؟

**ڕیبەکە** جێگیر و بڕیاردەرانە

کوێبگرە. وا پێت دەڵێم - ئەگەر تۆ لەسەر ئەم بەزمە بمێنیتەوە، ئەوا من ڕوسمارشهۆڵم جێدەهێڵم.

**ڕوسمار**

دەڕۆیت! تۆ! ناتوانیت. ئەوە مەحاڵە.

**ڕیبەکە**

زۆر مەحاڵترە من ببمە هاوسەری تۆ. هەرگیز من ناتوانم ببمە هاوسەری تۆ.

**ڕوسمار** بە مۆڕەوە تەماشای دەکات

دەڵێیت ناتوانم. زۆر سەیر و سەمەرانە تۆ وا دەڵێیت. بۆچی ناتوا نیت؟

**ڕیبەکە** هەر دوو دەستەکانی ڕوسمار دەگرێت

هاوڕێی ئازیز - هەم لەبەر خاتری خۆت و هەم لەبەر خاتری خۆشم، مەپرسە بۆ. (دەستەکانی بەردەدات) ئەوها، ڕوسمار.

ئەو بەرەو دەرگاکەی لای چەپ دەڕوات.

**ڕوسمار**

لەمڕۆ بەدواوە من هیچ پرسیاری دیکەم نییە جگە لەو پرسیارە – بۆچی؟

**ڕیبەکە** ئاوڕ دەداتەوە و تەماشای دەکات

ئێدی تەواو.

**ڕوسمار**

نێوانی من و تۆ؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ.

**ڕوسمار**

هەرگیز نێوانی ئێمە هەردووکمان تەواو نابێت. تۆش هەرگیز لە ڕوسمارشهۆڵم ناڕۆیت.

**ڕیبەکە** دەستی بە دەسکی دەرگاکەوەیە

نەخێر، ناڕۆم. بەڵام ئەگەر تۆ زوو زوو پرسیاری ئەوەم لێبکەیت - ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا کۆتایی دێت.

**ڕوسمار**

لەگەڵ ئەوەشدا کۆتایی دێت؟ چۆنچۆنی -؟

**ڕیبەکە**

با، چوونکە منیش هەمان ئەو ڕێیە دەگرم، کە بیاتە گرتیەبەر. ئێستا تۆ ئەوەت زانی، ڕوسمار.

**ڕوسمار**

ڕیبەکە -!

**ڕیبەکە** لە نێو دەرگاکەدا، هێواش سەردەلەقێنیت

تۆ ئێستا ئەوەت زانی.

دەڕوات.

**ڕوسمار** وەك دۆڕاوێك بەرامبەر دەرگا داخراوەکە دادەنیشێت و بەبەردەم خۆیەوە دەڵێ

ئەمە – چییە -؟

## دیمەنی سێیەم

هۆڵی دانیشتنەکەی ڕوسمارشهۆلم. پەنجەرە و دەرگای سەر ڕاڕەوەکە کراوەن. لەدەرەوە خۆری بەیانی دەدرەوشێتەوە.

ڕیبەکە وێست، جلەکانی دیمەنی یەکەمی لەبەردایە، لە تەنیشت پەنجەرەکەوە وەستاوە و ئاوی گوڵەکان دەدات و گوڵەکان ڕێکدەخات. کەرەسەی چنینەکەی لە سەر کورسییەکەیە. مەدام هێلسێت گسکێکی لەپەڕ دروستکراوی بەدەستەوەیە و تۆزی شتەکانی نێو هۆڵەکەی پێدەسڕێ.

**ڕیبەکە** داوی کەمێك بێدەنگی

سەیرە، ئەمڕۆ قەشە ئەو ماوە زۆرە هەر لەسەرەوەیە.

**مەدام هێلسێت**

ئۆ، ئەو خۆ زۆر جار وا دەکات. بەڵام پێموایە، بەم زووانە دێتە خوارەوە.

**ڕیبەکە**

بینیت؟

**مەدام هێلسێت**

زۆر کەم. ئەوکاتەی قاوەم بۆ بردە سەرەوە، ئەو چووە ژووری نووستنەکەی و خەریکی خۆ گۆڕین بوو.

**ڕیبەکە**

بۆیە دەپرسم، چوونکە دوێنێ بارودۆخی باش نەبوو.

**مەدام هێلسێت**

نەخێر، پێوەی دیار بوو. ئینجا دڵم بۆ ئەوە دەچێ، لە نێوان ئەو و مێردی خوشکەکەیدا شتێك ڕووی دابێت.

**ڕیبەکە**

بە باوەڕی تۆ، چی ڕوویداوە؟

**مەدام هێلسیت**

من نازانم چی ڕوویداوە. ڕەنگە ئەم مۆرتێنسگۆردە، ئەم دوانەی کردبێت بەگژی یەکدا.

**ڕیبەکە**

ئەوە ڕێی تێدە چێت. – ئێوە هیچ ئەم پێتەر مۆرتێنسگۆردە دەناسن؟

**مەدام هێلسێت**

نەخێر. چۆن خاتوون بیری بۆ شتی ئاوها دەچێت؟ کەسێکی ئاوها، وەکو ئەو!

**ڕیبەکە**

لەبەرئەوەی ئەو ئەو ڕۆژنامە خراپە دەردەکات، مەبەستان ئەوەیە؟

**مەدام هێلسێت**

ئۆ، هەر لەبەر ئەوە نا. – بێگومان خاتوون بیستوویەتی، کە ئەو، لە ژنێکی خاوەن مێرد، کە مێردەکەی لەدەستی هەڵهاتووە، منداڵی خستووەتەوە؟

**ڕیبەکە**

من بیستم وایان دەگوت. بەڵام ئەوە زۆر پێش ئەوەی من بێم بۆ ئێرە، ڕوویدا بوو.

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ، ئەوکاتە ئەو زۆر گەنج بوو. بۆیە ئەو خانمە دەبووایە ئاوەز و تێگەیشتنێکی بەشتری لە چاو ئەودا هەبووایە. خۆ ئەو دەیویست ژنەکە بهێنێت. بەڵام یاسا ڕێگەی پێ نەدەدا. ئینجا هەر بەو هۆیەوە زۆر ئەشکەنجەی کێشا. – بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا، بەڕاستی، مۆرتێنسگۆرد بە تێکۆشان خۆی هەستانووەتەوە، ئەو. بێگومان زۆرن ئەوانەی، کە هەوڵی نزیکبوونەوە لەم پیاوە دەدەن.

**ڕیبەکە**

زۆربەی خەڵکی ئاسایی، کاتێك مەترسییەك دێتە پێشەوە ڕوو لەو دەکەن.

**مەدام هێلسێت**

ئۆ، ڕەنگە کەسانی دیکەش بێجگە لە خەڵکی ئاسایی –

**ڕیبەکە** بە دزییەوە سەیری دەکات

ئێ؟

**مەدام هێلسێت** لە تەنیشت قەنەفەکەوە، بە پەرۆشەوە خەریکی تۆز سرینە

ڕەنگە ئەوانە کەسانێك بن، کە خەڵك زۆر کەم بیری بۆیان بچێت، خاتوون.

**ڕیبەکە** گوڵەکان ڕێکدەخات

بەڵێ، ئێستا ئەوە شتێکە کە ئێوە پێتان وایە ئەوە ئاوهایە، مەدام هێلسێت. چوونکە ئێوە بە دڵنیاییەوە شتی ئاوها نازانن.

**مەدام هێلسێت**

کەواتە خاتوون پێیوایە، کە من ئەوە نازانم؟ با بەڕاستی من ئەوە دەزانم. چوونکە - دواجار ئەوا ئەیدرکێنم - من خۆم جارێك نامەم بردووە بۆ مۆرتێنسگۆرد.

**ڕیبەکە** ئاوڕدەداتەوە

نا، - بەڕاست!

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ، بەڕاستی من ئەوم کردووە. ئینجا بەڕاستی نامەکەش لێرە لە ڕوسمارشهۆڵمەوە نووسرا بوو.

**ڕیبەکە**

بەڕاستی، مەدام هێلسێت؟

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ بەڕاستی ئاوها بوو. لەسەر کاغەزی جوانیش نامەکە نووسرابوو. ئینجا بە ڕەنگێکی سووری جوانیش سەر مۆرکرابوو.

**ڕیبەکە**

ئینجا ئێوە جێی ئەومتمانەیە بوون کە ئەو نامەیە بگەیەنن؟ بەڵێ، مەدام هێلسێتی ئازیز، ئێدی ئەوە هێندە سەخت نییە بزانرێت، کێ نامکەی ناردووە.

**مەدام هێلسێت**

کێ؟

**ڕیبەکە**

ئەوە بێگومان شتێك بووە، کە ئەو خانمە داماوە لەکاتی نەخۆشییەکەیدا –

**مەدام هێلسێت**

ئەوە ڕیبەکە خاتوونە کە وا دەڵێ، نەك من.

**ڕیبەکە**

بەڵام نامەکە چی تێدا نووسرا بوو؟ ئەوەیان، ئێوە بەڕاستی - نازانن.

**مەدام هێلسێت**

هـم، ڕەنگە من لەگەڵ ئەوەشدا زانیبێتم چی تێدا نووسراوە.

**ڕیبەکە**

بۆ خانم پێی گوتن، کە ئەو لەبارەی چییەوە نامەکەی نووسیوە؟

**مەدام هێلسێت**

نەخێر، ئەو نەیگووت چی نووسیوە. بەڵام کاتێك ئەو، مۆرتێنسگۆرد، نامەکەی خوێندەوە، پاشان ئەو زۆر بە ووردی لە هەموو لایەنێکەوە دەستیکرد بە پرسیار لێکردنم، ئەوا ئێدی من تێگەیشتم، نامەکە چی تێدا نووسرا بوو.

**ڕیبەکە**

ئەی پێتانوایە، چی تێدا نووسرا بوو؟ دە پێم بڵێ، مەدام هێلسێتە ئازیزە، میهرەبانەکەم!

**مەدام هێلسێت**

نەخێر، خاتوون. نا، بە هیچ شێوەیەك نابێت.

**ڕیبەکە**

ئۆ، ئێوە دەتوانن بە منی بڵێن. ئێمە خۆ هەردووکمان هاوڕێی نزیکی یەکترین.

**مەدام هێلسێت**

خوا نەکات لەوبارەیەوە هیچت پێ بڵێم، خاتوون. ناتوانم هیچی دیکە بڵێم، لەوە زیاتر کە شتێکی ناشرین بوو، چوو بوون وایان لەو خانمە نەخۆشە داماوە کردبوو باوەڕ بەو شتە بێ بنەمایە بکات.

**ڕیبەکە**

کێ وای لێکرد بوو باوەڕ بە شتی بێ بنەما بکات؟

**مەدام هێلسێت**

خەڵکی خراپ، ڕیبەکە خاتوون، خەڵکی خراپ.

**ڕیبەکە**

خراپ -؟

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ، من دووجار ئەوە دەڵێم. بەڕاستی دەبێ خەڵکی خراپ بوو بێتن.

**ڕیبەکە**

ئەی ئێوە پێتانوایە، ئەوە دەبێت کێ بێت؟

**مەدام هێلسێت**

ئۆ، من دەزانم، ئەوە کییە. بەڵام خوا دەمم بپارێزێت. بەراستی ئەوە خانمێکی دیاریکراوە لە شارەکەدا – هـم!

**ڕیبەکە**

من دەزانم کێ دەڵێن، مەبەستان هاوسەرەکەی بەڕیوەبەر کرۆڵە.

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ، ئەو کەسێکی تایبەتە، ئەو. لە بەرامبەرمدا هەمیشە خۆ بەزلزان بووە. وە هەرگیز بە چاوێکی باشەوە سەیری ئێوەی نەکردووە.

**ڕیبەکە**

لەوباوەڕەدان، بیاتە خانم، کاتێك ئەو نامەیەی بۆ مۆرتێنسگۆرد نووسی، باری عەقڵی تەواو بوو؟

**مەدام هێلسێت**

ئەو بابەتی عەقڵە زۆر سەیرە، خاتوون. وەك خانم خۆی، من پێموانییە تەواو بوو بێت.

**ڕیبەکە**

بەڵام ئەو زۆر هاوسەنگی تێکچوو، کە زانی منداڵی نابێت. لەو کاتەوە ئەو حاڵەتی تێکچوونەی ئەو دەستی پێکرد.

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ، ئەوە زۆر کاریکردە، ئەو خانمە داماوە.

**ڕیبەکە** کەرەسەی چنینەکەی هەڵدەگرێ و لەسەر کورسیەکەی تەنیشت پەنجەرەکە دادەنیشیت.

لەگەڵ ئەوەشدا - مەدام هێلسێت، پێتان وانییە، لەلایەکەوە ئەوە بۆ قەشە شتێکی باش بوو بێت؟

**مەدام هێلسێت**

چ شتێك، خاتوون؟

**ڕیبەکە**

ئەوەی کە منداڵیان نەبوو. ها؟

**مەدام هێلسێت**

هـم، من بەڕاستی نازانم لەوبارەیەوە بڵێم چی.

**ڕیبەکە**

با، باوەڕم پێبکە. ئەوە باشترین شت بوو بۆ ئەو. قەشە ڕوسمار بۆ ئەوە ناشێ گوێی لە قاوقیژی منداڵ بێت.

**مەدام هێلسێت**

منداڵی بچووک لە روسمارشهۆڵم نازریکێنن، خاتوون.

**ڕیبەکە**

نازریکێنن؟

**مەدام هێلسێت**

نەخێر، هەرگیز لێرە لەم مەزرایە، ئەوەندەی خەڵک بیری بێت، منداڵی بچووك نازریکێنن.

**ڕیبەکە**

ئەوە سەیرە.

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ، ئەی سەیر نییە؟ بەڵام ئەوە پەیوەندی بە بنەو بنەچەکەوە هەیە. ئینجا شتێکی دیکەی سەیرتریش هەیە. کاتێکیش کە گەورە دەبن، هەرگیز پێناکەنن. لە ژیانیاندا، هەرگیز پێناکەنن.

**ڕیبەکە**

ئەوە شتێکی سەیرە –

**مەدام هێلسێت**

ئایا ئیوە گوێتان لێ بووە یان بینیوتانە جارێك لە جاران قەشە پێ بکەنێت؟

**ڕیبەکە**

نەخێر - کە بیری لێ دەکەمەوە، پێموایە تاڕادەیەك، ئێوە ڕاست دەکەن. بەڵام، لاموایە، خەڵکی ئەم ناوچەیە بەگشتی زۆر پێناکەنن.

**مەدام هێلسێت**

نەخێر زۆر پێناکەنن. خەڵك دەڵێن، ئەوە لە ڕوسمارشهۆڵمەوە دەستی پێکردووە. پاشان لە وێوە، وەك جۆرە لەیەکەوە تووشبوونێك، بڵاو بووەتەوە، ئەوەش، من باوەڕی پێ دەکەم.

**ڕیبەکە**

ئێوە خانمێکی ژیرن، مەدام هێلسێت.

**مەدام هێلسێت**

ئۆ، خاتوون نابێت بکەوێتە گاڵتە پێکردن -. (گوێدەگرێ) وس، وس - ئەوا قەشە هاتە خوارەوە. ئەو پێی خۆش نییە گسک لە ژوورەوە ببینێت.

لە دەرگاکەی لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە.

یۆهانس ڕوسمار گۆچان و شەپقەکەی بە دەستەوەیە و، لە دەرگای هۆڵی دانیشتنەکەی سەر ڕاڕەوەکەوە دێتە ژوورەوە.

**ڕوسمار**

بەیانیت باش، ڕیبەکە.

**ڕیبەکە**

بەیانیت باش، ئازیزم. (کەمێك دواتر، بەدەم چنینەوە) دەچیتە دەرەوە؟

**ڕوسمار**

بەڵێ.

**ڕیبەکە**

هەواکەی زۆر خۆشە.

**ڕوسمار**

تۆ نەهاتیتە سەرەوە بۆ لام ئەم بەیانییە.

**ڕیبەکە**

نەخێر- نەهاتم. ئەمڕۆ نەهاتم.

**ڕوسمار**

لەمەوداوا نایەیت؟

**ڕیبەکە**

ئۆ، هێشتا نازانم.

**ڕوسمار**

هیچم بۆ هاتووە؟

**ڕیبەکە**

ڕۆژنامەی «ئامتستیدێندێن» هاتووە.

**ڕوسمار**

«ئامتستیدێندێن» -!

**ڕیبەکە**

ئەوتا لەسەر مێزەکە.

**ڕوسمار** شەپقە و گۆچانەکەی دادەنێت

هیچ نووسراوە- ؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ.

**ڕوسمار**

ئینجا نەشت ناردووەتە سەرەوە –

**ڕیبەکە**

تۆ کاتت هەیە بیخوێنیتەوە.

**ڕوسمار**

ئێ باشە. ( ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێ و بەتنیشت مێزەکەوە دەیخوێنیتەوە) – چی! - - «ناتوانم بەڕادەی پێویست لە بێ ئاکاری ناپاکان هۆشداری بدەم» -. (تەماشای ڕیبەکە دەکات) ڕیبەکە، پێم دەڵێن ناپاک.

**ڕیبەکە**

ناوی کەس لەوێدا نەبراوە.

**ڕوسمار**

هەر هەمان شتە. (لەسەر خوێندنەوە بەردەوام دەبێت) - «ناپاکانی نهێنی دژ بە دۆزی چاکە» -.- «سروشت یەهوداگەل، هەر کەزانیان کاتی گونجاو و سودمەند هاتووە، بێ ئابڕووانە دان بە لەدین وەرگەڕانیاندا دەنێن» «پەلاماردانێکی بێ بەزەییانەی میراتی باوباپیرانی شەرەفمەند» -. - «لە چاوەڕوانی دەسەڵاتدارانی ئێستادایین کە ڕێگە نەدەن ئەمە بەبێ سزای گونجاو دەرباز بێت.» (ڕۆژنامەکە دەخاتە سەر مێزەکە) ئەوان ئەمە لەبارەی منەوە دەنووسن. ئەوانێک، کە ماوەیەکی زۆرە من دەناسن و زۆر باشیش دەمناسن. ئەمە، کە خۆشیان باوەڕیان پێی نییە. ئەمە، کە ئەوان دەزانن، یەك وشەی ڕاستی تێدا نییە - لەگەڵ ئەوەشدا دەینووسن.

**ڕیبەکە**

هێشتا زیاتریشی تێدا نووسراوە.

**ڕوسمار** دووبارە ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێتەوە

_ «پاساو بۆ بڕیاربەسەردا دانێکی مەشق لەسەر نەکراو » -. - «کاریگەری زیانبەخش - ڕەنگە پەلبهاوێت بۆ ناوچەگەلێك، کە لە ئێستادا ئێمە ناخوازین ئەوە بکەینە بابەتی گفتوگۆی گشتی یان لێ پێ چینەوەی یاسایی.» -. ( تەماشای ڕیبەکە دەکات) ئەمە چییە؟

**ڕیبەکە**

ئەوە مەبەستیان منە، خۆ دەزانیت.

**ڕوسمار** ڕۆژنامەکە دادەنێتەوە.

ڕیبەکە - ئەمە ڕەوتی پیاوانی نا شەرافەتمەندە.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، پێموانییە، شتیکی ئەوتۆیان پێ بێ، کە وا لە مۆرتێنسگۆرد بکات گوێیان لێبگرێ.

**ڕوسمار** بە نێو ژوورەکەدا هات و جۆ دەکات

دەبێت فریادگوزاری بانگهێشت بکرێت.  چی چاکە لە مرۆڤەکاندا هەیە، هەمووی، لەنێو دەچێت، ئەگەر ڕێگە بەمە بدرێت بەردەوام بێت. بەڵام ئەوە بەردەوام نابێت! ئای، چەند دڵخۆش - چەند هەست بە دڵخۆشی دەکەم، ئەگەر من بتوانم، ئەوە لە نێو ئەو هەموو ناشرینییە مەترسیدارەدا، والێبکەم کەمێك بدرەوشێتەوە.

**ڕیبەکە** هەڵدەسێتە سەرپێ

بەڵێ، ئەی وا نییە؟ ئا لەمەدا تۆ شتێکی گەورە و نایابت هەیە کە لە پێناویدا بژیت!

**ڕوسمار**

بیر لەوەبکەرەوە، کە من توانیم ئەوان بە ئاگا بهێنمەوە تا خۆیان بناسن. وایان لێبکەم پەشیمان ببنەوە و شەرم لە خۆیان بکەن. وایان لێبکەم کە لە یەکتری قبوڵکردن و، لە خۆشەویستیدا لە یەکتری نزیك ببنەوە، ڕیبەکە.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، تەواوی تواناکانت لەمەدا بخەرەگەڕ، ئەوا دەبینیت، براوە هەر تۆ دەبیت.

**ڕوسمار**

من پێموایە، ئەوە سەرکەوتوو دە بێت. ئای، ئەوسا ژیانکردن چ خۆشییەك دەبەخشێت. چیدی هیچ ناکۆکییەکی پڕ لە کینە نامێنێت. تەنها پێشبڕکێ. هەموو چاوەکان بەرەو هەمان ئامانج دەڕوانن. تەواوی ویست، هەموو هزر و هۆش، بەرەو پیشەوە- بەرەو سەرەوە - هەریەکە بەئاراستەی ڕێگەی سروشتی پێویستی خودی خۆی. بەختەوەری لە ڕێی هەمووانەوە – بۆ هەمووان ئافرێندراوە. ( تەماشای دەرەوە دەکات، ڕادەچڵەکێت و بە دژوارییەکەوە دەڵێت) ئاهـ! لە ڕێی منەوە نا.

**ڕیبەکە**

نا -؟ لە تۆوە نا؟

**ڕوسمار**

وە بۆ منیش نا.

**ڕیبەکە**

ئۆ، ڕوسمار، مەهێڵە گۆمانی لەو شێوەیە بخزێتە ناختەوە.

**ڕوسمار**

بەختەوەری - ڕیبەکەی ئازیز - بەختەوەری، پێش هەموو شتێك هەست کردنە بە ئارامی و خۆشحاڵی و ئاسوودەیی بێ تاوانی.

**ڕیبەکە** تەماشای بەردەمی خۆی دەکات

بەڵێ، ئەم بابەتی تاوانە-.

**ڕوسمار**

ئۆ، تۆ زۆر بە ئاسانی دەتوانیت بڕیاری بەسەردا بدەیت. بەڵام من –

**ڕیبەکە**

تۆ زۆر کەمتر!

**ڕوسمار** ئاماژە بۆ پەنجەرەکە دەکات

تاڤگەی ئاشەکە.

**ڕیبەکە**

ئۆ، ڕوسمار -!

مەدام هێلسێت لە دەرگاکەی لای ڕاستەوە تەماشای ژوورەوە دەکات.

**مەدام هێلسێت**

خاتوون!

**ڕیبەکە**

دوایی، دوایی. ئێستا نا.

**مەدام هێلسێت**

تەنها وشەیەك، خاتوون.

ڕیبەکە دەچێتە لای دەرگاکەوە. مەدام هێلسێت شتێکی پێ دەڵێت. ماوەیەك بە چرپە پێکەوە قسە دەکەن. مەدام هێلسیت سەردەلەقێنێ و دەڕوات.

**ڕوسمار** نائارامانە

ئەوە شتێك بوو بۆ من؟

**ڕیبەکە**

نەخێر، پەیوەندی بەبابەتی ماڵەکەوە هەبوو. – ئێستا تۆ دەچیتە دەرەوە بۆ نێو هەوای پاك، ڕوسماری ئازیز. بەڕاستی برۆ بۆ دوور، تۆ.

**ڕوسمار** شەپقەکەی هەڵدەگرێ

بەڵێ، وەرە. پێکەوە دەڕۆین.

**ڕیبەکە**

نەخێر، ئازیز، من ئێستا ناتوانم. بە تەنیا برۆ. بەڵام بەڵێنی ئەوەم بدەرەی، کە ئەو بیرە دژوارانە هەمووی لە خۆت داتەکێنیت.

**ڕوسمار**

ئەو بیرۆکانەم هەرگیز لەخۆم بۆ داناتەکێنرێت – من لەوە دەترسم.

**ڕیبەکە**

ئۆ، بەڵام ئەوەی کە شتێکی هێندە بێ بنەما بتوانێ بەو شێوەیە دەسەلاتت بەسەردا بگرێت -!

**ڕوسمار**

بەداخەوە – بێگومان ئەوە هێندە بێ بنەما نییە. من تەواوی شەو بیرم لەوە کردووەتەوە. ڕەنگە لەگەڵ ئەوەشدا بیاتە بەڕاستی بینی بێتی.

**ڕیبەکە**

مەبەستت، چی بینییێ؟

**ڕوسمار**

بەڕاستی بینیبێتی، ئەوکاتەی ئەو پێیوا بووە، من تۆم خۆشویستووە، ڕیبەکە.

**ڕیبەکە**

بەڕاستی ئەوەی بینیبێت!

**ڕوسمار** شەپقەکەی دەخاتەوە سەر مێزەکە

من هەر ئەو پرسیارە لەگەڵ خۆمدا دێنم و دەبەم - ئایا ئێمە هەردووکمان تەواوی کات خۆمان هەڵخەڵەتاندووە – کاتێك بەو پەیوەندییەی خۆمان گوتووە هاوڕییەتی.

**ڕیبەکە**

ڕەنگە تۆ مەبەستت ئەوەبێت، کە زۆر باش دەتوانرێت پێی بگوترێت -؟

**ڕوسمار**

. پەیوەندی خۆشەویستی. بەڵێ، بابزانیت، من مەبەستم ئەوەیە. زووتر، کاتێك بیاتە لە ژیاندا بوو، ئەوە تۆ بوویت، کە من هەموو بیری خۆم بۆ تەرخان کرد بوو. ئەوە بەتەنها تۆ بوویت، من تاسەم دەکرد. لەلای تۆ من هەستم بەم ئارامییە، شادی هێنە، بێ ئارەزووە خۆشە دەکرد. ئەگەر ئێمە بەڕاستی بیری لێ بکەینەوە، ڕیبەکە - ئەوا پێکەوە ژیانمان وەك خۆشەویستییەکی شیرینی پڕ نهێنی منداڵی دەستی پێکرد. بەبێ هیچ خواست و خەونێك. ئایا تۆش هەر هەمان هەستت نەدەکرد؟ پێم بڵێ.

**ڕیبەکە** لەگەڵ خۆیدا دەکۆشێ

ئـۆ - نازانم، چیت وەڵام بدەمەوە.

**ڕوسمار**

ئەوە ئەم لە ناخەوە ژیانەی نێو ناخی هەریەکەمانە بۆ یەکتری، کە ئێمە وەك هاوڕییەتی وەرمانگرتووە. نەخێر- ڕەنگە پەیوەندییەکەمان هەر لە رۆژی یەکەمەوە - هاوسەرگیرییەکی رۆحی بوو بێت – ڕەنگە هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە. بۆیە ئەوە لەلایان منەوە پێشێلکاری فەرمانە ئاکارییەکان بوو. من مافی ئەوەم نەبوو - لەبەر بیاتە ئەوە ڕێگە پێدراو نەبوو.

**ڕیبەکە**

بۆ بەختەوەری ژیان ڕێگە پێدراو نییە؟ تۆ لەو باوەڕەدایت، ڕوسمار؟

**ڕوسمار**

ئەو بە چاوی خۆشەویستییەوە تەماشای پەیوەندییەکەی ئێمەی کردووە. بە گوێرەی سروشتی خۆشەویستی خۆی بڕیاری بەسەر پەیوەندییەکەماندا داوە. بێگومان. بیاتە نەیدەتوانی بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی کە کردی، بڕیار بدات.

**ڕیبەکە**

بەڵام تۆ چۆن دەتوانیت لەبەر گومڕابوونی بیاتە سەرزەنشتی خۆت بکەیت!

**ڕوسمار**

ئەو لە خۆشەویستیدا بۆ من - بە شێوەی خۆی - خۆی فڕێدایە تافگەی ئاشەکەوە. ئەو ڕاستیەکی جێگیرە، ڕیبەکە. من هەرگیز لەدەستی قوتارم نابێت.

**ڕیبەکە**

ئۆ، تۆ لەو ئەرکە گەورە، جوانە زیاتر، کە ژیانی خۆت بۆ تەرخان کردووە، بیر لە هیچی دیکە مەکەرەوە!

**ڕوسمار** سەرڕادەوەشێنێت

بە دڵنیاییەوە ئەوە هەرگیز جێبەجێ ناکرێت. بە من ناکرێت. ناکرێ دوای ئەوەی کە من ئێستا دەیزانم.

**ڕیبەکە**

بۆچی بە تۆ ناکرێت؟

**ڕوسمار**

چوونکە هەرگیز سەرکەوتن بۆ دۆزێك بەدەست نایەت، کە لە پێشێلکارییەوە سەرچاوەی گرتبێت.

**ڕیبەکە** بە توورەییەوە

ئۆ، ئەمە گومانی ئاژدادە - ترسی پشتاوپشتە - لۆمەی ویژدانی ڕەچەڵەکە. ئێوە دەربارەی دووبارە گەڕانەوەی مردووەکان وەك ئەسپی سپی بە غاردان، دەدوێن. من پێموایە، ئەمە شتێکی ئاوهایە.

**ڕوسمار**

با بێت، هەر چییەك بێت. بەکەڵکی چی دێت، کاتێك من ئێستا ناتوانم لەوە بێمە دەرەوە؟ باوەڕم پێبکە، ڕیبەکە. ئەوە، وەکو گوتم. ئەو دۆزەی، سەرکەوتنی هەتاهەتایی بەدەست دەهێنێت – دەبێت ئەو دۆزە پیاوێکی شاد و بێتاوان ڕابەرایەتی بکات.

**ڕیبەکە**

ئایا بەڕاستی خۆشی شتێکە کە تۆ بەهیچ شێوەیەک ناتوانییت بەبێ ئەو هەڵکەیت، ڕوسمار؟

**ڕوسمار**

خۆشی؟ بەڵێ، ئەی چۆن - ئەوە وایە.

**ڕیبەکە**

بۆ تۆ، کە هەرگیز ناتوانیت پێبکەنیت؟

**ڕوسمار**

بەهەرحاڵ. باوەڕکە، من ئارەزوویەکی گەورەم بۆ دڵخۆشبوون هەیە.

**ڕیبەکە**

ئازیزم، تۆ ئێستا دەتوانیت دوور - تەواو دوور، بڕۆیت. گوێت لێیە؟ - بڕوانە، ئەوە شەپقەکەت. ئەوەش گۆچانەکەت.

**ڕوسمار** هەردووکیان وەردەگرێت

سوپاس. ئەی تۆ نایەیت؟

**ڕیبەکە**

نەخێر، نەخێر، من ئێستا ناتوانم.

**ڕوسمار**

بەڵێ بەڵێ. لەگەڵ ئەوەشدا تۆ هەر لەگەڵمدایت.

لەدرگاکەی سەر ڕاڕەووەکەوە دەچێتە دەرەوە. کەمێك دواتر ڕیبەکە سەیری پشتی دەرگا کراوەکە دەکات، پاشان دەچێتە لای دەرگاکەی ڕاستەوە.

**ڕیبەکە** دەیکاتەوە و بەدەنگێکی کەمێك بەرز دەڵێ

بڕوانە مەدام هێلسێت، ئێستا دەتوانن بنێرنە ژوورەوە.

**ڕیبەکە** دەچێتە لای پەنجەرەکەوە.

کەمێك دواتر بەڕیوەبەر کرۆڵ لەلای راستەوە دێتە ژوورەوە. ئەو سارد و بێدەنگ سڵاودەکات و شەپقەکەی بە دەستییەوە دەگرێت.

**کرۆڵ**

کەواتە ڕۆیشت؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ.

**کرۆڵ**

زۆر دوور دەکەوێتەوە؟

**ڕیبەکە**

ئا بەڵێ. بەڵام ئەمرۆ زۆر پێشبینی نەکراوە چەندی پێ دەچێت. ئینجا ئەگەر ئیوە نەخوازن ئەو ببینن –

**کرۆڵ**

نەخێر، نەخێر. من، دەخوازم لەگەڵ ئیوە قسە بکەم. بە تەنیا.

**ڕیبەکە**

کەواتە باشترە، ئێمە سوود لە کاتەکە وەرگرین. دانیشە، جەنابی بەڕیوەبەر.

ڕیبەکە، لەسەر کورسییە پشتدارەکەی وا بە تەنیشت پەنەجەرەکەوە، دادەنیشێت. بەڕیوەبەر کرۆڵ لەسەر کورسییەك بەتەنیشت ئەوەوە دادەنیشیت.

**کرۆڵ**

وێست خاتوون - ناتوانن بە هیچ جۆرێك وێنەنیانی ئەوە بکەن، چەند قووڵ و بە ئازار بە دڵمدا ڕۆدەچێت - ئەو گۆڕانە کتوپڕەی، بەسەر یۆهان ڕوسماردا هاتووە.

**ڕیبەکە**

ئێمە خۆمان بۆ ڕوودانی شتێکی ئاوها ئامادە کردبوو – لە سەرەتاوە.

**کرۆڵ**

هەر لە سەرەتاوە؟

**ڕیبەکە**

بەدڵنیاییەوە ڕوسمار هێوای ئەوەی هەبوو، کە درەنگ یان زوو ئێوە لەگەڵیدا بن.

**کرۆڵ**

من!

**ڕیبەکە**

هەم تۆ و هەم هەموو هاوڕێکانی دیکەشی.

**کرۆڵ**

بەڵێ، ئەوەتا دەبینن! هێزی هەڵسەنگاندنی چەندە لاوازە، کاتێک باس دێتە سەر مرۆڤ و پەیوەندییەکانی ژیان.

**ڕیبەکە**

بە هەر حاڵ - ئەو ئێستا ڕزگاربوونی خۆی لە دەست هەموو لایەك وەك پێویستیەك هەست پێدەکات –

**کرۆڵ**

بەڵێ بەڵام بزانە – ڕێك ئەوە ئەوەیە، کە من باوەڕم پێی نییە.

**ڕیبەکە**

باوەڕتان بە چی نییە؟

**کرۆڵ**

من پێموایە، ئەوە ئێوەن، لە پشت هەموو ئەم شتانەوە.

**ڕیبەکە**

ئەوە قسەی هاوسەرخانمەکەی ئێوەیە، بەڕێوەبەر کرۆڵ.

**کرۆڵ**

جیاوازی نییە، قسەی کێیە و من لە کێم وەرگرتووە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوە وایە، من گومانێکی بەهێزم هەیە - دەڵێم، گومانێکی هێجگار گەورە - کاتێك بیری لێدەکەمەوە و هەموو ڕەفتارەکانتان، لەوەتەی هاتوون بۆ ئێرە، پێکەوە کۆدەکەمەوە.

**ڕیبەکە** تەماشای دەکات

وابزانم، جارێك لە جاران ئێوە باوەڕێکی هێجگار بەهێزتان بە من هەبوو، بەریوەبەری ئازیز. دەتوانم بڵێم، باوەڕێکی گەرم.

**کرۆڵ** بە هێواشی

کێ هەبوو جادوی لێ نەکەن ئێوە - کاتێک دەتانکردە ئامانج؟

**ڕیبەکە**

من کردبووم به ئامانج که -!

**کرۆڵ**

بەڵێ، ئێوە کردبووتان بە ئامانج. من چیدی هێندە گێل نیم، لە خەیاڵدا بژیم، ئەوگەمەیە شتێك هەست و سۆزی تێدا بوو. ڕاشکاوانە پێتان بڵێم ئێوە تەنها ویستان شوێن پێی خۆتان لە مەزرای روسمارشهۆلم بکەنەوە. لێرە جێگیر بن. ئەوە ئەوە بوو، هەتا من لەوەدا یارمەتیدان بدەم. ئێستا من ئەوەم بۆ دەرکەوتووە.

**ڕیبەکە**

ئیوە تەواو بیرتان چووتەوە، کە بیاتە تکای لێکردم و لێم پارایەوە بگوازمەوە بۆ ئێرە.

**کرۆڵ**

بەڵێ، ئەوکاتە ئیوە جادوتان لەویش کردبوو. یان دەکرێ ئەوە، بە هاوڕێیەتی ناوببرێت، کە بیاتە وەک هەستێک بەرامبەر بە ئێوە هەی بوو؟ ئەوە گۆڕا بۆ کردن بە خودا – بە پەرستن. ئەوە گۆڕا بۆ - ناوی بنێم چی؟ - بۆ جۆرێك ئەوینی بێهیوا. بەڵێ، ئەوە، ئەو وشە ڕاستەیە.

**ڕیبەکە**

فەرموون ئێوە میهرەبان بن و بارودۆخی خوشکەکەتان بە بیر خۆتان بهێننەوە. ئەوەی پەیوەندی بە منیشەوە هەیە، پێموانییە، من بە هیچ شێوەیەک بتوانم بڵێم ترس و نیگەرانیم هەیە.

**کرۆڵ**

نەخێر، بە دڵنیاییەوە ئێوە وا نین. بەڵام هەتا دێ ئێوە مەترسیدارتر دەبن بۆ ئەوکەسانەی، کە دەخوازن دەسەڵاتان هەبێت بەسەریاندا. بۆ ئێوە ئاسانە بە پلاندارشتن و حیسابراگرتنی تەواو راستەوە مامەڵەبکەن - دروست لەبەرئەوەی ئێوە [کەسێکی] دڵڕەقن.

**ڕیبەکە**

دڵڕەق؟ ئایا ئیوە زۆر لەو قسەیەتان دڵنیان؟

**کرۆڵ**

من ئێستا زۆر لەوە دڵنیام. ئەگینا نەتان دەتوانی لێرە ساڵ لە دوای ساڵ بێن و بچن و هێندە پتەو دوای ئامانجەکەتان بکەون. بەڵێ، بەڵێ - ئیوە بەوەی خواستوتانە، گەیشتوون. ئێوە ئەوتان خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆتانەوە. بەڵام بۆ ئەوەی هەموو ئەمە جێبەجێ بکەن، سڵتان نەکردووەتەوە لەوەی ئەو خەمگین و بەدبەخت بکەن.

**ڕیبەکە**

ئەوە ڕاست نییە. ئەوە من نیم. ئەوە ئیوە خۆتانن، ئەوتان کردووە بە کەسێکی بەدبەخت.

**کرۆڵ**

من وامکردووە!

**ڕیبەکە**

بەڵێ، ئەوکاتەی بەرەو ئەو خەیاڵە ڕێنمایتانکرد، کە ئەو لەو کۆتاییە ترسناکەی، **بیاتەی** پێچایەوە، خەتابارە.

**کرۆڵ**

کەوابێت ئەوە زۆر بەسەختی کاری لێکردووە؟

**ڕیبەکە**

ئێوە باش لەوە تێ دەگەن. مێشکێکی زۆر نەرمی وەك ئەوەی ئەو –

**کرۆل**

من لەوباوەڕەدا بووم، کە پیاوێکی ئاوها ئازاد، دەیزانی چۆن خۆی لە هەموو لۆمەی ویژدانێك بە دوور بگرێت. – بەڵام کەواتە ئەوە ئاوهایە! – لە بنەڕەتدا ئەوە خۆ هەر وایە، من دەمزانی. باووباپیرانی لەو پیاوانەن، کە بەروخوار لە ئێمە و مانان دەڕوانن - ئەو نەدەبوایە خۆی لەو شتانە دووربخاتەوە کە بەشیوەیەکی نەگۆڕ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی بەمیرات دەمێنێتەوە.

**ڕیبەکە** بە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە لەبەردەمی خۆی دەڕوانێت

یۆهانس ڕوسمار ڕەگی زۆر قوڵی لە پشتاوپشتیدا هەیە. ئەوە ئینکاری لێ ناکرێ و ڕاستە.

**کرۆل**

بەڵێ، ئەگەر ئێوە خۆشەویستیتان بۆ ئەو هەبووایە، دەبوایە ئەوەتان ڕەچاوبکردایە. بەڵام ئێوە بێگومان نەتان توانیوە ئەو جۆرە ڕەچاوکردنە بکەن. پێش مەرجەکانی ئێوە لەگەڵ ئەوانەی ئەودا هێجگار جیاوازن.

**ڕیبەکە**

مەبەستان چ پێش مەرجێکە؟

**کرۆل**

مەبەستم پێشمەرجەکانی سەرچاوەیە. لە بنەچەوە - وێست خاتوون.

**ڕیبەکە**

ئێ ئاوها. بەڵێ، ئەوە زۆر ڕاستە - من  لە کەسانی هێجگار سادە کەوتوومەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا –

**کرۆل**

من مەبەستم، پلەوپایە نییە. من بیر لە پێشمەرجە ئاکارییەکان دەکەمەوە.

**ڕیبەکە**

پێشمەرج -؟ بۆ چی؟

**کرۆل**

بۆ لەبنەڕەتەوە دروست بوونی ئێوە.

**ڕیبەکە**

ئەوە ئیوە دەڵێن چی!

**کرۆل**

من هەر ئەوە دەڵێم، چوونکە ئەوە هەموو ڕەفتاری ئێوە ڕوون دەکاتەوە.

**ڕیبەکە**

من لەمە تێناگەم. من پەیامی تەواوم دەوێت!

**کرۆڵ**

من بەڕاستی لەوباوەڕەدا بووم، ئێوە پەیامی تەواوتان پێگەیشتووە. ئەگینا شتێکی سەیر دەبێت، ئەوەی ئێوە هێشتووتانە دکتۆر وێست، هەڵتان گرێتەوە –

**ڕیبەکە** هەڵدەسێتە سەرپێ

ئاها ئاوها! ئێستا تێگەیشتم.

**کرۆڵ**

- ئێوە ناوی دکتۆرتان کردە پاش ناوی خۆتان. دایکتان ناوی **گامڤیك** بوو.

**ڕیبەکە** بە نێو ژوورەکەدا دێ و دەچێ

باوکم ناوی **گامڤیك** بوو، جەنابی بەڕیوەبەر.

**کرۆڵ**

بارودۆخی ژیانی دایکتان هێواش هێواش ئەوی بە دکتۆری ناوچەکەوە گرێدا.

**ڕیبەکە**

ڕاست دەکەن.

**کرۆڵ**

ئینجا ئەویش کە دایکتان دەمرێ - یەکسەر ئێوە دەباتە لای خۆی. ئەو دکتۆرە بەرەڤی لەگەڵتاندا دەجوڵێتەوە. کەچی ئێوە لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەلای دەمێننەوە. گەرچی دەشزانن، کە ئەو یەك دینارتان بە میراتی بۆ بە جێناهێڵێت. ئێوە تەنها سندوقێك کتێبتان بە میراتی بەرکەوەت. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەلای ئەو دەمێننەوە. تەحەمولی ئەو دەکەن. هەتا دواساتەکان ئاگاتان لێی دەبێت.

**ڕیبەکە** بە تەنیشت مێزەکەوە، بە ڕقەوە سەیری دەکات

ئینجا لەبەرئەوەی من ئەم هەموو شتەم کردووە - ئێوە ئەوە وا لێکدەدەنەوە، کە لە بوونی مندا – شتێکی بێ ڕەوشتانە - شتێکی تاوانکارانە هەبووە!

**کرۆڵ**

ئەوەی ئێوە کردووتانە بۆ ئەو، من وەك غەریزەیەکی بێ مەبەستی نێوان باوك و کچ ئانجامگیری بۆ دەکەم. بە هەرحاڵ من هەموو ڕێبازەکەتان بە دەرئەنجامی بنەچەتان دەزانم.

**ڕیبەکە** بە توندی

بەڵام هەموو ئەوەی ئێوە دەیڵێن یەك وشەی ڕاستی تێدا نییە! من دەتوانم ئەوە بسەلمێنم! چوونکە ئەو کاتەی من لە دایکبووم، هێشتا دکتۆر وێست نەهات بوو بۆ **فینیمارك**.

**کرۆڵ**

ببوورە - خاتوون. ئەو ساڵێک پێش لە دایکبوونی ئێوە هاتبوو بۆ ئەوێ. من ئەوەم پشکنیوە.

**ڕیبەکە**

من دەڵێم، ئێوە هەڵەن! ئێوە تەواو هەڵەن!

**کرۆل**

پێرێ ئێوە گوتان، بیست و نۆ ساڵن ئێوە. دەچنە سی ساڵییەوە.

**ڕیبەکە**

چۆن؟ من وام گوت؟

**کرۆل**

بەڵێ، واتان گوت. ئینجا لەوێوە من دەتوانم حیسابی بکەم –

**ڕیبەکە**

بووەستە! حیسابکردن یارمەتیت نادات. چوونکە من حەزدەکەم هەر ئێستا ئەوەتان پێ بڵێم : من ساڵێك گەورەترم، لەوەی دەیڵێم.

**کرۆل** بە باوەڕنەکردنەوە زەردەخەنەیەك دەکات

بە ڕاست؟ ئەوە شتێکی تازەیە؟. چۆن؟

**ڕیبەکە**

ئەوکاتەی کە بووم بە بیست و پێنچ ساڵ - شووم نەکردبوو - پێموابوو، کە زۆر پیر بووم. ئینجا کەوتمە درۆی ئەوەی ساڵێك کەمبکەمەوە.

**کرۆل**

ئێوە؟ ئافرەتێکی ئازاد. ئێوە حکوم دەدەن بەسەر ئەوەی کە چ تەمەنێك بۆ هاوسەرگیری باشە؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ ئەوە گەمژە و گێلۆکانە بوو - ئینجا پێکەنیناویش. بەڵام هەمیشە شتێك بەدەورتەوەیە، کە ناتوانیت خۆتی لێ ڕزگاربکەیت. ئێمە ئیستا ئاوهاین.

**کرۆل**

لێبگەڕێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حیسابەکە هەر دەشێ ڕاست بێت. چوونکە دکتۆر وێست، ساڵێک پیش دامەزراندنی، بە سەفەرێکی کورت هاتبوو بۆ ئەوێ.

**ڕیبەکە** دەتەقێتەوە

ئەوە ڕاست نییە!

**کرۆل**

ڕاست نییە؟

**ڕیبەکە**

نەخێر، چوونکە دایکم هەرگیز باسی ئەوەی نکردووە.

**کرۆڵ**

کەواتە ئەو باسی نەکردووە؟

**ڕیبەکە**

نەخێر، هەرگیز. دکتۆر وێستیش باسی نەکردووە. هەرگیز بە یەك وشەش.

**کرۆڵ**

بڵێی لەبەر ئەوە نەبوو بێت، کە ئەو دووانە هۆکارێکیان بەدەستەوە بوو بێت بۆئەوەی باز بەسەر ساڵێکدا بدەن بۆ پێشەوە؟ هەروەک ئەوەی ئێوە کردووتانە، وێست خاتوون. ڕەنگە ئەوە تایبەتمەندی پشتاوپشتی باوباپیران بێت.

**ڕیبەکە** هاتوو جۆ دەکات، دەستەکانی دەکات بە ناو یەکدا و پێکەوەیان دەگوشێ

ئەوە مەحاڵە. ئەوە تەنها شتێکە ئێوە دەخوازن لە خەیاڵی مندا دروستی بکەن. هەرگیز ئا ئەمە، ڕاست نییە.

ڕاستیش نا بێت! هەرگیز بە هیچ کلۆجێك -!

**کرۆڵ** هەڵدەسێتە سەرپێ

بەڵام، ئازیز - بۆ خاتری خوا بۆ ئێوە ئاوها تووڕە دەبن؟ ئێوە تەواو دەمترسێنن! بە چی باوەڕبکەم و بیر لەچی بکەمەوە -!

**ڕیبەکە**

بە هیچ. ئێوە نە باوەڕ بە هیج بکەن و نە بیریش لە هیچ بکەنەوە.

**کرۆڵ**

بەڕاستی ئێوە دەبێت بۆم ڕوونبکەنەوە، ئێوە چۆنچۆنی مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا، ئەو ئەگەرە زۆر نزیکەدا –دەکەن؟

**ڕیبەکە** خۆی دەردەبڕێت

ئەوە خۆ هێجگار زۆر ڕوونە، بەڕێوەبەر کرۆڵ. من ئارەزووی ئەوە ناکەم بە منداڵێکی ناشەرعی دابنرێم.

**کرۆڵ**

ئێ ئێ. بەڵێ بەڵێ، با بەو ڕوونکردنەوەیە ئارام بینەوە – لە ئیستادا. بەڵام کەوابوو ئێوە سوورن لەسەر – بۆ چوونتان لەم مەسەلەیە دا.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، من سوورم لەسەر ئەوە.

**کرۆڵ**

ئێ، من بیردەکەمەوە، بە هەمان شێوە زۆربەی زۆری ئەمەش، کە ئێوە پێی دەڵێن ڕزگاریخوازی، لە دۆخێکی خراپدایە. ئێوە بیر و بۆچوونی نوێی زۆر زۆرتان خوێندووەتەوە. جۆرێك زانیاریتان هەیە دەربارەی توێژینەوە لە بواری جیاوازدا - توێژینەوەگەلێك، کە پێدەچێت چەندین لەوانەیان هەڵوەشاندبێتەوە، کە تا ئێستا لەلای ئێمە بە شت گەلیکی ئاوها

هەژماردەکران کە لە ڕەتکردنەوە و پەلاماردان بەدەرن. ئەمە هەمووی لەلای ئێوە بووە زانستێك، خاتوون. تەنها زانستێك. ئەگینا ئەوە لە خوێنتاندا نییە.

**ڕیبەکە** بە بیرکردنەوەوە

ڕەنگە، ئێوە لەوەدا لەسەر هەق بن.

**کرۆڵ**

بەڵێ، تەنها خۆتان تاقیبکەنەوە، ئەوسا دەیبینن! ئینجا ئەگەر بارودۆخی ئێوە بەم شێوەیە بێت، ئەوا بەئاسانی دەتوانیت بزانیت کە بارودۆخی یۆهانس ڕوسمار چۆنچۆنییە. ئەوە تەواو شتێتییە - کاتیك ئەو دەیەوێت بێتە پێشەوە ودان بە لە دین وەرگەڕانی خۆیدا بنێت، ئەوە ڕاستەوخۆ چوونە نێو خراپەکارییە و بەد ڕەوشتییە! بیرکەرەوە - ئەو بەم شەرمنییەیی خۆیەوە! بیر لەوانە بکەرەوە کە ئەم بەریان دەکەوێت - بەرانگار بوونەوەی لەگەڵ ئەو گروپەدا، کە ئەو تا ئیستا سەربەوان بووە. کەوتنەبەر هێرشی بێ بەزەییانە باشترین کەسانی نێو کۆمەڵگە. هەرگیز ئەو نابێت بەو پیاوەی بەرگەی ئەوە بگرێت.

**ڕیبەکە**

پێویستە ئەو بەرگە بگرێت! تازە درەنگە بۆ خۆ کێشانەوە دواوە.

**کرۆڵ**

هەرگیز درەنگ نییە. بە هیچ شێوەیەك. ئەوەی بووە، بێدەنگی لێبکرێت - یان لایەنی کەم دەکرێ وەك بەخەیاڵ دروستکراوێکی دڵ بۆ گرانبوو تێپەڕیو لێکبدرێتەوە. بەڵام – هەنگاونانی پێویست بەڕاستی پێویستییەکی ناچارییە.

**ڕیبەکە**

ئەو هەنگاوە پیویستە چییە؟

**کرۆڵ**

پێویستە ئێوە ئەو بێننە سەر ئەو بارەی کە پەیوەندییەکەی بکاتە شتێکی فەرمی، وێست خاتوون.

**ڕیبەکە**

ئەوە پەیوەندییەیی، کە ئەو لەگەڵ من هەیەتی؟

**کرۆڵ**

بەڵێ. ئێوە دەبێت کارێبکەن ئەو ئەوە بکات.

**ڕیبەکە**

ئەی ئێوە ناتوانن لەو بۆچوونە، کە پەیوەندییەکەمان، وەك دەڵێن، پێویستە ببێتە فەرمی، خۆتان ڕزگار بکەن؟

**کرۆڵ**

من ناخوازم زیاتر بچمە ئەو باسەوە. بەڵام من پێموایە، بە ڕاستی تێبینیم کردووە، بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو شتەی کە پێی دەڵێن حوکوم بەسەردادانی پێشوەختە، لەو شوێنەوە، ئاسانترە – هەم.

**ڕیبەکە**

مەبەستان، لە پەیوەندی نێوان پیاو و ژنە؟

**کرۆڵ**

بەڵێ، - بەڕاستی - من لەوباوەڕەدام.

**ڕیبەکە** بە نێو ژوورەکەدا دێت و دەچێت و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات.

من خەریکە بڵێم، خۆزگە ئێوە لەسەر هەق بوونایە، بەڕیوەبەر کرۆڵ.

**کرۆڵ**

مەبەستان چییە؟ ئێوە زۆر سەیر ئەو قسەیە دەکەن؟

**ڕیبەکە**

ها چی! با لەوە زیاتر باسی ئەو شتانە نەکەین. – ئەها - ئەوە هاتەوە.

**کرۆڵ**

هەر وا زوو! کەواتە من دەڕۆم.

**ڕیبەکە** ڕووی تێدەکات

نەخێر - بمێنەرەوە. چوونکە ئێستا گوێتان لە شتێك دەبێت.

**کرۆڵ**

ئێستا نا. لەوباوەڕدا نیم، من بەرگەی بینینی بگرم.

**ڕیبەکە**

من تکاتان لێ دەکەم - بمێننەوە. بە قسەم بکەن. ئەگینا دوایی پە شیمان دەبنەوە. ئەمە دواجارە من داوای شتێکتان لێ دەکەم.

**کرۆڵ** بە سەیر لێ هاتنەوە تەماشای دەکات و شەپقەکەی دادەنێت

باشە، وێست خاتوون. با وا بێت.

ماوەیەك بێدەنگی. ئینجا یۆهان ڕوسمار لە ڕاڕەوی پێش هۆڵەکەوە دێتە ژوورەوە.

**ڕوسمار** چاوی بە بەڕێوەبەر دەکەوێت، لە نێو دەرگاکەدا دەوەستێت

چی! – ئەوە لێرەیەت!

**ڕیبەکە**

نەیدەویست تۆ ببینێت، ڕوسمار.

**کرۆڵ** ڕاستەوخۆ

تۆ!

**ڕیبەکە**

بەڵێ، جەنابی بەڕێوەبەر. ڕوسمار و من – ئێمە یەکدی بە تۆ بانگ دەکەین. پەیوەندی نێوانمان ئاوهایە.

**کرۆڵ**

ئایا ئەوە ئەو شتە بوو، کە ئێوە بەڵێنی بیستنیتان، پێدام؟

**ڕیبەکە**

هەم ئەوە و – هەم کەمێك زیاتریش.

**ڕوسمار** دێتە نزیکترەوە

ئەمرۆ مەبەستی سەردانەکەتان چییە؟

**کرۆڵ**

دەمویست جارێکی تریش هەوڵبدەم بتان وەستێنم و بگەڕێنەوە و بە سەر خۆتاندا زاڵ بن.

**ڕوسمار** ئاماژە بۆ ڕۆژنامەکە دەکات

دوای ئەو نووسینەی، کە لە وێدا نووسراوە؟

**کرۆڵ**

من ئەوەم نە نووسیوە.

**ڕوسمار**

ئەی هیچ هەنگاوێکت نا لە پێناو راگرتنیدا؟

**کرۆڵ**

ئەوە دەبووە دژی ئەو بابەتەی من کاری بۆ دەکەم. ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە لە دەسڵاتی مندا نەبوو.

**ڕیبەکە** ڕۆژنامەکە دەدرێنێ، پارچە دڕاوەکان گرمۆڵە دەکات و فڕێیان دەداتە نێو ئاگردانەکەوە

سەیرکە ئاوها. ئەوە ئێستا لەبەرچاودا نەما. ئینجا با لە مێشکیش بچێتە دەرەوە. چوونکە چیدی زیاتر ئەو جۆرە شتانە ڕوونادەنەوە، ڕوسمار.

**کرۆڵ**

بەڵێ، ئێوە دەتوانن بەڕاستی کارێکی ئاوها بکەن [ ڕوونەداتەوە].

**ڕیبەکە**

وەرە، با دانیشین، ئازیز. ئێمە هەر سێکمان. پاشان من دەخوازم هەموویتان بۆ باس بکەم.

**ڕوسمار** بێ ویستی خۆ دادەنیشێت

ئەوە چییە، چیت لێ قەوماوە، ڕیبەکە! ئەم ئارامییە ناخۆشە -. ئەمە چییە؟

**ڕیبەکە**

ئارامی بڕیاردانە. (دادەنیشێت) ئێوەش، بە ڕیوەبەر، دانیشن.

بەڕێوەبەر کرۆڵ لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت.

**ڕوسمار**

گوتت، بڕیار. چ بڕیارێك؟

**ڕیبەکە**

من دەخوازم ئەوەی تۆ بۆ ژیانکردن پێویستە، دووبارە پێت بدەمەوە.هاوڕێی ئازیز، ئەوسا دڵخۆشی بێتاوانیت دووبارە بۆ دەگەڕێتەوە.

**ڕوسمار**

بەڵام ئاخر بەڕاستی ئەمە چییە!

**ڕیبەکە**

من دەمەوێ تەنها بۆتان بگێڕمەوە. پیویست بە هیچی دیکە ناکات.

**ڕوسمار**

ئێ!

**ڕیبەکە**

ئەوکاتەی من **لە فینیمارکەوە** هاتمە خوارەوە بۆ ئێرە – پێکەوە لەگەڵ دکتۆر وێست دا - پێموا بوو، کە دنیایەکی نوێ و گەورە و فراوان بە ڕوومدا کراوەتەوە. دکتۆر هەموو شتێکی فێرکرد بووم. هەموو ئەو شتە پەرشوبڵاوە ناتەواوانەی، من ئەوسا لە ژیاندا لەبارەیانەوەم دەزانی.( بە تێکۆشانەوە و بەحاڵ دەنگی دەبیسرێت) و پاشان –

**کرۆڵ**

و پاشان؟

**ڕوسمار**

بەڵام، ڕیبەکە - من ئەوە دەزانم.

**ڕیبەکە** خۆی گورج دەکاتەوە

بەڵێ، بەڵێ - تۆ ڕاست دەکەیت. تۆ لەم بارەیەوە دەزانیت.

**کرۆڵ** زەق تەماشای دەکات

ڕەنگە چاکتر وا بێت، من بڕۆم.

**ڕیبەکە**

نەخێر، دانیشن، بەڕیوەبەری ئازیز. ( ڕوو دەکاتە ڕوسمار) بەڵێ، ئەوە بوو، دەبینیت - من دەمویست لەگەڵ ئەو سەردەمە نوێیەدا بم، کە هاتبووە گۆڕێ. لەگەڵ هەموو ئەو بیروبۆچوونە نوێیانەدا. – ڕۆژێك بەڕێوەبەر کرۆڵ پێی گوتم، کە ئولریك

برێندڵ ماوەیەك زۆر هەژموونی بەسەرتەوە هەبووە، کاتێک تۆ هێشتا کوڕ بوویت. پێموابوو، دەبێت ئەوە ئیمکان بێت بۆ من کە دووبارە منیش ئەو شتەی ئەو دووبارە بکەمەوە.

**ڕوسمار**

تۆ لە هاتنتا بۆ ئێرە، مەبەستێکی پەنهانت هەبووە -!

**ڕیبەکە**

دەمویست، من و تۆ پێکەوە لە ئازادیدا بەرەوە پێشەوە بڕۆین. هەمیشە بەرەو پێشەوە. هەمیشە زیاتر بەرەو پێشەوە. – بەڵام پاشان ئێدی ئەو دیوارە ترسناکە بوو لە نێوان تۆ و ڕزگاربوونی هێجگارەکیدا، کە سەرکەوتن بەسەریدا مەحاڵبوو.

**ڕوسمار**

مەبەستت، کام دیوارەیە؟

**ڕیبەکە**

ڕوسمار، مەبەستم ئەوەیە، کە تۆ لە تواناتدا نەبوو بەبێ ڕووناکی خۆری درەوشاوە ئازادانە گەورە بیت. وە پاشان تۆ لێرە لە تاریکایی هاوسەرگیرییەکی ئاوهادا نا تەندروست و نەخۆش دەهاتیت و دەچوویت.

**ڕوسمار**

هەرگیز تۆ پێشتر لەبارەی هاوسەرگیری منەوە بەم شیوەیە نەدواویت.

**ڕیبەکە**

نەخێر، نەم دەوێرا، چوونکە بەباسکردنی دەم ترسانیت.

**کرۆڵ** سەر بۆ ڕوسمار دەلەقێنێ

گوێت لێیە!

**ڕیبەکە** بەردەوام دەبێت

بەڵام من باش دەمزانی، [ڕێگای] ڕزگاربوونی تۆ لە کوێوەیە. تاکە ڕێگای ڕزگار بوونت. ئینجا دەستمکرد بە کارکردن.

**ڕوسمار**

مەبەستت، چ کارکردنێکە؟

**کرۆڵ**

دەتانەوێت بڵێن، کە -!

**ڕیبەکە**

بەڵێ ڕوسمار -. (ڕوسمار هەڵدەسێتە سەرپێ) دانیشە جارێ. ئێوەش بەڕیوەبەر کرۆڵ. بەڵام ئێستا ڕاستیەکە دەبێت دەرکەوێت. ئەوە تۆ نەبوویت، ڕوسمار، تۆ بێ تاوانیت. ئەوە من بووم، ئەوم فریو دا - من **بیاتە**م بەرەو گومڕا بوون فریو دا-

**ڕوسمار** بەپەلە لەجێگەکەی بەرزدەبێتەوە

ڕیبەکە!

**کرۆڵ** لەسەر قەنەفەکە هەڵدەسێت

. بەرەو گومرایی!

**ڕیبەکە**

بەرەو ئەو ئاڕاستەیەی - کە ئەوی بەرەو تاڤگەی ئاشەکە برد. ئێوە، ئێستا هەردووکتان ئەوە دەزانن.

**ڕوسمار** وەك بەنج بوو بیت

بەڵام من تێناگەم -. ئەوە چییە، ئەو باسی چی دەکات؟ من لە یەك وشە تێناگەم.

**کرۆڵ**

با. من خەریکە تێدەگەم.

**ڕوسمار**

بەڵام ئەوە تۆ چیت کردووە! تۆ چ شتێکت بە ئەو گوتووە؟ هیچ. بەهیچ شیوەیەك!

**ڕیبەکە**

ئەو دەیزانی، کە تۆ خەریکە لە هەموو داب ونەریتە کۆنەکان دەچیتە دەرەوە.

**ڕوسمار**

بەڵێ، بەڵام ئەوکاتە من هێشتا ئەوەم نەکرد بوو.

**ڕیبەکە**

من دەمزانی تۆ بەوزووانە دەخوازیت ئەوە بکەیت.

**کرۆڵ** سەر بۆ ڕوسمار دەلەقێنێت

ئەها!

**ڕوسمار**

ئێ ئینجا؟ چی تر؟ دەمەوێت باقیەکەی بزانم.

**ڕیبەکە**

ماوەیەك دوای ئەوە – هاتم تکام لێکرد و لێی پاڕامەوە کە دەبێت من ڕوسمارشهۆڵم بە جێبێڵم.

**ڕوسمار**

بۆچی دەبوو تۆ بڕۆیت – ئەوکاتە؟

**ڕیبەکە**

من نەمدەویست بڕۆم. دەمویست لێرە بم، لە شوێنی خۆم. بەڵام بە **بیاتەم** گوت، کە بۆ هەموو لایەکمان ئەوە باشتر بوو – کە من لە کاتی خۆیدا بڕۆم. من وام لەوگەیاند، ئەگەر من لێرە زیاتر بمێنمەوە - ئەوا ڕەنگە - ڕەنگە شتێك ڕوو بدات، ئیتر هەر شتێك بێت.

**ڕوسمار**

کەواتە تۆ ئەمەت گوتووەوە و  ئەمەت کردووەوە.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، ڕوسمار.

**ڕوسمار**

ئەوە ئەمە بوو، کە تۆ ناوت نابوو دەست بە کارکردن.

**ڕیبەکە** بە دەنگێکی گریاناوییەوە

بەڵێ. من وام ناونا بوو.

**ڕوسمار** پاش کەمێك

تۆ دانت بە هەموو شتێکدا نا ئێستا، ڕیبەکە؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ.

**کرۆڵ**

هەموو شتێك نا.

**ڕیبەکە** بە ترسەوە تەماشای دەکات

دەبێ چی زیاتر هە بێت؟

**کرۆڵ**

ئەی دواجار ئێوە ئاوهاتان نەکرد تا **بیاتە** تێبگات کە پێویستە – نەك باشترە – بەڵکو پێویستە، لە پێناو خۆت و ڕوسماردا، بە زووترین کات ئێوە – بەرەو شوێنێکی دیکە بڕۆن؟ - ها؟

**ڕیبەکە** هێواش و نا ڕوون

ڕەنگە شتێکی ئاوهام گوتبێت.

**ڕوسمار** لەسەر کورسییەکەی تەنیشت پەنجەرەکە دادەنیشێت.

ئەم تۆڕە لە درۆ و فێڵ چنراوەش - ئەو نەخۆشە بەدبەختە، باوەڕی پێ کردووە! باوەڕی تەواو و جێگیر! زۆر پتەو! (تەماشای ڕیبەکە دەکات) هەرگیز ئەو ئەوەی نەدایە ڕووم. هەرگیز بە وشەیەکیش! ئۆ، ڕیبەکە - دەزانم، پێتەوە دیارە - تۆ ئامۆژگاریتکرد بوو ئەوە نەکات!

**ڕیبەکە**

ئەو ئەوەی خستبووە مێشکی خۆیەوە، کە وەك ژنێکی نەزۆك، مافی ئەوەی نەبوو لێرە بێت.  پاشان بە خەیاڵی خۆی، ئەوە ئەرکێك بوو بەرامبەر بە تۆ، کە جێگەی خۆی چۆڵکات [بۆ یەکێکی تر].

**ڕوسمار**

تۆش - هیچت نەکرد بۆ ئەوەی ئەو لەو خەیاڵە بێنیتە دەرەوە؟

**ڕیبەکە**

نەخێر

**کرۆڵ**

ئێوە ڕەنگە ئەو بوچوونەی ئەوتان بە هێزتر کردبێت؟

وەڵامم بەرەوە! واتان نەکرد؟

**ڕیبەکە**

وا بزانم، ئەو ئاوها تێگەیشتبوو.

**ڕوسمار**

بەڵێ، بەڵێ - ئەو لە پێناو ویستی تۆدا هەموو شتێکی دەکرد. پێگەی خۆشی بەخشی. (لە سەر کورسییەکە بەرز دەبێتەوە) تۆ چۆن توانیت - چۆن توانیت ئەم یارییە مەترسیدارە بخەیتەگەڕ!

**ڕیبەکە**

پێموابوو، لە نێوان دوو ژیاندا من دەبوایە یەکێکیان هەڵبژێرم، ڕوسمار.

**کرۆڵ** بە توورەیی و بە هەژموونەوە

ئێوە مافی بژاردەیەکی لەو شێوەیەتان نەبوو!

**ڕیبەکە** بە توندی

بەڵام ئێوە پێتانوایە من لێرە بە تێگەیشتنێکی سارد و ژیرانەوە مامەڵەمکردووە! ئەوسا من ئاوها نەبووم، ئەوکاتە، وەك ئێستا، کە ئەمەتان بۆ دەگێڕمەوە. بە ڕای من، لە مرۆڤدا دوو جۆر ویست هەیە! من دەمویست بە هەر ڕێگایە بووە، **بیاتە** بڕوات. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز لەوباوەڕەدا نەبووم، ئەو شتە مەیسەر دەبێت. هەوڵی پڕکێشی هەر هەنگاوێکم بۆ بەرەو پێشەوە دەدا، هەستم دەکرد وەك شتێك لە ناخمدا بزریکێنێت: لەوە زیاتر مەڕۆ! هەنگاوێك لەوە زیاتر مەنێ! – ئینجا هێشتاش نەمدەتوانی دەست هەڵگرم. من دەبوایە کەمێك بەحاڵ هەوڵ بدەم. تەنها کەمێك. ئینجا کەمێکی تریش – و بەردەوام کەمێکی تریش. – پاشان ڕوویدا. – شتەکان بەو شێوەیە، دەچنە پیش.

بێدەنگییەکی کورت

**ڕوسمار** ڕوودەکاتە ڕیبەکە

پێتوایە لەمەودوا باورودۆخی تۆ چۆن دەبێت؟ دوای ئەمە؟

**ڕیبەکە**

بۆ من هەر چۆنێك دەبێت، با ببێت. ئەوە هێندە گرنگ نییە.

**کرۆڵ**

تەنها وشەیەکیش نییە، کە ئاماژە بە پەشیمان بوونەوەتان بدات. ڕەنگە هەست بە هیچ وشەیەک نەکەن؟

**ڕیبەکە** سارد و ڕەتکەرەوانە

ببورە، جەنابی بەڕیوەبەر - ئەو مەسەلەیە، پەیوەندی بە کەسی ترەوە نییە. ئەوە من خۆم لەگەڵ خۆمدا یەکلایی دەکەمەوە.

**کرۆڵ** ڕوودەکاتە ڕوسمار

ئینجا ئەمە ئەو ئافرەتەیە، کە تۆ لە ژێر میچی ماڵێکدا لەگەڵی دەژیت. لە پەیوەندییەکی هاودەمانەدا. (تەماشای وێنە هەڵواسراوەکان دەکات) ئۆ، ئێستا - ئەوانەی، نەماون - ئەمەیان ببینیایە!

**ڕوسمار**

دەچیت بۆ شار؟

**کرۆڵ** شەپقەکەی هەڵدەگرێت

بەڵێ. تا زووتر [لێرە بڕۆم] باشترە.

**ڕوسمار** ئەویش شەپقەکەی هەڵدەگرێت

منیش دێم لەگەڵت.

**کرۆڵ**

دێیت! بەڵێ، من بیرم لەوە کرد بووەوە، کە ئێمە بە تەواوەتی تۆمان لەدەست دەرنەچووە.

**ڕوسمار**

وەرە، کرۆڵ! وەرە!

هەردووکیان لەدەرگای سەر ڕاڕەوەکەوە دەچنە دەرەوە بەبێ ئەوەی سەیری ڕیبەکە بکەن.

کەمێك دواتر ڕیبەکە بە هێواشی دەچێتە لای پەنجەرەکەوە و لە نێو گوڵەکانەوە تەماشای دەرەوە دەکات.

**ڕیبەکە** بەدەنگێکی نیوە بەرز لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات

ئەمڕۆش بەسەر پردە دارینەکەدا ناڕۆن. بەرەو ژوور بەلایدا دەدەن. هەرگیز بەسەر تاڤگەی ئاشەکەدا ناپەڕنەوە. هەرگیز. (لە پەنجەرەکە دوور دەکەوێتەوە) بەڵێ، بەڵێ!

دەچێت پەتی زەنگی بانگهێشتکردنی خزمەتکارەکە ڕادەکیشێت. پاش کەمێك مەدام هێلسێت لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە.

**مەدام هێلسێت**

چییە، خاتوون؟

**ڕیبەکە**

مەدام هێلسێت، تکایە جانتای سەفەرەکردنەکەم لە ژووری هەورەبانەکە بۆ بێنەرە خوارەوە.

**مەدام هێلسێت**

جانتای سەفەرکردنکەت؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ، جانتا چەرمە قاوەییەکە، خۆتان دەزانن.

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ باشە. بەڵام خوا ڕەحممان پێ بکات - خاتوون دەخوازێت سەفەربکات؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ - دەمەوێت بڕۆم سەفەربکەم، مەدام هێلسێت.

**مەدام هێلسێت**

ئینجا ئاوها خێرا لەم کاتەدا!

**ڕیبەکە**

خێرا هەر دوای ئەوەی خۆم کۆکردەوە.

**مەدام هێلسێت**

من هەرگیز شتی وەك ئەمەم نەبیستووە! بەڵام من بزانم، خاتوون دووبارە زوو دەگەڕێتەوە؟

**ڕیبەکە**

هەرگیز دووبارە من ناگەڕێمەوە.

**مەدام هێلسێت**

هەرگیز! بەڵام بۆ خاتری خوا، ئەی ئێرە ڕوسمارشهۆڵم چۆن دەبێت، ئەوسا کە چیدی وێست خاتوونی لێ نییە؟ ئێستا ئەو قەشە داماوە بەهۆی تۆوە بارودۆخی باش و خۆشە.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، بەڵام ئەمڕۆ من ترسام، مەدام هێلسێت.

**مەدام هێلسێت**

ترسایت! ووی خوای گەورە - لە بەرچی؟

**ڕیبەکە**

ئا، چونکە وابزانم، من وەک چۆن بڵێیت تارمایی ئەسپی سپیم بینی.

**مەدام هێلسێت**

تارمایی ئەسپی سپی! بە ڕۆژی ڕووناك!

**ڕیبەکە**

ئۆ، ئەو ئەسپە سپیانە لە روسمارشهۆڵم لەدەرەوەن، دەرنگ و زوویان بۆ نییە. (بابەتەکە دەگۆڕێت) ئێ – [باس] باسی جانتای سەفەرەکە بوو، مەدام هێلسێت.

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ باشە، جانتای سەفەرەکە.

هەردووکیان لەلای ڕاستەوە دەچنە دەرەوە.

## دیمەنی چوارەم

هۆڵی دانیشتنکەی روسمارشهۆڵم. ئێوارەیەکی درەنگە. چرا کڵاودارەکە، لەسەر مێزەکە داگیرساوە.

ڕیبەکە وێست بەتەنیشت مێزەکەوە وەستاوە و هەندێ شتی بچووك دەخاتە نێو جاناتای سەفەرکردنەکەیەوە. باڵا پۆشەکەی و شەپقەکەی و شاڵە چنراوە خورییە سپییەکەی داوە بەسەر پشتی قەنەفەکەدا. مەدام هێلسێت لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە

**مەدام هێلسێت** بەدنگی هێواش و لەسەرخۆ

بەڵێ، خاتوون، ئێستا هەموو شتەکان براونەتە دەرەوە. لە ڕاڕەوی موبەقەکەدا دانراون.

**ڕیبەکە**

چاکە. بە گالیسکەچییەکەش گوتراوە؟

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ، گالیسکە چییەکە دەپرسێ، کەی بە گالیسکەکەیەوە بێت.

**ڕیبەکە**

وابزانم، دەووروبەری کاتژمێر یانزە [ باشە]. پاپۆڕەکە نێوە شەو دەردەچێت.

**مەدام هێلسێت** کەمێك بە دوودڵییەوە

ئەی قەشە؟ ئەگەر تا ئەوکاتە نەگەڕایەوە؟

**ڕیبەکە**

لەگەڵ ئەوەشدا من هەر سەفەردەکەم. ئەگەر نەمبینی، دەتوانن پێی بڵێن، من نامەی بۆ دەنێرم. نامەیەکی دوور و درێژ. پێی بڵێ.

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ، ڕەنگە خۆ ئەوە شتێکی باش بێت – ئەوەی کە نامەی بۆ دەنووسن. بەڵام، خاتوونە بێچارەکەم – پێم باشە، هەوڵبدەن جارێکی دیکەش قسەی لەگەڵدا بکەن.

**ڕیبەکە**

ڕەنگە وا بکەم. یان ڕەنگە لەگەڵ ئەوەشدا نەیکەم.

**مەدام هێلسیت**

نەخێر – دەوەرە من ئائەمە بە چاوی خۆم ببینم - هەرگیز من بیرم لەمە نەکردبووە!

**ڕیبەکە**

ئەی بیرتان لەچی کردبووەوە، مەدام هێلسێت؟

**مەدام هێلسێت**

ئۆ، من بەڕاستی بیرمکردبووەوە، قەشە ڕوسمار جوامێرترێکە لەوەی کە دەبینرێت.

**ڕیبەکە**

جوامیرتر؟

**مەدام هێلسێت**

بەڵێ بەڕاستی وا دەڵێم.

**ڕیبەکە**

بەڵام، ئازیزم، مەبەستان چییە لەو قسەیە؟

**مەدام هێلسیت**

مەبەستم، ڕێك و ڕاست ئەوەیە، خاتوون. ئەو نەدەبوو، بەم شێوەیە لێی دەرچێت، نەخێر.

**ڕیبەکە** تەماشای دەکات

گوێبگرە، مەدام هێلسێت. ڕاست و دروست پێم بڵێ - ئێوە پێتانوایە من بۆ سەفەردەکەم؟

**مەدام هێلسێت**

ئەی خوایە گیان، ئاخر ئەوە پێویستە، خاتوون. ئۆ بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ! بەڵام بەڕاستی من پێموانییە، قەشە کارێکی باشی کرد بێت. مۆرتێنسگۆرد، ئەو بووراوە. چوونکە ئەو خانمەی ئەو دەیویست مێردی خۆی هەبوو. لەبەرئەوە ئەو دووانە نەیانتوانی ببنە هاوسەری یەکتری، ئەگەرچی زۆریشیان حەزدەکرد. بەڵام قەشە بۆ، هـم – هـم!

**ڕیبەکە** بە زەردەخەنەیەکی کەمە

ئایا لەبارەی من و قەشە ڕوسمارەوە ئێوە بیر لە شتێکی لەو جۆرە دەکەنەوە؟

**مەدام هێلسێت**

هەرگیز. مەبەستم، بەڵێ - پێش ئەمرۆ ئەو بیرەم نەبوو.

**ڕیبەکە**

بەڵام ئەمڕۆ [ئەو بیرەتان] هەیە -؟

**مەدام هێلسێت**

ئا - دوای ئەو هەموو شتە ناشرینەی، کە خەڵك دەڵێن لەبارەی قەشەوە لە ڕۆژنامەکاندا دەنووسرێن، بەڵێ –

**ڕیبەکە**

ئەها!

**مەدام هێلسێت**

چوونکە ڕای من ئەوەیە، ئەو پیاوەی، دەچێتە سەر دینی مۆرتێنسگۆرد، ئەو پیاوە، بەڕاستی، هەرچییەك بێت دەتوانیت متمانەی پێبکەیت.

**ڕیبەکە**

ئا بەڵێ، ئەوە وایە. بەڵام ئەی من؟ ئێوە لەبارەی منەوە چی دەڵێن؟

**مەدام هێلسێت**

خاتوون، خوا پەنامان بدات - لەبارەی ئێوەوە من هێچ شتێکی وام نییە بیڵێم. پێموایە، ڕەنگە هێندە باش نەبێت بۆ ئافرەتێکی تەنیا، کە دژی بووەستێتەوە. – ئێمە هەموومان مرۆڤین، وێست خاتوون.

**ڕیبەکە**

ئەوە قسەیەکی ڕاستە، مەدام هێلسێت. ئێمە هەمووومان مرۆڤین. – ئەوە گوێ لە چی دەگریت؟

**مەدام هێلسێت** بەهێواشی

ئۆ خوای گەورە - وابزانم ڕێک ئەوا ئێستا ئەو هاتەوە.

**ڕیبەکە** ڕادەچلەکێ

ئێ ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا -! (بڕیار دەرانە) ئێ بەڵێ. با بێت.

یۆهانس ڕوسمار لە دەرگای هۆڵەکەوە دێتە ژوورەوە.

**ڕوسمار** جانتای سەفەرکردنەکە دەبینێت، ڕوودەکاتە ڕیبەکە و دەپرسێ

ئەمە مانای چی؟

**ڕیبەکە**

سەفەردەکەم.

**ڕوسمار**

هەر ئێستا؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ. (ڕوو دەکاتە مەدام هێلسێت) کەواتە کاتژمێر یانزە.

**مەدام هێلسێت**

زۆر باشە، خاتوون.

مەدام هێلسێت لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە.

**ڕوسمار** دوای کەمێك

دەڕۆیت بۆ کوێ، ڕیبەکە؟

**ڕیبەکە**

بە پاپۆڕەکە دەڕۆم بەرەو باکور.

**ڕوسمار**

بەرەو باکور؟ چی دەکەیت لە باکور؟

**ڕیبەکە**

ئێ من خۆم خەڵکی ئەوێم.

**ڕوسمار**

بەڵام ئێستا تۆ لەوێ هیچ کارێکت نییە.

**ڕیبەکە**

لیرەش هیچم نییە.

**ڕوسمار**

بیر لە چی دەکیتەوە بیکەیت؟

**ڕیبەکە**

نازانم. دەمەوێت تەنها کۆتایی پێ بێت.

**ڕوسمار**

کۆتای پێ بێت؟

**ڕیبەکە**

ڕوسمارشهۆڵم تێکی شکاندم.

**ڕوسمار** بەگرنگی پێدانەوە

بەڕاستە؟

**ڕیبەکە**

تێکوپێکی شکاندم. – من ئیرادەیەکی زۆر تەندروست و ئازام هەبوو، ئەوکاتەی هاتم بۆ ئێرە. ئێستا کەوتوومەتە ژێر یاسایەکی نامۆوە. – لە مرۆ بەدواوە لەوباوەڕەدا نیم، بتوانم بوێرم هیچ شتێك بکەم.

**ڕوسمار**

بۆچی نا؟ ئەو یاسایە کامەیە، تۆ باسی دەکەیت؟

**ڕیبەکە**

لێگەڕێ ئازیزم، با باسی ئەوە نەکەین ئێستا. – نێوانی تۆ و بەڕیوبەر چۆن کەوتەوە؟

**ڕوسمار**

ئاشت بووینەوە.

**ڕیبەکە**

بەڵێ ئاوها. کەواتە وای لێهات.

**ڕوسمار**

ئەو هەموو هاوڕێ دێرینەکانمانی لەلای خۆی کۆکردەوە. ئەوان بۆیان ڕوونکردمەوە کە کارکردن لەسەر چۆنێتی بەڕەسەنکردنی هزر – ئەوە بە هیچ شێوەیەك بۆ من نابێت. – ئینجا ئەوەش کارێکە هیچ ئومێدێکی تێدانییە . – بۆیە من وازی لێدە هێنم.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، بەڵێ - ڕەنگە ئەوها باشتر بێت.

**ڕوسمار**

تۆش هەروا دەڵییت ئێستا؟ هەر ئەو ڕایەت هەیە؟

**ڕیبەکە**

لەم چەند ڕۆژەی دوییدا منیش هاتوومەتە سەر ئەوباوەڕە.

**ڕوسمار**

تۆ درۆدەکەیت، ڕیبەکە.

**ڕیبەکە**

درۆ -!

**ڕوسمار**

بەڵێ، تۆ درۆدەکەیت. تۆ هەرگیز باوەڕت بە من نەبووە. هەرگیز باوەڕت نەبووە، من ئەو پیاوە بم کە هەتا گەیشتن بە سەرکەوتن خەبات بۆ ئەم پرسە بکەم.

**ڕیبەکە**

من پێموا بوو، ئێمە هەردووکمان پێکەوە ئەوە بکەین.

**ڕوسمار**

ئەوە ڕاست نییە. تۆ لەو باوەڕەدا بوویت، تۆ خۆت شتێکی گەورە لە ژیاندا بکەیت. وە منیش بۆ ئەوەی، دەتویست پێی بگەیت، بەکار بهێنیت. تۆ لەسەر ئەو باوەڕە بوویت، کە من لەخزمەتی ئامانجەکانی تۆدا بم.

**ڕیبەکە**

ڕوسمار گوێبگرە –

**ڕوسمار** به لەشگرانییەوە لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت

ئۆ لێیگەڕێ! من ئێستا سەروبەر هەموویم بۆ دەرکەوت. من وەک دەستکێشێك وابووم لە دەستەکانتا.

**ڕیبەکە**

گوێبگرە، ڕوسمار. با باسی ئەمە بکەین. ئەوە دەبێتە دواجار. (لەسەر کورسییەك بە تەنیشت قەنەفەکەوە دادەنیشێت) من بیرم لەوەکردبووەوە، کە لەبارەی هەموو ئەمەوە بۆت بنووسم - کاتێك کە دەگەیشتمە باکور. بەڵام باشترین شت ئەوەیە تۆ ئێستا یەکسەر بی بیستیت.

**ڕوسمار**

هێشتا شتی زیاتر ماوە ددانی پێدا بنێیت؟

**ڕیبەکە**

هێشتا ددان پێدانانە گەورەکەیان ماوە.

**ڕوسمار**

کام گەورەیە؟

**ڕیبەکە**

ئەوەی، کە تۆ هەرگیز بە بیرتدا نایەت. ئەو ددان پیادانانەی، کە هەم ڕووناکی و هەم سێبەریش دەخاتە سەر پاشماوەی ئەوەی ماوە.

**ڕوسمار** سەربادەدات

من هیچ لەمە تێناگەم.

**ڕیبەکە**

ئەوە زۆر ڕاستە کە من جارێك لە جاران تۆڕی خۆم هەڵدا بە مەبەستی مۆڵەت بەدەست هێنان بۆ هاتنە نێو مەزرای ڕوسمارشهۆڵم. چوونکە بەلای منەوە ئەوها بوو، کە بێگومان من لیرە دەمتوانی بە خۆشحاڵی بگەم. بە هەر شێوەیەك بێت - تێدەگەیت.

**ڕوسمار**

ئینجا ئەوەتکرد – ئەوەی، کە خۆت دەتویست.

**ڕیبەکە**

پێموایە، ئەوکاتە – من دەمتوانی هەموو شتێك ئەنجام بدەم، هەموو شتێك – چوونکە ئەوکاتە من هێشتا خاوەنی ئیرادەی بەجەرگ و ئازاد بووم. گوێم بە هیچ نەدەدا. هیچ بەربەستێك لە ڕێگادا نەبوو. – وەلێ پاشان سەرەتاکەی ئەوە دیاریدا، ئەوەی ئیرادەی منی تێکشکاند و – زۆر غەمبارانە بۆ تەواوی ژیانم ترساندمی.

**ڕوسمار**

چی دیاریدا؟ قسەبکە، با لێت تێبگەم.

**ڕیبەکە**

ئەوەم بۆ هات - ئەو ئارەزووە کێوییە جڵەونەگیراوە -. ئۆ، ڕوسمار-!

**ڕوسمار**

ئارەزوو؟ ها -! ئارەزووی چی؟

**ڕیبەکە**

ئارەزووی تۆ.

**ڕوسمار** دەخوازێ هەستێ

ئەمە چییە!

**ڕیبەکە** دەیگرێ

دانیشە، ئازیزم. هەرئێستا گوێت لە باقییەکەی دە بێت.

**ڕوسمار**

دەخوازیت بڵێیت – کە تۆ بەو شێوەیە خۆشت ویستووم!

**ڕیبەکە**

من پێموابوو، ئەوە دەبێت پێی بگوترێت خۆشەویستی – ئەوسا. پێموا بوو، ئەوە خۆشەویستی بوو. بەڵام وا نە بوو. ئەوە، وەکو دەڵێم، ئارەزوویەکی کێوی جڵەونەگیراو بوو.

**ڕوسمار** بە زەحمەتەوە

ڕیبەکە - بەڕاستی ئەوە تۆ خۆتیت - خودی – خۆت، ئاوها دانیشتویت و ئەم شتانە هەمووی لەبارەی خۆتەوە باس دەکەیت!

**ڕیبەکە**

بەلێ، پێت چۆنە. ڕوسمار!

**ڕوسمار**

لەم دەرئەنجامەوە و- لە ژێر کاریگەری ئەم هێزەدا بووە، کەوابوو تۆ – تۆ کە مامەڵتکردووە، وەکو خۆت دەڵێیت.

**ڕیبەکە**

ئەوە بەسەر سەری منەوە بوو وەک کەشوهەوا بەسەر دەریاوە. ئەوە وەک یەکیك لەو کەشە باوبۆراناوییە ناخۆشانە بوو، کە ئێمە لە باوکور لە زستانانندا هەمانە. کە یەکێک لەگەڵ خۆیدا وێڵ دەکات - و یەکێکیش دەبات - بۆ دوور دوور - بابزانیت. بیر لە بەرەنگاربوونەوە مەکەرەوە.

**ڕوسمار**

بەوشیوەیەی کە **بیاتە** کڵۆڵەکەی ڕامالّی بۆ نێو تاڤگەی ئاشەکە.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، چوونکە لەوکاتەدا لە نێوان من و بیاتەدا، لەسەرپشتی بەلەمەکە چەنگێک هەڵگیرسا.

**ڕوسمار**

بەڕاستی تۆ لە روسمارشهۆڵم بەهێزترین بوویت. هەم لە **بیاتە** و هەم لە منیش بەهێتر بوویت.

**ڕیبەکە**

من زۆر کەم تۆم دەناسی، دەمزانی - هیچ رێگەیەك بۆ  بە تۆ گویشتن نییە، پیش ئەوەی تۆ هەم لە باری پەیوەندی و- هەم لە باری هزریشەوە ئازاد کرێیت.

**ڕوسمار**

بەڵام من لە تۆ تێناگەم، ریبەکە. تۆ - تۆ خۆت - تەواوی ڕەفتارت بۆ من مەتەڵێکی نەزانراوە. خۆ ئێستا من ئازادم - هەم لەباری پەیوەندییەوە و هەم لەباری هزریشەوە. تۆ ئێستا تەواو گەیشتوویت بەو ئامانجەی، کە تۆ بۆ خۆت دیاریکرد بوو. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا -!

**ڕیبەکە**

من هەرگیز هێندەی ئێستا لە ئامانجەکەمەوە دوور نەبووم.

**ڕوسمار**

.کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، دەڵێم - دوێنێ کە پرسیارم لێ کردیت - داوم لێ کردیت: ببیتە هاوسەرم - وا لە ترساندا زریکاندت، وەك ئەوەی ئەو شتە هەرگیز شیاوی ڕوودان نەبێت.

**ڕیبەکە**

ئەوکاتە لە سەرلێ شێواویدا زریکاندم .

**ڕوسمار**

بۆچی؟

**ڕیبەکە**

لەبەرئەوەی ڕوسمارشهۆڵم هێز و دەسەڵاتی لێ دزیم. لێرە من ئیرادەی بەجەرگم سەرکوتکرا. ڕێی لێ گیرا! ئەوکاتە ئێدی بۆ من بەسەرچوو، ئەوکاتەی دەمتوانی بوێر بم بەرامبەر بە هەموو شتیك. ڕوسمار، من توانای مامەڵکردنم لە دەست داوە.

**ڕوسمار**

دە پێم بڵێ، ئاخر ئەمە چۆن ئاوهای لێهات.

**ڕیبەکە**

ئەمە لە ڕێگەی لەگەڵ تۆدا ژیان کردنەوە ئاوهای لێهات.

**ڕوسمار**

بەڵام چۆن؟ چۆن؟

**ڕیبەکە**

ئەوکاتەی من لێرە لەگەڵ تۆدا بە تەنیا مامەوە - و تۆش بوویت بە خۆت –

**ڕوسمار**

بەڵێ، بەڵێ؟

**ڕیبەکە**

. چوونکە ئەوکاتەی **بیاتە** لە ژیاندا بوو، تۆ هەرگیز تەواو خۆت نەبوویت –

**ڕوسمار**

بەداخەوە، تۆ ڕاست دەکەیت.

**ڕیبەکە**

بەڵام ئەوکاتەی ئێدی من لێرە لەگەڵ تۆدا ژیام - لە خامۆشیدا - لە تەنیاییدا - ئەوکاتەی تۆ بێ پارێز هەموو بیرۆکەکانی خۆت ڕادەست کردم – تەواوی ئەو مەزاجە، زۆر نەرم و زۆر جوانانەی، کە تۆ هەستت پێ دەکردن - ئەوسا گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوویدا. وردە وردە - تێگەیشتیت. تاڕادەیەك هەست پێنەکراو - وەلێ لە کۆتایدا، لە قوڵای مێشکمدا زۆر زاڵبوو.

**ڕوسمار**

ئۆ، بەڕاستی ئەمە چییە، ڕیبەکە!

**ڕیبەکە**

تەواوی شتەکانی دیکە – [بەهۆی] ئەم ئارەزووە هەست سڕکەرە ناشرینەوە، هێندە دوور کەوتەوە، هێندە لێم دوور کەوتەوە. هەموو ئەو دەسەڵاتە ووروژاوەم ئارام بووەوە و لە بێدەنگیدا جێگیر بوو. مێشک هیوربوونەوەیەک بەسەرمدا هات - خامۆشییەك، وەك ئەوەی کە لەلای ئێمە لە باکور بەسەر چیایی باڵندەکاندا[7] دێت لە کاتی ڕوودانی دیاردەی خۆری نیوەشەودا[8].

**ڕوسمار**

زیاتر لەوبارەیەوەم بۆ باسکە. هەموو، ئەوەی دەیزانیت باسیکە.

**ڕیبەکە**

---

[7] چیایی باڵندەکان: ئەو چیایانەن کە دەکەونە ناوچەی دوورگەی فارو، باکوری نەرویج، و سکۆتلەنداوە. لەوێدا هەندی باڵندەی زۆر دەگەمەن لە کنوو کەلەبەری ئەو چیایانەدا کە بەسەر دەریادا دەڕوانن، کۆڵۆنی خۆیان دروست دەکەن و دەژین دیارە بژیوی ئەو باڵندانەش لەسەر ڕاوە ماسییە. وەرگێر

[8] خۆری نیوەشەو، دیاردەیەکی سروشتییە بەهۆی تەوەرە لارەکەی زەوی و سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا ، لە چەند کاتێکی دیاریکراوی ساڵدا لە چەند ناوچەیەکی زەوی ڕوودەدات. وەرگێر

شتی زیاتر نییە، ئێدی. تەنها ئەوەیە کە پاشان خۆشەویستی لە مندا سەری هەڵدا. خۆشەویستیەکی بێهودە، کە لە پێکەوە ژیاندا ئاسوودە دەبێت، وەك ئەوەی لە نێوان ئێمەدا هەبوو.

**ڕوسمار**

ئاخ، ئەگەر من تەنها یەك زەڕەم لە هەموو ئەمە بزانیبایە!

**ڕیبەکە**

باشترە ئەوە چۆنە، هەر ئاوها بێت. دوێنێ - کە تۆ پرسیارت ئەوەت لێ کردم، ئایا دەخوازم ببمە هاوسەرت - ئەوکاتە بەهاوارێك شادیم گێڕا –

**ڕوسمار**

بەڵێ، وا نەبوو، ڕیبەکە! من پێموابوو، منیش هەروا تێگەیشتم.

**ڕیبەکە**

بۆ ساتەوەختێك، بەڵێ. لە خود لەبیرکردندا. چوونکە ئەوە خواستی ئیرادەی دێرینم بوو، کە دووبارە سەرقاڵی ئازادکردنی خود بوو. بەڵام ئەو [ئیرادەیە] ئێستا چیدی هیچ دەسەڵاتی نییە – [دەسەڵاتی] بۆ ماوەیەکی زۆر نییە.

**ڕوسمار**

ڕوونکردنەوەی تۆ بۆ ئەوەی بەسەرتا هاتووە چییە؟

**ڕیبەکە**

ئەوە ژیانبینی پشتاوپشتی ڕوسمارە یان بەهەرحاڵ ژیانبینی خودی تۆ خۆتە - کە ئیرادەی منی ئاڵودەکردووە.

**ڕوسمار**

ئاڵوودە بووە؟

**ڕیبەکە**

وە نەخۆشی خستووە. بە یاسا ئازادی لێ زەوتکردووە، ئەوە بۆ من لە پێشدا هەڵە نەبوو. ئینجا - پێکەوە ژیان لەگەڵ تۆدا - بیرو هۆشێکی ئەسڵزادانەی پێ بەخشیم.

**ڕوسمار**

ئۆ، بەڕاستی ناوێرم باوەڕ بەو قسەیەت بکەم!

**ڕیبەکە**

بێخەم باوەڕ بە قسەکەم بکە. ژیانبینی ڕوسماریانە ڕەسەنایەتی دەبەخشێت. بەڵام – (سەربادەدات) – بەڵام - بەڵام –

**ڕوسمار**

بەڵام؟ چی؟

**ڕیبەکە**

. بەڵام بەختەوەری لەناودەبات.

**ڕوسمار**

ئەوە بەڕاستە، ڕیبەکە؟

**ڕیبەکە**

بەلایانی کەمەوە بۆ من.

**ڕوسمار**

بەڵێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە تۆ ئەوە باش دەزانیت. ئەگەر ئێستا من دووبارە پرسیارت لێ بکەمەوە -؟ زۆر تکات لێ بکەم –

**ڕیبەکە**

ئای ئازیزەکەم - چیدی لەوە زیاتر باسی ئەم بابەتە مەکە! ئەوە شتێکی مەحاڵە -! بەڵێ، چوونکە پێویستە تۆ بزانیت، ڕوسمار، کە من ڕابردوویەکم لەدوای خۆمەوە هەیە.

**ڕوسمار**

زیاتر، لەوەی، کە باست کردووە؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ. شتی دیکە و شتی زیاتر.

**ڕوسمار** بە زەردەخەنیەکی کەمەوە

ئایا ئەوە سەیرنییە، ڕیبەکە؟ ئینجا بزانە، کە من جاروبار بیرێکی ئاوها بە مێشکمدا دەهات.

**ڕیبەکە**

بەڕاست! ئینجا هێشتاش -؟ لەگەڵ ئەوەشدا؟ -

**ڕوسمار**

من هەرگیز باوەڕم بەوە نەدەکرد. من تەنها یاریم پێ دەکرد - ئاوها هەر لە مێشکی خۆمدا، تێ دەگەیت.

**ڕیبەکە**

ئەگەر تۆ داوای ئەوەم لێ بکەیت، ئەوا هەر ئێستا ئەمەت پێ دەڵێم.

**ڕوسمار** بە ڕێگریکردنەوە

نەخێر، نەخێر! نامەوێ یەك وشەی لەوبارەیەوە بزانم. ئەوە هەر چییەك بێت - پاشان بیرچوونەوەم بۆی هەیە.

**ڕیبەکە**

بەڵام من نا.

**ڕوسمار**

ئۆ، ڕیبەکە -!

**ڕیبەکە**

بەڵێ، ئەی چۆن - ئەوە ترسناکە ئیتر، ئێستا، لەکاتێکدا کە هەموو خۆشبەختی ژیان بە دەستی پڕەوە پێشکەشم دەکرێت - ]کەچی] من ئێستا وام لێ هاتووە، ڕابردووی خۆم دەبێتە لەمپەر و ڕێم لێ دەگرێت.

**ڕوسمار**

ڕابردووت مردووە، ڕیبەکە. ڕابردووت چیدی هیچ دەستی بە تۆدا ڕاناگات - هیچ پەیوەندی بە تۆوە نییە - وەك، ئەوەی کە ئێستا هەیت.

**ڕیبەکە**

ئۆ، ئازیز، ئەوە هەر شێوەی قسەکردنە، ئیتر. ئەی لە تاوان ڕزگار بوون چی؟ ئەوە چۆن بەدەست بهێنم؟

**ڕوسمار** بە لەش گرانییەوە

بەڵێ، بەڵێ - لە [ لۆمەی] تاوان ڕەها بوون.

**ڕیبەکە**

لە تاوان ڕەهابوون، بەڵێ. لەوەدا خۆشبەختی و شادی هەیە. ئەوە ئێدی ئەو پەندەبوو، کە تۆ دەتویست لە هەموو ئەو ئەسڵزادە شادانەی ئایندەدا زیندووی بکەیتەوە –

**ڕوسمار**

ئۆ، ئەوەم بە بیر مەهێنەرەوە. ئەوە تەنها خەونێکی نیوە چڵ بوو، ڕیبەکە. بیرۆکەیەکی کتوپڕی جوان بیرلێ نەکراوە بوو، کە من خۆم چیدی باوەڕم پێی نییە. – مرۆڤ ڕێگە بە خۆی نادات لە دەرەوەی خۆی نەجیبزادەیی بۆ بێت.

**ڕیبەکە** بە هێواشی

تۆ پێتوانییە، هەتا لە ڕێگەی خۆشەویستی بێ دەنگیشەوە؟

**ڕوسمار** بیردەکاتەوە

بەڵێ - ئەوە ئێدی ئەو شتەیە، دەبێتە شتێکی گەورەتر. نایابترین شت تاڕادەیەك لە تەواوی ژیاندا، بەڕای من. – بەهەرحاڵ وابوو. ( لەنائارامیدا دەچەمێتەوە) بەڵام چۆن تەواو و ڕوون لە ئەو پرسیارە تێ بگەم؟ لە بنج و بناوانی تێ بگەم؟

**ڕیبەکە**

ڕوسمار، باوەڕم پێ ناکەیت؟

**ڕوسمار**

ئۆ، ڕیبەکە - من چۆن دەتوانم تەواو باوەڕ بە تۆ بکەم؟ بە تۆیەك، کە هەر لەگوتن نایەت چەندە زۆرت لێرە داپۆشیوە و شاردۆتەوە! – ئێستاش ئەم بابەتە تازەیە دەردەخەیت. ئەگەر مەبەستێکی شاراوە لەوەدا هەیە، ئەوا ڕێك و ڕاست بیڵێ. ئایا لەوەدا شتێك هەیە، کە ڕەنگبێ تۆ بخوازیت پێی بگەیت. من بە خۆشحاڵییەوە هەموو شتێکت بۆ دەکەم، ئەوەی بتوانم.

**ڕیبەکە** دەستەکانی هەڵدەگلۆفێ

ئای، لەو گومانە کوشندەیە-! ڕوسمار - ڕوسمار -!

**ڕوسمار**

بەڵێ، ئایا ئەوە ترسناك نییە، ها؟ بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا هیچم پێ ناکرێت. من هەرگیز لە گومانبردن ڕزگارم نابێت. هەرگیز لە پاکێتی خۆشەویستی تۆ دڵنیانیم.

**ڕیبەکە**

بەڵام ئایا شتێك نییە، لە قووڵایی ناخی تۆدا، شایەتحاڵی ئەوە بێت کە گۆڕانکارییەك لە مندا ڕوویداوە! ئەو گۆڕانکارییەش لە ڕێگەی تۆوە ڕوویداوە - تەنها لە ڕێگەی تۆوە.

**ڕوسمار**

ئۆ - من چیدی لە مرۆڤ گۆڕیندا باوەڕم بە توانام نییە. من چیدی لە هیچ بابەتێکدا باوەڕم بەخۆم نییە. نە باوەڕ بە خۆم دەکەم و نە بە تۆش.

**ڕیبەکە** بە مۆنییەوە تەماشای دەکات

ئەی چۆنچۆنی دەخوازیت ئیتر ژیان بگوزەرێنیت؟

**ڕوسمار**

بەڵێ، من خۆم لەوە تێناگەم. سەری لێ دەرناکەم. لەوباوەڕەدا نیم بتوانم ڕووبەڕووی ئەوە ببمەوە. – و هەروەها ئەو شتەش لە دنیادا نازانم [چییە]، کە بهێنێت لە پێناویدا بژیت.

**ڕیبەکە**

ئۆ ژیان - چێژی خۆی هەیە. با ئێمە پێیەوە پابەندبین، ئێمە. – لەکاتی خۆیدا لێی دەردەچین.

**ڕوسمار** نائارامانە بەرز دەبێتەوە

کەوابوو دووبارە باوەڕم پێ بدەرەوە! باوەڕ بە تۆ کردن، ڕیبەکە! باوەڕ بە خۆشەویستی تۆ کردن! بەڵگە! من بەڵگەم دەوێت!

**ڕیبەکە**

بەڵگە؟ من چۆن دەتوانم بەڵگەت بدەمێ -!

**ڕوسمار**

دەبێ [بەڵگەم] بدەیتێ! ( بەنێو ژوورەکەدا دێ و دەچێ) من ئەم قاتوقڕییە بارناکەم - ئەم بەتاڵییە ترسناکە - ئەم - ئەم –

توووند لە دەرگای هۆڵەکە دەدرێت

**ڕیبەکە** بەخێرایی لەسەر کورسییەکەی هەڵدەسێت

ئاهـ - گوێت لێ بوو!

دەرگاکە دەکرێتەوە. ئولریك برێندڵ دێتە ژوورەوە. بە کراسێکی مانشێت و باڵاپۆشێکی ڕەش و چەکمەیەکی باشەوە دێتە ژوورەوە. جگە لەوە هەر وەکو یەکمجار خۆی پۆشیوە. ناهاوسەنگ دیارە.

**ڕوسمار**

ئۆ، جەنابی برێندڵ، ئەوە ئێوەن!

**برێندڵ**

یۆهانس، کوڕی خۆم - هاتووم – ماڵئاوایت  لێ بکەم!

**ڕوسمار**

بەم درەنگانە بۆ کوێ دەچن؟

**برێندڵ**

بەرەوخوار.

**ڕوسمار**

چۆن -؟

**برێندڵ**

دەگەڕێمەوە بۆ شوێنی خۆم، قوتابییە بەنرخەکەم. دوای ئەو هیچە گەورەیە تاسەی ماڵەوەم کردووە.

**ڕوسمار**

شتێکتان لێ قەوماوە، جەنابی برێندڵ! چییە؟

**برێندڵ**

کەواتە تۆ تێبینی ئەو گۆڕانکارییە دەکەیت؟ بەڵێ - بێگومان دەبێت تێبینی بکەیت. دواجار کە من پێمنایە ئەم هۆڵەوە - ئەوکاتە من وەك پیاوێکی دەوڵەمەند خۆم پێشانی تۆ دا و کێشام بە گرفانەکەی سەر سنگمدا.

**ڕوسمار**

چۆن؟ زۆر تێ ناگەم –

**برێندڵ**

بەڵام ئاوها، وەکو تۆ لەم شەوەدا دەم بینیت، من پادشایەکی لێ کەوتووم لەسەر پاشماوەی کۆشکی سووتاوم.

**ڕوسمار**

ئەگەر شتێك هەبێت، کە من بتوانم یارمەتیتان بدەم –

**برێندڵ**

یۆهانس، تۆ ئاگاداری دڵەکەی منداڵیت کردووە. دەتوانیت شتێکم بە قەرز بدەیتێ؟

**ڕوسمار**

بەڵێ، بەڵێ، زۆر بە خۆشحاڵییەوە!

**برێندڵ**

دەتوانیت واز لە ئایدیاڵێك یان دووان بهێنیت؟

**ڕوسمار**

چی، دەڵێن چی؟

**برێندڵ**

یەك دوو ئایدیاڵ کە لە خۆت زیاد بێت و بەکاریان نەهێنیت. ئەوا کارێکی باش دەکەیت. چوونکە من ئێستا بەتاڵم، کوڕی خۆشەویستم. حەتاڵ و بەتاڵ.

**ڕیبەکە**

ئەی وانەکانتان ناڵێنەوە؟

**برێندڵ**

نەخێر، خانمی دڵکێش. پێتوایە چۆنە ئێدی! کاتێك من ئامادە وەستاوم ڕێک هەتا پیت و فەڕی خۆم بەتاڵ بکەمەوە، ئەو ئەزموونە تاڵە دەکەم، کە من مایەپوچ بووم.

**ڕیبەکە**

بەڵام ئەی هەموو بەرهەمە نەنووسراوەکانتان چی؟

**برێندڵ**

ماوەی بیست و پێنچ ساڵ دانیشتم، وەك چۆن پیسکەیەك لەسەر خەزنەی داخراوی پارەکانی دادەنیشێت. ئینجا دوێنێ - ئەوکاتەی ویستم خەزنەکە بکەمەوە و گەنجەکەی نێوی دەربهێنم - بینیم هیچی تێدا نەبوو. ددانەکانی ڕۆژگار هاڕی بوونی کردبوونی بە تۆز. تەواوی خەزنەکە هیچی تێدا نەبوو.

**ڕوسمار**

بەڵام ئایا ئێوە بە دڵنیاییەوە ئەوە دەزانن؟

**برێندڵ**

هیچ گوومانی تێدا نییە، دڵخوازەکەم. سەرۆک کۆمار قەناعەتی پێکردم.

**ڕوسمار**

سەرۆک کۆمار؟

**برێندڵ**

ئا بەڵێ - جەنابی وەزیر ئیتر. تەواو وەك خۆتان دەخوازن.

**ڕوسمار**

بەڵێ، بەڵام مەبەستان کێیە؟

**برێندڵ**

بێگومان مەبەستم پێتەر مۆرتێنسگۆردە.

**ڕوسمار**

کێ!

**برێندڵ** بە نهێنییەوە

وس، وس، وس! پێتەر مۆرتێنسگۆرد سەروەر و سەرۆکی ئایندەیە. من هەرگیز لە نزیك کەسێکی لەو گەورەتر و سەرنجڕاکێشترەوە نەبووم. پێتەر مۆرتێنسگۆرد توانای پەروەردگاری لە ناخدایە. دەتوانێت هەموو شتێك ئەنجامبدات، هەر چییەکی بوێت.

**ڕوسمار**

ئۆ باوەڕ مەکە.

**برێندڵ**

با، کوڕی خۆم! چوونکە پێتەر مۆرتێنسگۆرد هەرگیز لەوەزیاتر ناخوازێت، کە دەتوانێت. پێتەر مۆرتێنسگۆرد دەتوانێت بەبێ ئایدیاڵ ژیان بەسەر بەرێت. ئینجا ئەوەش - تۆ دەزانیت - دروست ئەوەش نهێنیە گەورەکەی مامەڵە و سەرکەوتنە. ئەوە کۆی هەموو پەندەکانی دنیایە. ببڕێتەوە!

**ڕوسمار** بە نزمی

ئێستا تێدەگەم - بۆ ئێوە لەوکاتەی کە هاتن، دەست بەتاڵانەتر ئێرە جێدەهێڵن.

**برێندڵ**

چاکە! کەواتە دووا وانە لە مامۆستا کۆنەکەت فێربە. هەموو ئەوەی کە ئەو لێرە لە ناخی تۆدا چەسپاندی بسڕەوە. قەڵاکەت لەسەر لمی ڕۆچوو دروست مەکە. ئاگاداری خۆت بە - هەوڵ بدە ڕێبازی دروستی خۆت بدۆزیتەوە - پێش ئەوەی بەهۆی ئەم ئافرندە شۆخەی، لێرە ژیانت شیرین دەکات، شتی نوێ بنیات بنێیت.

**ڕیبەکە**

مەبەستان منە؟

**برێندڵ**

بەڵێ، خانمی دەریا دڵکێشەکەم.

**ڕیبەکە**

بۆچی نابێ بە هۆی منەوە شتی نوێ بنیات بنێت؟

**برێندڵ** هەنگاوێك نزیکتر دەبێتەوە

من ڕێگەم بەخۆم داوە بڵێم، کە قوتابییەکەی پێشووم دۆزێکی پیرۆزی هەیە کە بەرەو سەرکەوتنی بەرێت.

**ڕیبەکە**

ئێ ئینجا -؟

**برێندڵ**

سەرکەوتنی مسۆگەرە. بەڵام - ئاگادار بە - بەمەرجێکی جێگیر و نەگۆڕ.

**ڕیبەکە**

چ مەرجێك؟

**برێندڵ** بە هێواشی مەچەکی دەگرێت

کە ئەو ئافرەتەی، ئەوی خۆش دەوێت، بچێتە موبەقەکە و بە خۆشحاڵییەوە پەنجە تووتەی جوانی سپی گوڵئاسای لێبکاتەوە - دروست لە جومگەی ناوەڕاستدا[9]. بەهەمان شێوەش ئەو ئافرەتە عاشقەی باسکرا – بەهەمان خۆشحاڵییەوە – گوێی چەپی لە شێوەدا هێجگار بێهاوتاشی دەبڕێت. (دەستی بەردەدات و ڕوودەکاتە ڕوسمار) خوات لەگەڵ، یۆهانسە سەرکەوتووەکەم.

**ڕوسمار**

دەخوازن هەر ئێستا بڕۆن؟ بەم تاریکە شەوە؟

**برێندڵ**

تاریکە شەو باشترینە. خواتان لەگەڵ.

دەڕوات.

ماوەیەك بێدەنگی لە هۆڵەکەدا.

**ڕیبەکە** بە توندی هەناسە دەدات

ئۆ، ئێرە چەند هەوای گەرم و خنکێنەرە!

دەچێتە لای پەنجەرەکەوە، دەیکاتەوە و لەوێدا دەوەستێت.

**ڕوسمار** لەسەر کورسییەک لەلای ئاگردانەکەوە دادەنیشێت.

هیچ چارێکی دیکە نییە، ڕیبەکە. من ئەوە دەبینم. تۆ دەبێت سەفەربکەیت.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، منیش هیچ بژاردەیەکی دیکە نابینم.

**ڕوسمار**

با چێژ لەم دوا ساتەوەختە وەرگرین. وەرە ئێرەوە و لەلای من دانیشە.

**ڕیبەکە** دەچێت لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت

چیت لێم دەوێت ئیتر، ڕوسمار؟

---

9 ئەم بابەتە پەیوەندی بە خورافاتی بڵاوی سەردەمانێکی زووەوە هەیە، گوایە شەیتان لە ڕێگەی پەنجە تووتە و گوێچکەی چەپەوە خۆی دەخزێنێتە نێو لەشی مرۆڤەکانەوە. وەرگێڕ

**ڕوسمار**

بۆ یەکەمجار ئێستا دەخوازم پێت بڵێم، پێویست ناکات تۆ نیگەرانی ئایندەت بیت.

**ڕیبەکە** زەردەخەنە دەیگرێ

هـم. ئایندەی من.

**ڕوسمار**

من پێشبینی هەموو ئەگەرەکانم کردووە. زۆر لە مێژە. هەرچێیەك ڕوویدات، مشووری ئاگا لەتۆ بوون خوراوە.

**ڕیبەکە**

ئەوەش، ئازیزەکەم.

**ڕوسمار**

تۆ خۆت دەبووایە ئەوەت بزانیبایە.

**ڕیبەکە**

کاتێکی زۆر بەسەر دواجاری بیرکردنەوەم لە شتێکی ئاوها تێپەڕیوە.

**ڕوسمار**

بەڵێ، بەڵێ. – ڕەنگە مەبەستی تۆ ئەوە بوو بێت ، کە هەرگیز لە نێوان ئێمەدا لەوەی کە هەبووە، جیاوازتر نابێت.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، من پێموا بوو.

**ڕوسمار**

هەروەها منیش. بەڵام ئەگەر من ئێستا نەمام –

**ڕیبەکە**

ئۆ، ڕوسمار - تۆ لە من زیاتر دەژیت.

**ڕوسمار**

ئەو ژیانە نالەبارە ئێدی بەڕیوەبردنی لە ژێر دەسەڵاتی خۆمدایە.

**ڕیبەکە**

ئەمە چییە! خۆناشێ  تۆ هەرگیز بیر لەوە بکەیتەوە کە -!

**ڕوسمار**

تۆ پێتوایە کە ئەوە هێندە سەیر بێت؟ دوای ئەو شکستە پڕ ناڵە و خەمەی کە تووشی بووم! من، کە دەمویست دۆزەکەی ژیانم بەرەو سەرکەوتن بەرم -. کەچی لەهەمووی هەڵهاتم - پێش ئەوەی هێشتا جەنگەکە بەڕاستی دەستی پێ کرد بێت!

**ڕیبەکە**

دووبارە دەست بە جەنگ بکەرەوە، ڕوسمار! هەوڵبدە - ئەوسا دەبینیت، سەردەکەویت. تۆ سەدەها [کەس] ڕەسەنزادە دەکەیت - تۆ هەزارەها هزر و مێشك نەجیب دەکەیت. تەنها هەوڵبدە!

**ڕوسمار**

ئۆ، ڕیبەکە - من، کە چیدی باوەڕم بە دۆزەکەی ژیانی خۆم نییە.

**ڕیبەکە**

بەڵام دۆزەکەی ئیوە خۆ لە تاقیکردنەوەکەیدا دەرچووە. لایەنی کەم تۆ کەسێکت ئەسڵزادە کردووە. ئەوەش من، هەتا لە ژیاندا بم.

**ڕوسمار**

بەڵێ، ئەگەر من بمتوانیایە لەمەدا باوەڕت پێ بکەم.

**ڕیبەکە** دەستەکانی هەڵدەگۆڤێت

ئۆ بەڵام، ڕوسمار - هیچ شتێك شك نابەیت - هیچ شتێك، باوەڕت بەوە پێ بهێنێت؟

**ڕوسمار** بە لە ترسا ڕاچڵەکێنێکەوە

مەچۆرە نێو ئەم بابەتەوە! نزیکتر مەبەرەوە، ڕیبەکە! تاکە وشەیەکی زیاتر لەوبارەیەوە مەڵێ!

**ڕیبەکە**

با، دروست ئەم [باسە] دەبێت بچینە نێوییەوە. تۆ شتێك دەزانیت، کە ڕێ لەسەرهەڵدانی ئەو گومانە بگرێت؟ چوونکە من هیچ شتێك لە دنیادا نازانم.

**ڕوسمار**

بۆ خۆت باشترە کە تۆ ئەوە نازانیت. – بۆ ئێمە هەردووکمان باشترە.

**ڕیبەکە**

نەخێر، نەخێر، نەخێر - ئەمە ئارامیم پێ نابەخشێت! ئەگەر شتێك شك دەبەیت، کە لە پێش چاوی تۆدا بێتاوانی من پێشان بدات، ئەوا من وەك مافی خۆم داوادەکەم، تۆ باسی بکەیت.

**ڕوسمار** وەك ئەوەی ناڕاستەوخۆ دژ بە ئیرادەی خۆی بجوڵێتەوە

کەواتە با سەیرکەین. تۆ دەڵییت، خۆشەویستیەکی گەورە لە ناخی تۆدا هەیە. دەڵێیت لە ڕێگەی منەوە هزر و ئاوەزت نەجیبزادە بووە. وایە؟ ئایا تۆ ڕاست ئەو شتانەت حسابکردووە؟ سەیرێکی حسابەکە بکەینەوە؟ ها؟

**ڕیبەکە**

من ئامادەم.

**ڕوسمار**

هەچ کاتێك بێت؟

**ڕیبەکە**

هەچ کاتێك بێت، هەتا زووتر باشتر.

**ڕوسمار**

کەواتە ئادەی با سەیرکەم، ڕیبەکە - ئایا تۆ - لە پێناوی مندا - هێشتا لەم ئێوارەیەدا. – (قسەکەی دەبڕێت) ئۆ نەخێر، نەخێر، نەخێر!

**ڕیبەکە**

با، ڕوسمار! با، با! بیڵێ، ئینجا ئەوسا دەبینیت.

**ڕوسمار**

ئایا تۆ بوێری ئەوت هەیە - ئامادەیت - بە خۆشحاڵییەوە، وەکو ئولریك برێندڵ گوتی - لە پێناوی مندا، ئێستا ئەم شەو - بە خۆشحاڵییەوە - هەمان ڕێگە بگریتە بەر - کە **بیاتە** گرتییە بەر؟

**ڕیبەکە** هێواش لەسەر قەنەفەکە بەرز دەبێتەوە و پەشۆکاوانە دەڵێت

ڕوسمار -!

**ڕوسمار**

بەڵێ، تۆ - ئەوە ئەم پرسیارەیە، کە من هەرگیز لێێ ڕزگارم نابێت - کاتێك کە تۆ سەفەرت کردووە. هەموو سەری سەعاتێك لە ڕۆژدا دەگەڕێمەوە سەر هەمان ئەم پرسیارە. ئۆ، من پێموایە، لەبەرچاومە تۆ بە ڕوونی دەبینم. لەسەر پردە دارینەکە وەستاویت. لە نێوە ڕاستیدا. ئێستا خۆت بەرەو پێشەوە بەسەر مێردڕەوەکەدا دەچەمێنیتەوە! لە ڕاکێشانێکدا بەرەو تاڤگەکە سەرت گێژدەخوات! نەخێر. لەوێدا لا دەچیت. ئەوەی ئەو وێرای بیکات - تۆ ناوێریت.

**ڕیبەکە**

بەڵام ئەی ئەگەر من ئێستا ئەو ئازایەتیە و ئەو ئیرادە شادەم هەبێت؟ ئەی ئەوسا چی؟

**ڕوسمار**

ئەوا دەبێت من ئێدی باوەڕت پێ بکەم. ئەوا دەبێت من دووبارە ئیتر باوەڕ بە دۆزکەی ژیانم بکەمەوە. باوەڕ بە توانای خۆم بۆ ڕەسەنایەتی بەخشین بە دیدوبۆچوونی مرۆڤ. باوەڕ بە توانای دیدوبۆچوونی مرۆڤ کە دەکرێت ڕەسەن بکرێت.

**ڕیبەکە** لەسەرخۆ شاڵەکەی هەڵدەگرێت و دەیدات بەسەریدا و بەدان بەخۆدا ڕاگرتنەوە دەڵێت

تۆ ئەوسا دووبارە باوەڕت بۆ دەگەڕێتەوە.

**ڕوسمار**

ئایا تۆ ئازایەتی و ئیرادەی کردنی ئەمەت هەیە، ڕیبەکە؟

**ڕیبەکە**

ئەوە تۆ سبەینێ بڕیاری لەسەر بدە - یان دوایی - کاتێك دەرم دەهێننەوە.

**ڕوسمار** نێوچەوانی خۆی دەگرێت

مەترسییەکی سەرنجڕاکێش لەمەدا هەیە -!

**ڕیبەکە**

چوونکە من ناخوازم زۆر لەوێدا بمێنمەوە. زیاد لە پێویست نا. دەبێت مشووری دۆزینەوەم بخورێت.

**ڕوسمار** بەرزدەبێتەوە

بەڵام ئەمە هەمووی - شێتییە. بڕۆ سەفەربکە - یان بمێنەرەوە! من ئەمجارەش باوەڕ بە قسەکانت دەکەم.

**ڕیبەکە**

قسەی بێ بنەما، ڕوسمار. دووبارە ترسنۆکی و هەڵهاتن نا! دوای ڕۆژێکی وەك ئەمە تۆ چۆن دەتوانیت باوەڕ بە قسەکانم بکەیت؟

**ڕوسمار**

بەڵام من نامەوێت شکەستی تۆ ببینم، ڕیبەکە!

**ڕیبەکە**

هیچ شکەستێك ڕوونادات.

**ڕوسمار**

ڕوودەدات. تۆ هەرگیز هزری ئەوەت نییە ڕێگەی **بیاتە** بگریت.

**ڕیبەکە**

باوەڕ ناکەیت؟

**ڕوسمار**

هەرگیز. تۆ وەکو بیاتە نیت. تۆ لە ژێر دەسەڵاتی ژیانبینیەکی پێچخواردوودا نیت.

**ڕیبەکە**

بەڵام من لە ژێر ئەو ژیانبینیە روسمارشهۆڵمیەدام – ئێستا. چ یاسایەکم شکاندووە - دەبێت بگوترێت، کە من، من سزاکەی هەڵدەگرم.

**ڕوسمار** زەق تەماشای دەکات

کەواتە تۆ لەو شوێنە دایت؟

**ڕیبەکە**

بەڵێ.

**ڕوسمار** بڕیاردەرانە

ئێ باشە. کەواتە من لە ژێر دنیابینی ئازادی خوازانەی [نوێ] خۆماندام، ڕیبەکە. ئێستا هیچ دادوەرێکی [دەرەکی]مان بە سەرەوە نییە. ئینجا لەبەرئەوە با بزانین ئایا ئێمە خۆمان دادپەروەری ڕەچاو دەکەین.

**ڕیبەکە** بەهەڵە لێی تێدەگات

ئەوەش. ئینجا ئەوەش. [واتە] فەوتانی من دەبێتە مایەی بەهاناوە چوونی باشتر لە ناخی تۆدا.

**ڕوسمار**

ئۆ، لە ناخی مندا چیدی هیچ نەماوە بۆ بەهاناوە چوون.

**ڕیبەکە**

ماوە. بەڵام من - لەمڕۆ بەدواوە دەمەوێت تەنها وەك خێوێکی دەریا بم، کە لەوێدا ڕادەوەستێ و ئەو کەشتیانە لە کاردەخات کە تۆ بەرەو پیشەوە دەیان ئاژوویت. من دەبێ سوار بم. یان ڕەنگە من لێرە لە دنیادا بێم و بچم و لەسەر ژیانێکی پەککەوتە بەردەوام بم. لەسەر خۆشبەختیەك هەڵنیشم و بیربکەمەوە، کە ڕابردووم بەفیڕۆی داوە؟ من پێویستە لەو گەمەیە بچمە دەرەوە، ڕوسمار.

**ڕوسمار**

ئەگەر تۆ بڕۆیت - ئەوا منیش لەگەڵت دێم.

**ڕیبەکە** بە شیوەیەکی هەستپێنەکراو زەردەخەنە دەیگرێت، تەماشای دەکات و هێواش دەڵێت

بەڵێ، وەرە لەگەڵم - و ببە بە گەواهیدەر –

**ڕوسمار**

دەڵێم، منیش لەگەڵت دێم.

**ڕیبەکە**

بۆ سەر پردە دارینەکە، بەڵێ. تۆ هەرگیز زاتی چوونە سەر ئەوێت نییە.

**ڕوسمار**

تۆ تێبینی ئەوەت کردووە؟

**ڕیبەکە** قورس و تێکشکاو

بەڵێ. – ئەوەی خۆشەویستیی منی بێ هیواکرد، ئەوە بوو.

**ڕوسمار**

ڕیبەکە - من ئێستا دەستم دەخەمە سەر سەرت. (وا دەکات) وە وەک هاوسەری شەرعی خۆم مارەت دەکەم.

**ڕیبەکە** هەر دوو دەستی دەگرێت و سەر دەخاتە سەر سنگی

سوپاس، ڕوسمار. (بەرەڵای دەکات) ئێستا دەڕۆم – بە خۆشحاڵییەوە.

**ڕوسمار**

ژن و میرد دەبێت یاوەری یەکتری بکەن.

**ڕیبەکە**

هەتا سەر پردەکە، ڕوسمار.

**ڕوسمار**

لەوێش زیاتر. تا ئەو جێی تۆ بۆی دەچیت - هەتا بۆ ئەوێش دێم لە گەڵت. چوونکە من ئێستا زاتی ئەوەم هەیە.

**ڕیبەکە**

ئایا تۆ ڕاستگۆیانە بەدڵنیاییەوە دەزانیت – کە ئەم ڕێگایە باشترین ڕێگایە بۆ تۆ؟

**ڕوسمار**

دەزانم، کە ئەوە تاکە ڕێگایە.

**ڕیبەکە**

ئەی ئەگەر تۆ لەوەدا خۆت فریودا؟ ئەگەر ئەوە هەر تەنها وەهمێك بوو؟ یەکێك لە ئەسپە سپییەکانی ڕوسمارشهۆلم بوو.

**ڕوسمار**

دەکرێت وا بیت. چوونکە ئێمە – لێرە، لەم مەزرایە، واز لەوان ناهێنین.

**ڕیبەکە**

کەواتە وەرە، ڕوسمار!

**ڕوسمار**

پیاو دەبێت دوای ژنی خۆی بکەوێت، وەك چۆن ژنیش دوای پیاوی خۆی.

**ڕیبەکە**

بەڵێ، پێشەکی پێم بڵێ. ئایا ئەوە تۆیت کە دوای من دەکەویت؟ یان منم، کە دوای تۆ دەکەوم؟

**ڕوسمار**

هەرگیز بە بیرکردنەوەی قووڵ و درێژخایەن ناگەینە ئەنجام.

**ڕیبەکە**

من حەزم دەکرد ئەوە بزانم.

**ڕوسمار**

ئێمە هەردووکمان یاوەری یەکدی دەکەین، ڕیبەکە. من و تۆ و تۆ و من.

**ڕیبەکە**

منیش تارادەیەك لەوباوەڕەدام.

**ڕوسمار**

چوونکە ئێستا ئێمە هەردووکمان یەکین.

**ڕیبەکە**

بەڵێ. ئێمە ئیستا یەکین. وەرە! با خۆشحاڵانە بڕۆین.

لەدەرگای هۆڵەکەوە دەست لە نێو دەست دەڕۆنە دەرەوە و بەلای چەپدا لا دەدەن. دەرگاکەش لەدوایانەوە بەکراوەیی دەمێنێتەوە.

هۆڵەکە ماوەیەك بە چۆڵی دەمێنێتەوە. ئینجا مەدام هێلسێت دەرگاکەی لای ڕاست دەکاتەوە.

**مەدام هێلسێت**

خاتوون - گالیسکەکە ئێستا – (سەیری دەورووبەری خۆی دەکات) لە ژوورەوە نییە؟ پێکەوە لەدەرەوەن بەم وەختانە؟ ئێ دەی - دەبێ بڵێم -! هـەم! (دەچێتە ڕاڕەوی پێش هۆڵەکەوە، تەماشای دەکات و دووبارە دێتەوە ژوورەوە) لەسەر کورسیی باخچەکەش نییە. ئۆ نەخێر، نەخێر. ( دەچێتە لای پەنجەرەکەوە و تەماشای دەرەوە دەکات) خوایە گیان! لەو شتە سپییە لەوێدا -! – بەڵێ، بە گیانی خۆم هەردووکیان لەسەر پردە دارینەکە وەستاون! خوا گوناهباران بگرێ! ئەرێ ئەوە باوەش بەیەکتریدا ناکەن! ( بەدەنگی بەرز دەقیژێنێت) ئۆهـ - ئەوە خۆ خۆیان هەڵدا – هەردووکیان! بۆ نێو تاڤگەکە، خوایە هاوار! هاوار! ( ئەژنۆکانی دەلەرزێن، خۆی بە پشتی کورسییەکەوە دەگرێت و بە حاڵ قسەی بۆ دەکرێت) نەخێر، هیچ یارمەتیەك نییە. – خانمی خوالێخۆشبوو ئەوانیشی برد.

هاودەم ساڵح جاف

13.12.2024

Oslo